# دەربار

خوسرەو جاف

٣

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# دەربار

خوسرەو جاف

بەرگی سێیەم

ناوی کتێب: دەربار – بەرگی سێیەم
نووسینی: خوسرەو جاف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٥٥
نووسیاری – تحریر: فەخرەدین ئامێدیان
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

٢٥

ئەوەسا هات.

بۆچی دەتوانێ نەیەت؟ ئا تۆ سەیرم کە چ قەفەسێکی زێڕینی بۆ بسازیەنم و بیکەمە کەوێ ڕاو و شەو و ڕۆژ تیادا بخوێنێت. بڕۆ پێشەوە و لەلایا ڕایگرە. لامەسەب! ئەرژەنگ ماشینی خستە گەڕ و لە پێش ژیلادا ڕایگرت. میهرداد لە پێشەوە دانیشتبوو، دەستی درێژکرد بۆ دەرگای دوا و کردیەوە. ژیلا سواربوو. کەوتنەڕێ.

– ئێ جوانکیلە! دەنگوباسی کۆلێژەکەتان لە چیدایە، نایەیت؟ لەگەڵ میهران خانا گەیشتنە کوێ؟

ژیلا بێ دەنگ و ئارام دەینواڕییە شەقاما، وەڵامی میهردادی نەدایەوە. میهرداد دای بەسەر چۆکیدا و وتی:

– لەگەڵ تۆمە؟

– چیت وت؟

– وتم لەگەڵ میهران خانا هەروا ڕێکن؟

– جا ئێوە لە ژیانا هیچتان بۆ من هێڵاوەتەوە. تا فکر لە ڕێکوپێکی بکەمەوە.؟ خوا بکا وڵات بەردی بەسەر بەردەوە نەمێنێت:

کە من دیم خوسرەو خوێن وەبەرگەوە
ئیتر نیم وە تەنگ سزای مەرگەوە

– کچەتیو! ئاگاداری زمانت بە! دوایی لە بنا دەیبڕم. من شیعر و

میعر ناڕواتە گوێما.

ئەگەر تۆزکاڵێک مەردانەگیت تیادا بێت دەیبڕی؛ ئەمما. حەیف! مەردی و مەردانەگی شتێک نییە لە بازاڕا بیکڕن. میهرداد چەرخایەوە زللەیەکی مالّی بەڕوومەتی ژیلادا. زلّفی تۆپەڵکراوی پشتی سەری پەخش بوویەوە. زارزار گریا.

ئەرژەنگ ژەندییە میهردادەوە:

– لەسەر خۆت.

ژیلا بەدەم گریانەوە وتی:

– نامەرد! تۆ من بەداروبەرد دەزانی؟ لەپڕ لە دواوە چنگی خستە سەر و پرچی میهرداد و بەگریانەوە دەیوت دڕندە! خوێنخوار! مەگەر مرۆڤ چەندجار دەمرێت.. میهرداد دەیویست سەرو پرچی لە چنگی وەدەر بهێنێ.. ئەرژەنگ لە تاوا ماشینەکەی بەلای چەپ و بەلای ڕاستا بردو هێنایەوە، ژیلایش وەک دەڵەشێرێکی بەچکە خوراو پرچی میهردادی گرتبوو ڕایدەکێشا و لەگەڵیدا دەشگریاو دەیقیژاند. ئەرژەنگ لە کەناری شەقاما ماشینی ڕاگرت و دەرگای دوای کردەوە. لە پشتەوە ژیلای گرت و ڕایکێشایە دەرەوە. سەری میهرداد دەستی ژیلای پێوە چەسپابوو، بەری نەدەدا. ئەرژەنگ پشتی بەردا و بەتەواوی هێزی دوو دەستی ژیلای گرت و سەری میهردادی لە نێو چنگی ژیلادا ڕزگار کرد. سەرومۆقلی میهردا لەیەک دوو لاوە نینۆکی ژیلای وەبەر کەوتبوو. هەر سەری ڕزگار بوو دەرگای کردەوە بەنەڕە نەڕەوە پەلاماری ژیلای دا. سۆزانی هەتیوەل گاو، وەک سەگ دەتتۆپێنم. ئەرژەنگ توند توند باوشی بەمیهردادا کردبوو دەیوت:

– وەختی ئەمانە نییە.. سەرشەقامە، ئاوڕوومان دەڕوا.

– نا دەیکوژم.

– زاڵو سفەت. دەی ئەگەر پیاوی وەرەو بمکوژە.

ئەرژەنگ میهردادی بەرنەدا و دەیوت:

– سبەی وەڵامی ئاغای مەنسووری چی بدەینەوە. ئەوسا خەڵکمان لێ کۆبووەتەوە؟

– لە گۆڕی بابی خەڵک بەم. ئەو کاوڕانەو. کەوشەکانم. یەکێک لە ڕاوسەتاوەکان بەگاڵتە و لاقرتیەوە وتی:

– بەری دە ناسکەم مەردانەگی و پیاوەتی. سەیر سەیر خۆی بەسەر چیدا ڕادەوەشێنێت!

میهرداد ڕوو بەکابرا نەڕاندی و وتی:

– بەتۆ چی خوێڕی! قورمساغ!

– قورمساغی ئەسڵی تۆ و بابتە. فەرموو وەرە پێشەوە. بەری دە بزانە چۆن بۆ تیرەو تایفەی ژێری دەکەم. ئا تۆ بەری دە بابێت؟

ئەرژەنگ ڕوو بەکابرا و خەڵکەکە وتی:

– بەئێوە چی ئەمانە ژن و مێردن. ژن و مێردتان نەدیوە بەشەڕ بێن؟

بە هێواشیش بەمیهردادی وت:

– چاکت کرد و؟ سوار بە بڕۆین منداڵ بازی بەسە. تا دەبوو خەڵکەکە زۆرتر دەبوو. بەریدە بەریدە لە ناویانا دەبیسرا. کابرای یەکەم دەست بەردار نەدەبوو. ڕوو بەمیهرداد: ها نامەرد نەهاتیتە پێشەوە؟ تف لە غیرەتت.

ئەرژەنگ بەتوندی ژەندییە میهردادەوە:

– باشت کرد..؟

ژیلایش لە جنێودان کەوتبوو. میهردادیش ساردبووبوویەوە ئەرژەنگ دەرگای کردەوە میهردادی سوار کرد و دەرگای دوایشی بۆ ژیلا کردەوە و سوار بوو. ماشێنی بەڕێ کەوت. نێو ماشێن کش و مات.. گورە گورەکەی زۆرتر دەبیسرا هەر یەکە بەجۆرێ تێدەفکراو. بیری یەکتریان دەخوێندەوە.

لە پڕ میهرداد قیڕاندی:

– ئامن ئەمەم؟

ئەرژەنگ بەتووڕەبوونەوە وتی:

– تۆ چیت؟

– وتم ئەمەم، ئەم سەڵیتەیە. نابێت لە قسەم دەرچیت وەئیلا چی پێشەی هەیە دەیشکێنم.

ژیلا تەواوی بیر و فکری خۆی کردبوویەوە، دەیزانی خراوەتە داوێکەوە ڕزگاری بۆی بووە بەخەو و خەیاڵ. شتێکی تری واشی نەماوە لە دەستیدا لە پڕ قیژاندی:

– هەی جیکێش، نامەرد لە خۆت ناپرسیت ئیتر بۆ بترسم؟ بۆچی کەنیزم، تاوام لەگەڵا بجووڵێیتەوە؟

– تۆ نازانی ناوی من خاقانە و هەر خاقانێکیش سەدان کەنیزی هەیە و. تۆیش یەکێکی لە کەنیزەکانم؟

– گووت خواردووە، پێت وایە هیچم لە دەست نایە و دەنگم بەهیچ کوێ ناگا. گەوجی و. بابتیش گەوجە؟ خۆ هیچ نەتوانم بکەم، دەتوانم خۆم بکوژم.

– نافەرمووی خانم چی لەدەست دێ؟ پێت وایە سبەی گوزەرنامە وەردەگریت، فرڕڕ دەفڕیت و لە ئێران دەڕۆی؟ هەی تڕرر. ناوت لە

لیستەی ڕەشدایە و قەدەغەکراوی لە وڵات وەدەرچی. ئەگەر وا دەزانی دەتوانی خۆت بشاریتەوە بۆ ئێمە ئێران وەک ناو لەپمانە. ناڵێی دەنگت بەکوێنە دەگا؟

- ئەوەندە بەبێ دەسەڵات و بێچارەم مەزانن؟ تازە کاری گەورە هەر لەوانە دەوەشێتەوە کە ناچارن. لەمانەش گوزەشتە تا ئێستا نازانم چیتان لەمن دەوێ؟ واتان بەسەردا هێنام، هێناتان. یا دوای ئەوە چ داوایەکتان لە من هەیە و دەتانەوێ چیتان بۆ بکەم؟

ئەرژەنگ ئەوەی بەهەل زانی تا هەراکە کەم کاتەوە، هەمووان بێنەوە مایە و بەتەواوی هێمن بنەوە وتی:

- ئێمە بەچاکی دەزانین چیمان لە تۆ دەوێ؛ لە کاتی خۆیدا بەوردی پێت ڕادەگەیەنین. باوەڕ بکە میهرداد کوڕی باشە. عەیبێکی هەیە تۆزێک تووڕە و جنگەڵ بوزە. ئەوەش خراوی ئەو ناگەیەنێت هەر وەک منداڵێکی گەورە وایە، لە دوایشدا بۆت دەردەکەوێ. گەیشتبوونە عەباس ئاباد. ئەرژەنگ لای کردە لای ژیلاوە وتی:

- تکایە ناڵە و شیوەن ببڕەوە. ئەوەندە «دایکە من بێکەسم» بەخۆت مەسەلێنە.. با بڕۆین قاوەیەک بخۆینەوە و لەوێڕا درێژە بەقسەکانمان دەدین..

ئەرژەنگ ماشێنیی وەرچەرخاندە نێو کۆڵانێکی دە مەترییەوە.. لەبەر دەرگایەکدا هۆڕینێکی لێدا. دەرگا کرایەوە. ماشێنی بردە ژوورەوە.

ژن و پیاوێکی پیر لەو خانووەدا دەژیان. سەرنجی دەرو دراوسێیەکانیان ڕانەکێشابوو کە ئەو ماڵە یەکێکە لە سەدان ماڵی ئاسایشی ساواک لە سەرتاسەری شاری تارانا. خانووەکە جگە لە دیوەخان و ژووری نان خواردن و سەرشۆرگە سێ ژووری خەویشی

تیا بوو. وەک هەر خانوبەریەکی چینی ناوەندی ڕازابوویەوە.

ئەرژەنگ و ژیلا و میهرداد لە میوانخانەدا دانیشتبوون ژنەی خانەخۆی سینیەک شیرکاکاوی هێناو داینا و. ڕۆیشت. ئەو کاری خۆی لە ڕووی تاقیکردنەوەیەکی دوور و درێژەوە بەوردی لەبەر بوو.

ژیلا سوپاسی لە ژنە کرد و.. ئەویش بێ دەنگ هەر بەسەر وەڵامی دایەوە. ڕۆیشتە دەرەوە.

ئەرژەنگ هاتبووە بندەستی ژیلاوە وەک بیەوێ جانەوەرێکی کێویلەی وەحشی ئارام و دامرکاتەوە نەرم نەرم دەستی دەخشانە سەر سەرو زلّفیدا. ڕوخساری میهرداد لەچەند لاوە ڕوکاو بوو. ئەرژەنگ پاساوی ڕەفتاری میهردادی دەدایەوە. ژیلا بێ دەنگ گوێی لێ دەگرت تا هاتە سەر کاروبار و چۆنیەتی هاوکاری کردن.

ژیلا وەڵامی دایەوە: من دەمەوێ بزانم کەسێکی وەک من دەتوانێ چی جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ ئێوەدا بکا؟

میهرداد بەسەر قەنەفەیەکەوە درێژ ڕاکشابوو؛ هەڵقە هەڵقە دووکەڵی جگەرەی ڕوو بەبنمێچی ژوورەکە یەک بەدوای یەکدا دەنارد.

ئەرژەنگ لە وەڵامی ژیلا وتی:

– ئێمە لە کاروباری خۆمانا وەستاین و دەزانین چی دەکەین، چی دەبێ بکەین و کێیەش بۆ کاروبارمان هەڵبژێرین. خۆ ئێمە تۆمان لەبەر ڕابواردن هەڵ نەبژاردووە. وەک دەزانی هەر لە کۆلێژەکە لای خۆتا کچانی گەلێک لە تۆ جوانتر و قۆزتری تیادایە. لە خۆت ناپرسیت ئێمە بۆ پەنجەمان خستە سەر تۆ. بێ گومان بێ حیکمەت نییە. دەزانی بۆ؟

– نەخێر، حەز دەکەم بزانم.

– باشە بۆ خۆت چۆنی بۆ دەچی؟

– بەدبەختی و هیچی تر.

– تۆ ناوت ناوە بەدبەختی و ئێمەش ناوی ترمان لێ ناوە.

میهرداد خۆی کۆکردەوە و بەسەر موبلیاکەوە دانیشت و دەستی کرد بەگیرفانیا بەستەیەکی لە گیرفانی دەرهێناو هەستایە سەرپا و درێژی کرد بۆ ژیلا و وتی:

– پێم خۆشە ئەو وێنانە ببینیت. ژیلا بەستەی کردەوە. لە یەکەمین وێنەدا خۆی بەڕووت و قوتی لە باوشی میهردادا دی، هەناسەی سواربوو، ئەو دەیزانی داوێن پیسیان کردووە؛ بەڵام دیتنی دووبارەی ئەو وێنانە دڵی هێنایە ترپە ترپ و نیگەرانی دایگرت و لەیەک ساتدا نمی عارەق کەوتە سەر ڕوخساری. لە جویەی ئەوەی تووڕی داتە لاوە ئەمجارە بەوردیی نواڕییە تەواوی وێنەکانا.

میهرداد لە ژیلا نزیک بووبوویەوە. نیگەرانی و بێ دەرەتانی ژیلا میهردادی هێنابووە سەر هەوەس. لە پڕ دەستی ژیلای گرت و پەلەکێشی کرد بەرەو یەکێک لە ژوورەکان. ژیلا دەیزانی بەرانبەر جانەوەرێکی وا هیچ جۆرە ململانێکی پێناکرێ و تکاو ناڵەو نزایش بێ سوودە و لە فەرهەنگیدا نییە. هەر ئەوەندەی وت:

– ڕەحمم پێ بکە خوێن ڕێژیم هەیە..

– ڕەحم و مەحم بەقەرانێک ناکرم. تۆ نازانی من کە خوێن دەبینم و بۆنی دەڕواتە کەپۆما، دێمە هەوەس؛ هەوەسێکی بێ سنووری شێتانە. ئەوەندە پەلە پەل جلەکانی ژیلای داکەند زۆربەی دوگمەکانی پچڕاند و تیلماسکی سوخمەی مەمکیشی تەرازاند. ژیلا دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی دەڕژاند. ژیلای لە هەموو شت ڕووت کردەوە. وەک پارچە گۆشتێک

ژیلای فڕێ دایە سەر سیسەمەکە. بێ دەربەست لە فرمێسکی ژیلا ڕۆیشتە ناو گەڵیەوە و پێوە خەریک بوو. ژیلایش وەک تەختە سەنگێگ لە ژێری میهردادا ئارام ئارام دەگریا و فرمێسکی دەڕێژا. میهرداد هاتبووە لوشکە و پرمە پرم. تا بەسەر ژیلادا خۆی خستە لاوە.. هەروا تاوێکی مایەوە هەستا و بەڕووتی لە ژوور ڕۆیشتە دەرەوە. نۆرە هاتە سەر ئەرژەنگ. ئەویش بەژیلاوە خەریک بوو. کاری تەواو کرد و دووبارە میهرداد هاتەوە سەری. هەریەکە دووسێ جار هاتن و چوون ژیلا وەک مەیت بەسەر تەتەشۆرەوە بێت بێ جووڵە، بێدەنگ، ناوگەڵ خوێناوی، چاو فرمێسکاوی دەلەرزی و فرمێسکی دەڕژاند. میهرداد و ئەرژەنگ خۆیان پوشتە کردەوە، ژیلا هەر ڕووت و قووت بەسەر جێگەکەوە ڕاکشابوو ئەرژەنگی لێ نزیک بوویەوە. جلەکانی دا بەدەستییەوە وتی:

– خۆت پوشتە کەرەوە، کارمان زۆرە. بۆ خۆیشی لە ژوور ڕۆیشتە دەرەوە. میهرداد ڕوو بەڕووی ئاوێنەی سەر دیوارەکە دەینواڕییە جێی نینۆکی ژیلادا لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– قەحپەیە دەڵێی پڵنگە، پڵنگێکی لەزەت بەخش.

ژیلایش لە ژوور وەدەرهات.. بەلارە لار هاتە هۆڵەکەوە هەردوو لەپی کردبووە ناو گەڵیەوە. لە گۆشەیەکەوە دانیشت

ئەرژەنگ وتی:

– ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لەکار بڕۆین وا نا کاک میهرداد؟

– با

– ژیلا خانم بەوردی گوێ لە وتەکانم بگرە. ئێمە زەمانێکە بەدوای میهران و تۆوەوەین. بەچاکی ئاگاداری بیروڕا و کار و کردەوە و

کۆبوونەوەکانی میهرانین؛ هەڵبژاردنت نە ڕێکەوتە و نە بەدبەختی. لە ڕووی لەیەکدانەوەشەوە ئاوا ڕەفتارێکمان لە گەڵتا کردووە.

ئاگاداری پتەویی پەیوەندی تۆ و میهرانین. دەمانەوێت بزانین میهرانی لای تۆ پەیوەندی لەگەڵ کێدا هەیە و کێ ڕابەری ڕێکخراوەکەیانە ژیلا بانگی لێ بەرز بوویەوە.. دەستی بەخۆلێدان کرد.. دەیدا بەسنگیدا دەیدا بەڕانیدا.. قژی دەڕنی:

– ئەوە من وا بەم چەشنە بێچارە بووم نۆرەی میهرانە. ئەی خوا! بۆ نایەیتە فریامەوە..؟

ئەرژەنگ نەڕاندییە سەریا:

– بەسە، دەڵێی لەگەڵ منداڵا دەدوێیت؟ ئەوانەی دەیلێین نەیکەی تف لەو ڕۆژەی دەکەی لە دایک بوویت.

– بۆچی ئێستا تفی لێ ناکەم؟ سەد خۆزگە لەبار چووما و ئەم ڕۆژەم نەدەدی، دەستی بۆ ناوگەڵی درێژ کرد و وتی:

– کام سۆزانی «شاری نوێ» وەک من وایە؟ دایکە قەحپەکەی میهرداد بەهەوەسی خۆی جندەیی دەکرد و گانی دەدا.. من بەزۆر سوارم دەبن و دەمبەن و دەمهێنن و وەک جانەوەر ڕەفتارم لەگەڵ دەکەن.

میهرداد بەزەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:

– دایکم سۆزانییەکی سوسەنەکاوی لەبیرچووی نێو «شاری نوێ» بوو. تۆ ئایندەت درەخشانە، زۆر ناخایەنێت دەبیتە گوڵی ناو سەوەتەی خۆش گوزەران و شەوبێدارانی ئەم تارانە و دەبیتە دوعاکەرمان.

– ئەی خوا ئەم ناحەقییە قبوڵ نەکەی؟ ژیلا کلینکسی لە بەستەکە

ڕاکێشا و چاوی سڕی.

ئەرژەنگ وتی:

– ها چیت وت..؟

– چیم وت؟ هیچم پێ دەوترێ؟

میهرداد بەڕاسەری ژیلاوە بۆ خۆی دانواندەوە و لاملی ژیلای ماچ کردو وتی:

ناخۆشت کردووە ها! لەپێ گۆشت کەی ئەوەندە دێنێ. تازە هیچیشی لێ کەم نەبۆتەوە. هەر ئەوەندەیە، هاتوچۆی تیا زۆرتر بووە. ئەوەندە ئازار و ئەزیەتی خۆت بۆ دەدەی. بکۆشە بۆ لەمەولا زیندەگیت بگوزەرێنیت.. بۆچی پێت وایە خەڵکی چاوی بڕیوەتە ناوگەڵت و دەزانن کچ نیت و ژنیت؟ ئێمەمانان نەبێت کێ کراسی کێی هەڵداوەتەوە تا بزانی کچە یا ژنە؟

تۆ چوزانی هاوکلاسییەکانت ژیانی تایبەتییان چۆنە و چۆن چۆنین دەگوزەرێنن و کامیان کچن و کامیان کراون بە ژن؟

– بۆ کتاوێک لەم ڕووەوە نانووسیت و دایکتی تیا بەقارەمان ناکەی.

– کێ دەڵێت ناینووسم. بەلای منەوە هەرگیز شەرەف لە ناوگەڵدا نەبووە. ئا تۆ بنواڕە میللەتانی سەرتاسەری دونیادا بزانە شەرەفیان لە ناوگەڵدایە یا لە کار و کردەوە و بەرهەمیاندایە؟

– تۆ باسی شتێک دەکەیت زگماک نەبووە و ناتیش بێت. ئەشهەدو کوڕی دایکی خۆتی، بەختت یار بووە مێ نیت و نێری. وەئیلا بەهەرچی پیاوی دونیا هەیە ڕازی نەدەبویت و ولاّخت لەخۆت دەنا.

ئەرژەنگ بەو قسەیە قاقا چوو بەپشتدا. میهردادیش پێکەنی و

تۆزێک تێڕاما و وتی:

– ئەوە چۆن تا ئێستا بیری وام نەکردبوویەوە؟ خۆ وەڵا ژیلا ڕاست دەکا. ئەگەر ژن باما شتێکی ناجۆرم لێ دەرئەچوو.

– باشە بەڵێنم دەدەنێ گرفتاری بۆ میهران دروست نەکەن.

– ئێمە بۆمان بکرێت دەیلاوێنینەوە. جارێک هەر دەمانەوێ لەگەڵ دەورو بەردەست و یارانیدا دوور و نزیک ئاشنا بین. دوایی لەگەڵیدا دەدوێین. ئەو دەتوانێ خۆی لە گرفتاری بپارێزێت. زۆر لە میهرانی لای تۆ ڕەقتر و ملهوڕتر ناچاری هاوکاری کردن کراوە. دەر و دەروازەی ئێمە ئاواڵەیە. ئەوی بیەوێت بێتە کۆڕی زکرمانەوە. باوشی بۆ دەکەینەوە. ئەگەریش نەیویست و هەڵی تووڕاندو لاساری و قارەمان بازی وەدەرهێنا سەدان زمان دەزانین سەرئەنجام لە یەکێک لە زمانەکانمان تێدەگاو. لەگەڵیا دەکەوینە ڕاوێژەوە. بەهەرحاڵ ئەوەندە نیگەرانی میهران خان مەبە. لەبەر تۆیش بووە کاری ناجۆری لەگەڵا ناکەین.. ئاخر ئەو خۆشەویستی خۆشەویستمانە.

– حەرامزادەی، لە قەحپە بوو!

٢٦

هەتیو چییە وا ئاشوفتە و نیگەرانی؟ دەڵێی دەتبەن بۆ مەقسەڵە. یا قەنارە.

– بڵێم نیگەران نیم ڕاست ناکەم؛ حەقیشمە نیگەران بم تا بەئەمڕۆ لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆندا نەبێت، کاربەدەستێکی دەوڵەتیم نەدیوە. تا بگاتە هاتنم بۆ دەرباری شاهەنشا ئاریامیهر. موهەندیس کامەران جگەرەیەکی داگیرساند و ڕوو بەفەلامەرز:

– ئەگەر لە دووکەڵ بێزاری پەنجەرەی لات بکەرەوە.

– نیگەرانیم لە ناخۆشی دووکەڵ زۆرترە؛ ئازادیی خۆت وەرگرە. ئەوەندەمان نەماوە بگەین، ئەگەر ڕوو بەنیاوەران بڕۆین؟

– با هەر بۆ ئەوێ دەڕۆین. نووسینگەی «لیلی» خانم لە بندەستی ژوورەکەی عولیا حەزرەتدایە.

– دەمبەی بۆ لای کەسێک شەو و ڕۆژ لە خزمەتی عولیا حەزرەتدایە و دەڵێی بۆ نیگەرانیت؟

– باوەڕ بکە هیچ دڵەکوتەی ناوێت و تۆزێکی دی بەخزمەتی دەگەیت و بۆت دەردەکەوێ چەندە سادە و بێ ئارایشە. با ئەوەشت پێ بڵێم ئاگاداری چۆنیەتی هونەرە جوانەکان و موسیقایشە بەتایبەتی موسیقای ئێرانی.

– ئەوەیان نازانم.

– بۆ خـۆت ئەوەندە زرنگ و هوشـیـار هەیت ئەوەت بۆ دەرکـەوێت. چونکە بەدرێژی لەگـەڵیدا دەبیت و ڕەنگە ڕۆژانەش چاوت پێ بکەوێ. پرۆژەکەمان ئەگەر بەساڵ و نیویک تەواوکەین، شاکارمان کردووە.

گەیشتبوونە دەروازەی کۆشکی سەعدئاباد.

چوار ســـەربازی گـــاردی بالآبەرز وەک داهـۆڵ بەدوولای دەردا ڕاوەستابوون هەتاوەکو چاویشیان نەدەترووکان.

ئەفسـەرێکی دەفتەر بەدەست لە ژووری بندەستی دەروازە وەدەرهات و کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ موهەندیس کامەرانا. بەچاو پرسیاری کابرای بندەستی کرد، لە وەڵامیدا وتی:

– ئەوە مـوهەندیس فـەلامـەرزی ئینتـیـزامیـیـە و دووکـەسی دەڕۆینە خزمەت خانمی ئەرجومەند. لام وایە چاوەڕوانمانە.

کابرای دەفتـەر بەدەست نواڕییە ناوەکاندا و بەسەرنـەرمە سەڵاوێکی کرد و وتی:

– فەرموون.

لە دەرگـای کـۆشکی سـەعدئاباد ڕۆیشـتنە ژوورەوە. فـەلامـەرز کـەوتە بیرەوە:

– دەروازەی ڕاستەقینەی کەبکە و تەڵە و تەماح و قڵای سەنگ باران و هەوارگــەی زوڵـم و زۆر و نابەرابـەری بەلای کــەســانێکی دیشـــەوە مەڵبەندی ئاوات و ئارەزوو.... هەروا بیری دەکردەوە لە پڕ خوڕیە خۆی:

– کابـرا! بۆ ئاشوفتە و پەریشـانی؟ تۆ زەمانێکە لە ڕووی بەرنـامەوە ویستووتە لەم دەروازەوە بڕۆیتـە ژوورەوە؛ وا چوویت. هەتیـو ڕێگایەکی دوور و درێژت لە پێشـە، وەرەوە سەر خۆت. کوا پڕۆژە و بەرنامـەکانت؟ کوا هەستی ململان و بەرانبەرکی؟ بڕۆ شوکری خوا کە هەم بەرنامەی

برادەران جێبەجێ دەکەیت و هەم گەیشتوویتەتە جێگە و شوێنێک هەزاران ئەندازیاری میعماری وڵات شاکامیت پێ دەبەن، ئیدی لە چی نیگەرانی؟

کاتێک شان بەشانی یەک بەرەو نووسینگە وەڕێ کەوتن، فەلامەرز هەستی کرد هەنگاوەکانی پڕن لە متمانە و باوەڕ بەخۆبوون و بێ دەربەستی تەنها تارمایی نیگەرانییەک لە ئەندێشەیدا تاپۆ دەردەکەوت و نەیدەتوانی بەسەریدا زاڵ بێت. بێ ئاگاداری و ئاشنانەبوونی بەهەڵسان و دانیشتن و ئەتێکتاتی دەرباری و کش و فشی دەرباری بوو.. لە دەرگای نووسینگەی فەرەح ڕۆیشتنە ژوورەوە.. موهەندیس کامەران بەپێچەوانەی فەلامەرز، تەواوی کون و قوژبنی نووسینگە و خەڵکەکەشی دەزانی و دەناسی. هەموو شت ئارام، لەسەرخۆ هەنگاونان، بێ دەنگییەکی پڕ لە ڕاز سەرتاسەری ڕاڕەو و ژوورەکانی نووسینگەکەی گرتبووە خۆ. کامەران هەنگاوێک کەوتبووە پێش فەلامەرز. یەک دوو کەس ڕووبەڕوویان هاتن، بەسەر سەلامیان کرد و لەیەک دەترازان. کامەران و فەلامەرز ڕۆیشتنە ژوورێکەوە. ئافرەتێکی کەمەر باریکی سمت و کلۆک گۆشتنی پشتوێنێکی پانی بەرەزوانە گەورەی ئاڵتونین بەسەر ناوگەڵیدا شۆڕکردبوویەوە. ئەوەندە چاوی ڕشتبوو برژانگەکانی لینج نووسابوون بەیەکەوە. هەڵسا لەبەریان و بەدەست ئاماژەی بۆ شوێنێک کرد کە دانیشن و وتی:

– چی دەخۆنەوە. یا یەکڕاست دەڕۆنە لای خانم؟

کامەران هەڵسا و وتی:

– ئەگەر مەسەلە چایی خواردنەوە بێت، ڕەنگە خانمیش چایمان پێشکەش هەر دەکا.

ژنە بەپێکەنینەوە هەستا و دەرگایەکی کردەوە و وتی:

– فەرموون. کامەران لە پێشەوە، فەلامەرز لە دواوە. ژنێکی بەرز و بوڵەندی شێک پۆشی لە پشتی مێزێکی کلاسیکی سەردەمی لویسی چواردەدا دانیشتبوو. چاویلکەیەکی زەڕەبینی دەور ڕەشی ژنانە لە چاو کردبوو. لەودیوی زەڕەبینەکەوە دانە دانە برژانگەکانی بەئاسانی دەژمێردرا. تارمایی نازێکی شاراوەی ژنانە لە سۆما و گلارەیدا دەبینرا و دڵنیایی دەبەخشییە بینەریدا. هەستایە سەرپا و لە پشتی مێزەکەیەوە وەدەرهات و بەگەرمی دەستی کامەرانی گوشی و ئینجا دەستی بۆ فەلامەرزیش درێژ کرد، لە هەمان کاتدا کامەران وتی:

– ئاغای موهەندیس ئینتیزامی.

هەنێ دەستەمۆبلیای ڕووکەشی بەپێستی کەرەشەمامە لە گۆشەیەکدا جوان دانرابوو، مێزێکی شووشەیی پایە بەردین پانەوە کرابوو؛ سەرەکەی پڕ بوو لە گۆڤاری بیانی. کەوڵە بەبر لە زەویدا ڕاخرابوو. چاوە شووشەیینەکانی ساردی ساردی دەینواڕی و دانەکانی ڕیچ کردبوویەوە، هێز و دەسەڵاتی خاوەن نووسینگەکەی نیشان دەدا.

لیلی لەسەر تاکە موبلێک دانیشت و پای لە سەر پانا، خڕینی و جوان داتاشراوی پاوپۆزی سرنجی هەر بینەرێکی ڕادەکێشا.. یەکڕاست کەوتمە بیری هەیکەلە ڕۆمانییەکانەوە ستایشی خوا و سروشتم کرد کە چەندە وەستاکارە لە خوڵقاندنا. لە ساتێکدا پا لە سەر پانانی گۆڕی و بۆ چرکەیەک تاریکایی بنگەڵی وەدەرکەوت. دڵم داخورپا، خورپەیەکی هەوەس ئەنگێزی لاسار. سەرچۆکەکانی سافو لووسی دەتوت بەپرگاڵ کێشراون؛ مێرووڵەی بەسەردا دەخزا. پوزی

نەرمەگۆشتی پێوەبوو، بووبووە بەردەوامی ڕێک و پێکی سەرتاسەری پاوپوزی. پشتی پای کەوانەیەکی کەمی خواردبوو زۆرتر هی کەوشە پاژنە بەرزەکانی بوو. لە پڕ کەوتمە بیری چاتمەو تاقە پڕ لە وردەکارییەکانی ساختمانە پڕ لە زەرافەتەکانی سەردەمی سەفەوییەوە. تا لە ڕەشەکەی کەوشەکانی کەوتبووە سەر. تۆپزی پای نەختێک جەڕاندن و سفت بەستنی وەدەر دەخست. نینۆکەکانی پەنجەی پای بەڕەنگێکی خەناوی ڕەنگ کردبوو. دوو زنجیری زێڕینی ناسکی کردبووە مچی پای؛ سەری نیرە و مێکەی یەک دو پل پلەی ئاڵتوونی پیاکرابوو.

کامەران و لیلی گەرمی باسی جۆراوجۆر بوون. منیش سەرم سڕمابوو لەو ساردی زستانەدا لیلی خانم نە گۆرەوی و نە کەوشی زستانی لە پادا نەبوو. دەشکۆشام هیچ جۆرە سازشکارییەکی دەروونیم لەگەڵا نەبێت و بەخۆمی بسەلمێنم کە هەر ئەو جۆرە بووە لە مێژا تێی دەفکرام. کە تەرازووی ڕاستەقینەم هەڵدەسەنگاند و وژدانم تێکەڵاوی هەستە جۆراوجۆرەکانم دەبوو، دانم بەوەدا نا لە بۆچوونەکانمدا بەهەڵەدا ڕۆیشتووم.. دەی ئەوی هەڵە ناکا هەر خوایە.

هاتبوونە سەر باسی پڕۆژەکە و چۆنیەتی پیادەکردنی. موهەندیس کامەران بەسەر ئاماژەیەکی بۆ من کرد و وتی:

– دەمەوێت ڕاستەقینەیەکت پێ بڵێم؛ ڕاستە ئەم پڕۆژەیە هی منە و نووسینگەی منە. لە ڕاستیدا تەواوی پڕۆژەکە لەلایەن ئاغای ئینتیزامییەوە کێشراوە. بێ یارمەتی من و نووسینگەکەم. جا بۆ لەمەولا. ئەمە نوێنەری ڕاستەوخۆی نووسینگەمانە و لەژێر فەرامێنی جەنابتایە تا تەواوکردنی پڕۆژەکە. ئاگاداری ئەوەبووم کاتێک کامەران

باسی منی دەکرد، منی خستبووە ژێر دید و هەڵسەنگاندنێکی تایبەت بەخۆیەوە. جۆرێک تێی دەنوارِیم هەستم بەتیژیی نوارِینەکەی تۆی تۆیی دەکردم. لەناکاو وتی:

– دەتوانم ناوی بچووکت بزانم؟

پێش ئەوەی بۆخۆم وەڵامی دەمەوە کامەران خان وتی:

– فەلامەرز.

– فەلامەرز یا فەرامەرز.؟

بۆخۆم وەڵامم دایەوە کە لەناو ئێمەی کورددا بەفەرامەرز دەڵێن فەلامەرز.

– یانی جەنابت کوردی، کوردی کوێی؟

– ئوستانی کرماشان.

– جێگەی پاڵەوانان. وا نا؟

– وا باوە.. حەیف من پاڵەوان نیم!

جا ئەگەر پاڵەوان نەبیت چۆن چۆنین کاری پرۆژەکەمان رِادەپەرِێنی؟

– ئەوە کارێکی تێکرِاییە، ئەوی لە سەر من بێت بەباشی دەیکەم.

– موهەندیس هەر دەبێت وابێت..

– خانم دەمەوێ هەڵەیەکی بچووک رِاست کەمەوە. من یەشتا نەبووم بەموهەندیس و شەش مانگم ماوە تەواوی کەم؛ ئاغای موهەندیس لە رِووی خۆشەویستییەوە بەمن دەڵێن موهەندیس.

– یانی دەتەوێ بڵێی جارێک قوتابیت؟ ئەگەر چەند قوتابییەک وەک تۆ لە کۆلێژی میعماریدا هەبوایە، ئەم وڵاتە دەبووە جێگەی شاکامی

بیانییەکان. بەش بەحاڵی خۆم پیرۆزباییت لێ دەکەم، ئەمەش خاڵێکی دی لێهاتوویتە بەم گەنجێتییە. سەرکەوتنێکی گەلێک گرنگ و شایانت بەدەست هێناوە، ئەم کارەش بەهەمووان ناکرێ؛ وادەبینین بەتۆ کراوە.

تەمەنی «لیلی» خانم لە سی بەسەربوو؛ نەمدەزانی سی و دووە یا سێ یا چوار. ئەگەر چلیش با هەموو جووڵانەوەیەکی پێ دەکەوت و کێشی ژنانە لە تەواوی لەش و ئەندام و جووڵانەوەیدا شەپۆلی دەدا. بەتایبەت پاو پۆزی لەناو کەوشە تاڵ تاڵەکەیدا بەپاژنەی بەرزەوە بەتۆپزی سەرپایەوە. بۆخۆیشی دەیزانی پاوپل و پۆزی هەوەس بزوێنە و شەرفرۆشە و شەق وەشێنە. بۆیە تاو تاو جۆری دانیشتنەکەی دەگۆڕی. لیلی خانم بەموهەندیس کامەرانی وت:

– من و تۆ زەوی تەرخان کراوی پرۆژەکەمان دیوە، وا نازانیت ئاغای موهەندیس ئینتیزامیش بیبینیت باشتر بێت؟

– بۆچی نا؟ ئێمە دەبێ لە جێگەیەکەوە دەستی پێ بکەین ئەمڕۆ دادەنێین بەیەکەم ڕۆژی دەست پێکردن.

– ئەگەر ئاغای ئینتزامیش ڕای لەسەر بێت؟

فەلامەرز دەستەپاچانە وتی:

– فەرمان، فەرمانی ئێوەیە. بەندە بەڕێوەبەری فەرامینم.

لیلی ئاوڕێکی توندی لێ دایەوە، بزەیەکی شاراوەیشی کەوتبووە سەر لێوانی ئینجا وتی:

– ئەو گۆشەیە لەلایەن عولیا حەزرەتەوە هەڵبژێرراوە و شاهەنشاش ڕای لە سەرە. نەرمە چەپڵەیەکی لێدا و هەڵسا و وتی:

– بابڕۆین.

جێگەی هەڵبژێراو کەوتبووە بەشی خوارەوەی باخچەی کۆشکی سەعدئابادەوە. حەساری باشووری کۆشک هەشت مەتر بوڵەندی دەبوو. کاتێک لە دەرگای نووسینگەوە بتڕوانیباتە شاری تارانا تەنها سەری حەسارەکە وەدی دەکرا لەبەر سەرەوخواری باخچەی کۆشکی سەعد ئاباد.

هەتاو بەتیشکی پڕ هێز و پرشەدارییەوە سەرتاسەری شاری تارانی گرتبووە خۆ. کزە بایەکی سارد لە دۆڵ و دەربەندەکانی چیای ئەلبوزرەوە دزەدز خۆی دەگەیاندە دامێنی چیا و کە کۆدەبوونەوە هاژە هاژ بەرەو ناو شار لوولیان دەخوارد. باخچەی کۆشک بەشێوەیەکی دڵپەزێر و حەساوکراو ڕازاوە دابەش دابەش کرابوو درەختی گەورە و بچووک، تل و گابەردی ڕەنگاوڕەنگ، درەختی پەل و پۆ قرتاوی سەرو ڕوو قەمچ کراو، پەیکەری برۆنزی مەڕمەڕین، لە چەقی باخچەکەدا پەیکەری گایەکی برۆنزی شاخ تیژی تووڕە و ئاڵۆز بۆنی بەزەوییەوە دەکرد و دەستی ڕاستی لە زەوی دەخشا. کە گەیشتینە لای پەیکەری گاکە چرپاندمە گوێی کامەراندا و وتم:

– هوشیار بن قۆچتان لێ نەدا؟

کامەران پێکەنی. لیلی خانم لای کردە لامانەوە و وتی:

– با ئێمەش پێبکەنین.

کامەران بۆی گێڕایەوە، پێکەنی. من هەنگاوێک لە دوایانەوە بووم. لیلی خانم لای کردە لامەوە و وتی:

– وەرە پێشەوە.

پیادەڕەوی باخچەکە بەمەڕمەڕ و تاوێری گرنج گرنج چنرابوو.

جارەوبار پاژنەی بەرزی کەوشەکەی لیلی لە تاوێرەکان گیری دەکرد و ڕێوە ڕۆیشتنەکەی لارەسەنگ دەکرد و نازی ژنانەی زۆرتر وەدەردەکەوت. تیژی پاژنەی کەوشی ئەمجارە ڕۆیشتە توێی دووبەردا لەپڕ تەرازووی تێک چو؛ ئایەکی لەدەم وەدەرهات. من لەلای چەپیەوە بووم بەلای مندا بوویەوە ناخۆ ئاگا دەست و شانیم گرت و نەمهێلا بکەوێ، ئینجا وتی:

– خۆ وەڵڵا ئەم کەوشانە بۆ ڕێوە ڕۆیشتنی وا نەکراوە، بەتایبەت لە ئاوا جێگەیەکدا. گەیشتبووینە جێگەی هەڵبژێراو. موهەندیس کامەران لە مێژدا جێگەکەی دیبوو. خانم پەنجەی جوان مانیکور کراوی بۆ زەوییەکە درێژ کرد و وتی:

– ئەو گۆشەیە. ناچار هەردەبێت ئەو درەختانە ڕیشەکەن کریەن ڕوو بە من وتی:

– پێت چۆنە؟

– جێگەیەک عەلاحەزرەت و شابانو هەڵیبژێرن هەر دەبێت نموونە بێت.

ئینجا وتی:

– ئاغای موهەندیس داخوازییەکانی بەمن وتووە؛ وەک نەخشەی زەوی و سافکاری و نووسینگەی سەراپایی و داپێویستەکانی کاروبار. پەیمانکاری سەرەکی بەڵێندەرە جۆراو جۆرەکان هەمووان ئاگادار و ئامادەی دەست پێکردنن. بەڕای من نووسنیگەکەی تۆ پەنجەی بۆ من درێژکرد. لەم جێگەی وەستانی ئێمەدا بێت پەسەندترە. بۆ لەمەو لا هەر وەخت ویستت چاوت بەمن بکەوێ، بۆ ئەوەی کاروبار دوا نەکەوێ بێ تەرخان کردنی کات وەرە. سەرم قاڵ نەبێت و پابەندی کاری تر

نەبم بێ ئەملاولا دەتبینم.

نۆرە هاتە سەر موهەندیس کامەران و وتی:

– بۆ هاتوچۆی ئێمە و کەسانی تری نووسینگەکەمان ئایا نیاز بەپێناسی تایبەت هەیە. یا هەر جارێک بەپێی پرسوجویە؟

– بێ گومان هەر دەبێت پێناسی تایبەتیتان بۆ دەرکەین. چەند کەست دەوێ لێستەیان بگرە تا پێناسیان بۆ بکەین. ئەڵبەتە هەرچی زووتر؛ چونکە ناویان دەنێرین بۆ ساواک. ئەوانن ئەبێ پاکی و خاوێنییان بسەلمێنن، جا هەرچی زووتر بێت بۆ کارەکە باشترە.

– ئێمە کەی دەست بەکار دەبین؟

– بەپێی ئاگاداری من سبەی دەست بەسافکردنی زەوییەکە دەکەن و دیوارێکی سەرەتایی لە نێوان کۆشک و کارگادا بەرز دەکرێتەوە بۆ قەدەغەی هاتوچۆ و جیاوازی نێوان دەربار و کارگا. تەنها نووسینگە سەرپایەکەی تۆ لەم دیوی دیوار دەبێت. بۆ ئەوەی کە وتم تێکەڵاوی کرێکاران نەبم. دووسێ خەتی تەلیفۆنیش لە نووسینگەکەتان دادەمەزریەنین.

هەر سێکیان یاپشە یاپشە گەڕانەوە نووسینگە. خانم هەنگاوێک لە پێشیانەوە هەنگاوی دەنا جۆرێک پای هەڵدەگرت جوانی و زەرافەتی پا و پۆزی نیشان دەدا. کزە با ساردەکەش بەشێوەیەکی تاوتاو هەر بەردەوام بوو. سەر پەنجەکانی لیلی خانم سەرما مۆری کردبوویەوە لە پڕ لای کردە دواوە و بەکامەرانی وت:

– بەڕای تۆ ئەگەر شێوەی کارەکە دوو شەفتی بێت زووتر تەواو ناکرێ؟

– بێ شک؛ بەڵام شتێکە کاری شەو لەگەڵ ڕۆژدا جیاوازە، بەتایبەت

کرێکارانی ڕۆژهەڵاتیی ئەوەندە خوویان بەکاری شەوەوە نەگرتووە.. مەگەر ناچارکرێن و کاری ناچاریش لەگەڵ زەرافەت کاریدا ناگونجێت. تازە وا نازانم ئەم کارەش ئەوەندە بەپەلە بێت، پێمان وا بێت نانمان بەساجەوە سووتاو بێت. شەقولقەمەریش بکەین ئەم پرۆژەیە هەر ساڵێک دەخایەنێت. گەیشتبوونە ژووری سکرتێرەکەی لیلی خانم؛ دەستی بەسەر دەستگیرەی دەرگاکەوە بوو وتی:

– دەرەوە برێک سارد بوو لەگەڵ قاوەیەکدا چۆنن؟

موهەندیس دیبا بەپێکەنینەوە وتی:

– من پانتۆڵیشم لە پادایەوە یەشتا هەر سەرمامە... لیلی وەڵامی دایەوە:

– من خۆم وا فێرکردووە. بەفریش لە زەویدا بێت گۆرەوی لە پا ناکەم برێک حەساسیەتم لە هەرچی شێوەی گۆرەوی هەیە.

دانیشتین و قاوەشمان خواردەوە. هەستاین بڕۆین، وەڕێ کەوتین. کامەران دەستی درێژ کرد تا دەستگیرەی دەرگاکە بگرێت و بیکاتەوە منیش هەنگاوێک لە دوایەوە بووم. لیلی خانم وتی:

ئاغای ئینتیزامی! لەبیرم نەبوو تەلیفۆنی ڕاستەوخۆی ئەیرات بدەمێ، کارتێکی بۆ درێژکرد و وتی:

– لام خۆشە ئەو ژمارەیە بەرچاوی کەس نەکەوێ. جۆرێک وتی ژمارە تایبەتە تەنکە نازێکی ژنانەی تیا وەدەر دەکەوت. لە ساختمانی نووسینگەی فەرەح پەهلەوی دەرگای کۆشکی سەعدئاباد هاتینە دەرەوە.. ئاغای موهەندیس پلیکی بێ دەنگی تەقاند و وتی:

– یا من دونیام نەدیوە، یا لیلی خانم خۆی بۆت ناوەتەوە..

فـەلامـەرزیش یەک دوو جـارێک نیگای لەگـەڵ نیگاو نوارِینـی لیلیـدا قوچانیان کردبوو.

خۆی لە قسەکەی کامەران گێل کرد و وتی:

– چیت فەرمووّ؟

– چیم فـەرمـوو؟ دەڵێم خـانمی ئەرجـومـەند عـیـشـوە و نـازی بۆ دەکـردی. قـابیلە ئەوەندە گـەوج و نەفـام بیت ئەو هـەمـوو ئەداو ئەتوارانەت هەست پێ نەکردبێت؟

– چیت عەزر کەم، خوا بکا دووچاری ئاوا دەردەسەرێک نەبم.

– ئەمە ناو دەنێی دەردەسەر؟

– ئاخر قوربان! وەک دەزانی دونیایەک کاروبارمـان لە پێشـە، ئاورِۆ و ناو و باو و بەرستێژی نووسینگەکەی جەنابت لە نێوانایە، لەمانە گوزەشتەش بۆ خۆمیش ئامادەی ئەم جۆرە کارانەش نیم، ئەویش لەم جۆرە جێگانەدا.

– تۆ بۆ خۆت ئازادی وا تێدەفکریەی؛ بەڵام ناتوانم ئەوەت پێ نەڵێم کە یەکجار گێلی. ئاخر هەی پیاوی ناحساوی.. هـەیە هەلی وای بۆ هەڵکەوێ و خۆی لێ بشارێتەوە؟ جوانـی و خانومـانی دەڵێی، هـەیەتی. دەسـەڵات و توانا و زەروزۆر دەفەرمووێت، فراوان. سەفا و زیندەگی و خۆش گوزەرانی و شەونشینی و گەشت و گوزار، ئەویش بەخـەرمان.. بەمن ناڵێی لە ژیان و زیندەگیتدا بەدوای چییەوەی؟

– ئەمانەی وا فەرمووت لەسـەر سـەرم و بەجێی خۆی و رەوا؛ ئەوی بۆ من گرنگە کارێک نەکەم ببێتە هۆی زەرەر و زیانی جەنابت.

– گـێلە! بەپێـچـەوانەوە. نەیکەی تووشی زیانێکی فـراوانم دەکـەی

سەدان تەشقەڵە و گرفتاریمان بۆ دەسازێنن مەرد و مەردانە. بڕۆ مەیدانەوە و.. پیاوانە ملی پێوەنێ، ڕێوی هاتووەتە پیریتەوە.

– نەبێت وا جەنابت تێدەفکریەیت؟

– قسەی قۆڕ مەکە. ئێمە مارین و بووین بەئەژدیها و هەزاران تەڵەشمان بەکلک تەقاندووە. قابیلە زمانی چاو و ناز و ئەداو هەنگاو و هەڵسوکەوت نەزانین؟ لەوانە گوزەشتە. وا باوە لیلی گەلێک دژوار پەسەند و لووت بەرزە. کەم کەسی بەدڵەوە دەچێت، سەخت هەڵبژێرە. لە گفتار و ڕەفتاریدا هەر یەکجارە فرە ڕاستگۆ و خۆبەختکەر و بەگوزەشتە. تەنها شتێک گڕی تێ بەردەدا و دەیکاتە دەڵەشێر، ئافرەتێک ململانی عشقی لەگەڵا بکا لەوە ناگوزەرێ. هوشیار بە! وەک مار پێتەوە دەدا.

کامەران و فەلامەرز بێدەنگ بووبوون. فەلامەرز کەوتبووە بیری قووڵەوە: ئەی یاسەمین؟ کاری وا لە من ناوەشێتەوە لەعنەت و نفرینیش لە پرۆژە و لە کامەران و لیلی خانمیش. یەک هەناسەی یاسی گیانم ناگۆڕمەوە بەهەرچی ئافرەتی ڕووی زەوی هەیە. پرۆژەی موهەندیس کامەران نییە چاوی وەدەربێت.. سەیر دەکەی چۆن خۆمم دووچاری گرفتاری کردووە؟ بڵێ کابرا ئەم دەردەسەرە چییە بۆ خۆتی دەسازێنیت. خۆت لە تەواوی بکێشەوە و بڕۆرە کەنارەوە.

ئەی بەڵێن و پەیمانەکانت چی لێ دەکەی وا بەبرادەرانت داوە؟ هەمووی فشە و هەوانتە دەرچوو؟ چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟ بەچی ڕووێکەوە لەگەڵیانا کۆ دەبیتەوە؟ گەلێک ئومێد و هیوایان دانان بۆ فکر و جووڵانەوە و کاروبارت؛ هەروا بەئاسانی بدەم لە ژێری بەڵێن و پەیمانم و بڵێم ئەم کارەم پێ ناکرێ و کارێکی دیم بۆ تەرخان کەن؟ یان ڕاستەوخۆ چاوم بەتەمای ئەوە بم بقرپێیەن بڵێن خەتای خۆی

نییە. زادەی چینێکی بەزیوی خۆ بەزل زانی کش و فش کەری هیچ تیا بەر نەبووە.. فەلامەرز هەرچی پەنجەکانی بوو دانەدانە تەقاندی و لەگەڵ خۆیدا وتی:

– لێگەڕێ بۆ وەختی خۆی. موهەندیس کامەران ڕاست دەکا. بەوردی بریسکەی چاوی دایگردبوومـــەوە و بزیسکەی هەوەسم بەئاشکەرا وەدی دەکرد. یەک دووجار ئەوەندە ڕاستەوخۆ و بەباوەڕەوە تێی نواڕیم هەر ئەوەم پێ کرا سەرداخەم. ئا سەیرکردنەکەی پڕ بوو لە تەماح و ئەداو چووزانم هەوەسی عشق، یان خودی هەوەس..

فەلامەرز گرفتار بووبوو، ترسی لێ نیشتبوو. کەوتبووە تۆبەی مەنگەنەوە. دوو ڕووباری خرۆشاو، دوو فەرهەنگی جیاواز دوو هەستی بەرانبەری ڕووخێنەر.

موهەندیس کامەران دەستی لە سوکانی ماشێن بەرداو چەپڵەیەکی لێدا و وتی:

– فکری لێ مەکەوە. هەموو شت لە یەکەمین هەنگاو دەست پێ دەکا، پێم وایە لە دیداری داهاتوودا لیلی خانم شتێکت بۆ دەردەخا. هەموو لەیلایەک مەجنوونێکی دەوێت.. ئێمە بەتەمای ئەوەیان نین. کارێکی وا بکە نە سیخ بسووتێ نە کەواو. لەیلا و مەجنوونی ئەم سەردەمە گڕ و گڵپەی سۆزی عشقیان لەناو گەڵدایە و لەناو پێخەفدا دادەمرکێتەوە. خەفەتی هیچ مەخۆ مریشکەکەت هێلکەی دوو زەردینەت بۆ دەکا.

کامەران نەیدەزانی دەروونم بەسەر ساجەوە هاتووەتە کزە و چزە و ئارام ئارام دەسووتێم. کامەران لە پڕ قیڕاندی و وتی:

– دەزانی هێلکەی زێڕین یانی چی؟

## ٢٧

مژدەم بدەرێ، سکەکەت کوڕە.

– ئایای، تۆ بڵێی؟

– دەڵێم و زۆریش. سەروپای کاوڕەکەم برد بۆ لای باجی ئایش بۆی گردمەوە و وتی:

– بێ ئەملاولا کوڕە. تا ئێستا بۆ هەرکەسی کردوەتەوە یەک و دووی بۆ نەبووە.

– دادێ! ئەمجارەیان ماڵی ڕەشەکوڵت لەبیر نەچێت و پشکێکیان بویە؛ خێریشی زۆرترە.

– بۆیانم برد.

سەبری دووپای ڕاکێشابوو، پشتی نابووە دیوارەوە. سکی شۆڕ بووبووە ناوگەڵیا، دروومانی دەکرد. لەسەر چۆک هەڵساو دەستی بەپشتیەوە گرت و گەلاوگەڵ بەرەو دەرگای حەوشی وەڕێکەوت. ڕابیعەی خوشکی دەستی بەخوێنەوە بەسەر دەرخۆنەوە خەریکی پشک پشک کردنی گۆشتی قوربانی بوو یەک دووجار دەستی تەکاند و وتی:

– بۆ کوێ؟

ڕابەی خوشکی چەند ساڵێک لە سەبری گەورەتر و پێی دەوت دادێ. سەبری لای کردەوە لایەوە و وتی:

– دادیە! دەڕۆمە دەرەوە بزانم ڕەحمان لە کلکەی دێوە دیاری نییە..
خۆ دەبوا بگەیشتا نازانم بۆ ختووره بەدڵما دێت.

– ختووره متوورەی ناوێت. هاکا گەیشتن.

سەبری لە دەرگای حەوشێ دەرچوو دەستی خستە سەر چاوی ڕوو بەڕۆژهەلات و هەرچی نواڕی هیچی نەدی؛ گەڕایەوە.

ڕابە بەدەم گۆشت هەنجنینەوە. گۆرانی دەوت. شووکردنەکەی چەند مانگێک دوا کەوتبوو. بڕیار بوو بەم زوانە بێت بەدوایدا و بەبووکی بیبەن بۆ شار و ببێتە شارنشین. سەبە بەڕاسەریەوە سکی بەلۆ بووبوویەوە ڕابە سەری هەڵبڕی وتی:

– خۆشحاڵم، ئاخۆشحاڵم؛ بەلام دووری تۆ و باوکم بۆ من زۆرە.

– هەزار شوکر وا دەڕۆی بەڕێتەوە. سبەی دەبیتە خاوەن ماڵ و منداڵ.. ڕەنگە هەر بەواندا ڕاگەیت.

– نەتوت ئەمجارە بۆ نیگەرانی ڕەحمانی؟

– ڕاست بوێت. نازانم. بۆ تووشی دڵەخورپە هاتووم.

– وەلا خۆ باش ناکەی. تۆ دەبێ بەم جۆرە ژیانە خۆت ڕابێنیت. مێردەکە. چەتەیە و یاخی، پیاوی یاخی لە دەوڵەتێکی وەک ئێران، هەر سات و ئانێک جێگەی مەترسییە. جا وا ژیانت بۆ ناڕواتە سەر. ئەم ژیانەشت بۆ خۆت هەڵبژاردووە؛ کەسێک زۆری لێ نەکردووی.

– ئەوسا وا نەبووم؛ ئەوەتە پام ناوەتە مانگی خۆم، تووشی ئەم دڵەڕاوکە هاتووم.

باو و گەردەلوولێک هەڵی کرد، دەرگای حەوشەی وا پێوەدا سەبری ڕاچەڵەکی. سوارەکان وا بەرەو دێ دەهاتن سەرومليان هەڵ پێکابوو.

کە نزیکی دێ کەوتنەوە چەتفەکانیان کردەوە. ڕەحمان ئاوڕێکی لە ئەسپەکەی ئەوکە دایەوە و وتی:

- لە چەپوکان کەفتیە؛ فرەی نەمەنیە خۆ وەپیتەوە گرت.

- ئەسپ خاسیگە. فرە باهوشە زانت سوارەکەی سوارە. یا تازەکار. ڕوژیەل ئەوەل فرە غەمگین دەهاتە چەوم. وە ئەلی وەئاشکەرا ئەرا " قارک " بی تاب بی. لەو ڕوژە تا وە ئەمڕو وەدەست خوم ئاو و ئالک دامەسە پی، کەم کەم خەریکە ئارام گرت. توام قارک وە یادی بوەم..

- کار ئاسانی نییە. ئەسپ فرە با وەفاس. ئیشن ڕوسەم زاڵ وەختی خواست بچت ئەڕا «حەوت خوان»، وەیەکەمین خوانا خەو لەلی کەفت، ئەژدیهای فرسەت تێرت توات ڕوسەم بخوات، ڕەخش ڕوسەم وەلیا جەنگت وە چەپوک کوشتەی. وەختی ڕوسەم بیدار وت سەیرکەت سینە و دەست و پای خونینەو. لەولاتریش ئەژدیها وە زەویا کوشیایە. دێتە لای ڕەخشە و ناوچەویەلی ماچ کەت. تو هەر لە موحەبەت کردن خەستەمەوە، قاڕک وەبیری چتەو. نەتوت چەند ڕوژ وە «کیلەبەرزە» منین؟

- تا بوینیم.. چجوریە.. فکر نیەکەم فرە بمینیم چوار پەنج ڕوژ پیشتر نیەوت. ئەرا پرسیت؟ ترسیەم نیگران، بارداری سەوری بایت.؟

- نیگرانی نەیرت، ئەی ئاواییە تەواوی خزم و خویشەنی و تازە منالێەل تویش هاوە دەوری. غەم من سەروان عەزیزیە و بەس. ترسم وەدەستما دەرچت. ئیرنگە وەخت کەلەهەرزە هەر ڕۆژ چتە شکار.

- ئەرا ئەو نامەردە. کەلەهەرز و مەڵەهەرز فەرق نیەکات.. وە ئەلی

ئیمامزادەیی بکەیتە شکار و دەم و مەمک داڵگیە و بات کوشتەی. ئەو هەر وەخت هەوەسی کات چتە شکار. تو فکرکەیت ئیمە فکر ئەو داڵگ خیزە؟ وە سەی براکە! فکر شەو و ڕوژمە. نزیک بوەسە و ئیشم چیمنەڕای، یانی چیمن. وەل براکەی ئەڵا نەزەرا قەرار خستیتە؟

– ئا قەول بیست سەر مەڕ وەپی دایمە، ئەگەر دەسمان بخاتە بانی..

تا ئەو حەلە ئەسپەکانی ئەوکە و ڕەحمان شان بەشان لە ڕەوتدابوون. لەپڕ ئەسپە شیەی ئەوکە کەوتە پێش و لاتەراسکەی بەست و کەوتە چەپوکان. ئەوکە لەقاوی سفت کردەوە و سەرو ملی ئەسپ توپەڵ بوون چاوی بازو بووبوویەوە. ئەوکە دەکۆشا ئارامی کاتەوە نەیدەزانی بۆ وا ژڵیژاوە. ئەسپەکەی ڕەحمانیش ڕەوتی تێکچووبوو. ڕەحمان هەی دەیخوڕییە ئەسپەکەی، ڕەحمان وتی:

– بیلەی. گورگ وەدی کردیە. ئەوسا لای بڕکە تاویرانە وسیایە؛ فرە دویرە، وەئیلا تەقە لەلی ئەکردم. ئەوکە ئەسپەکەی ئارام کردەوە و هێنایەوە سەر ڕێگا و وتی:

– گورگ باتە بندەستم. تەقە لەلی نیەکەم. ئیشن گورگ کوشتن فرە بەدیۆمنە و موکافات دیرت.

– من باوەڕ وە موکافات و ئەی جورە قسانە نیەرم. ئادەم ڕوژی تەواو وت، مرت و تەواو.

– تو ئەڕا خۆت هەرجور فکر کەیت، بکەرەی. من گوشدەمە قسەی وە ئیمە زاناتر و دونیا دیدەتر. ئیشم...

– بیشە.

– توام ژن بارم. ئیشی چە؟

– وەلا چی عەرزەکەم، ئەلحەق ژن خاسی دیریت. سێ چوار ملاڵیش ئەڕات هاوردیە. ئادەم چە توات، مەگەر تەوحت چوەسە سەر دوێت باخسوسی.

– تو ژنی دیریت هەر مەمکێکی وەقەدر چەوەنەی وت. ژنەی من جمانە درەخت ئاخر پایزە، گڵا وەپیوە نەمەنیە: ئەیانە گشت وەلایە ئەگەر بنیرمە داوای ڕابەی ژن خۆشکت شو وەپیم کەت؟

– فکر نیکەم.

– ئەڕا مەگەر من چەمە؟

– مەسەلە چت مت نییە؛ ئەی مانگە بەنەی.

– کی بەتەی؟

– مەلا ڕەشید قەوم خویش فرەیەک وەشار سلیمانیە دیرت. یەکی لە برازاکانی خەیلی وەختە وەتەمایسی، ئیشن ناوک بڕ یەکترن.

– یانی ئیشی دەس وەرداروم؟

– حەتمەن تا یەک مانگ تر بەنەی مەگەر تویش توای بایتە سوننی؟

– ئەیە وەلامەو گرانە، وەی عومرە بچمە سەر مەزهەوی تر. ژنیش بارم هەر وە تایفە تێرم.

– من ناچار وەی کارە بووم. عشق سەوری هیچی ئەڕام نەهیشت. تو ئەی گرفتاریە نەیریت، دەست بخەیتە سەر هەر دوێتی تایفە دەنەی پیت.

– باقاڵ سەروان عەزیزی تەواوکەین، ئەو دەم فکری ئەرا کەم.

ئەوکە و ڕەحمان گەیشتبوونە ناو دێ. یەک دوو سەگ ئاڵۆز کەوتبوونە وەڕین.

مــاڵی ئەوکــە و ڕەحـــمــان بەتەنیــشت یەکــەوە بوون؛ دەرگــای حەسارەکەیان بەبوڵەندی ئەسپێکی بێ سوار بەرز دەبوو. دابەزین و لە دەرگــا چوونە ژوورەوە بەلە بەلی سکی ســەبری زەرافــەتی مــەمکی داپۆشــیــبوو. مــەمکەکـانیشی هەڵئـاوســابوون شــیـریان تێ زابوو. گەلاوگەڵ هاتە پیری ڕەحمانەوە. ڕەحمان زینی لە ئەسپ کردەوە و بردیە گـەوڕەوە، ئالکیـشی خــســتــە ئاخــوڕەوە دەســتــێکی هێنایە ســەرویاڵی ئەســپــەکـەیدا و لە گـەوڕ وەدەر هات. ســەبری بەرەو ڕووی هات و بەشەرمەوە وتی:

– مژدەم بدەرێ..؟

– خۆش مژدە بایت، چەبییە؟

– سکەکەم کوڕە. سەروپێمان بۆ کردەوە، کوڕ دەرچوو.

– ئەی قسانە هەزارەو یەکی وەکارە.

بەخــوا بەخــوا قــســەی باجی ئایشی یەک و دووی بۆنیــیــە. دوێنێ کاوڕەگێژمان کردە مەولوی پێغەمبەر. دادیە ڕابە سەرو پێکەی بۆبرد و وتووبووی. ئەگـەر سکەکـەی سەبری کـوڕ دەرنەچوو، ئەویش کـوڕێکی فرە چاک و بەنگین، لەم دێ خۆم شار بەدەر ئەکەم.

– با وەیراوە ئامادە شار وەدەر بات. من شنەفتمە ئیشن سێ شت فرە مەزە دیرت.

ئاو جۆگەی لێژ، ئامیـزش ژن درێژ، گۆشت کاوڕگێژ. نەشنەفتمە سەروپای کاوڕ گێژ مژدەی کوڕ خاس بدا.. وەهەرحاڵ خێرهاپییە و ئیشەلا موارەکە. زانی ئەوەکە چە وەپیم وت؟

– نا.

– تەوحی چوەتە بان ڕابە، بنیرتە داوای. تا وەتم دەزگیران و یرت، ئەمرو بەیانی بەنەی.

– چی دەڵێی؟ ئەوەسا هاتوون بۆ مارەبڕینی تا دەپانزە ڕۆژی تر دەیبەن. باشە ژنەی لای خۆی عەیبی چییە؟ دایکی سێ کوڕیەتی. ژن هەر وا دەبێت؟ ئەڵڵاهو ئەکبەر پیاو چەندە بێ وەفایە.

– تو نەفامی. پیاو وەک ژن فکر نیەکەت، هەوەسی کەفتە جم و جیول یەهو ژن خوازت.

– بەهەرچی شێخ و مشایەخ هەیە، عومرم بگاتە هەفتایش بزانم خەیاڵی ژن هێنانت هەیە، چارەکە سەعاتێک بەلاتەوە دانانیشم.

– خاسە وەو سن و ساڵە وەکوورە چیت؟

بۆ کوێ دەڕۆم؟ خۆ لە بنە بنچکدا گەورە نەبووم هەر جێگەیەک دەبێت ئۆقرەی تیا بگرم.

– ئیشم نەفامی.. باوەڕ نیکەی. من دین و ئایینم خستە بان تو لەلی گوزەشت کردم، چمانە ئەی قسانە کەیت.

ئینجا سەبری کاغەزێکی دا بەدەستی ڕەحمانەوە و وتی:

– یەک دوو ڕۆژ لەمەوبەر کابرایەکی سواڵکەر ئەم نامەیەی هێنا و دای بەدەستمەوە و وتی:

– ئەم نامەیە هی شێخێکی گەورەیە. بیدە بەمێردەکەت؛ بەڵام با کەس پێش خۆی نەیخوێنێتەوە، وەئیلا هێز و توانای دوعاکە لە ناو دەڕوات. ڕەحمان نامەی کردەوە نامە لەلایەن ئاغای "ڕەبانی" یەوە هاتبوو. غەمێکی شاراوە کەوتە ڕوخساریەوە. شێوەی باوکی هاتەوە بەرچاو، ئەو هەموو چاکەی ئەوکەشی خستە بەرانبەر باوکی

هەردوویانی هەڵسەنگاند و بەرئاوردی کرد، قەول و قەرار و هەڕەشەی "ساواک" یشی خستەوە بیر. دووبارە نامەکەی خوێندەوە نووسرابوو:

بەچکەکان خەریکن باڵەفڕە دەبن بکەوە خۆت.

– خاسە یارو گدا هیچ تر نەوت؟

– با، وتی. شێخ چاوەڕوانی وەڵامە. با وەڵامەکەی بنووسێتەوە بۆ خۆی دێت دەیبا.

ڕەحمان بەکراس و دەرپاوە دانیشتبوو. تەکی دا لای سەبرییەوە. سەبری نەدەچووە ژێر و دەیوت بۆ منداڵەکەمان خراپە. ڕەحمان دەستی کردبووە ملی سەبری دەست بەردار نەدەبوو. سەبری دەیوت هەر ئان و سەعات ڕەنگە یەکێک خۆی بەماڵا کا.

– ترس نەیرت دەر کڵۆم کردمە.

– ئاخر خراوە.

– وە سەور خراو نییە. تو بیلە فەقەت وە لوختی بوینمەت. سەبری ئاخر و.. چۆنی خستە ئەولاوە. خاو بووبوویەوە ئەوەندەی تر هەناسەی سواربووبوو. لە پڕ لە دەرەوە یەکێک دوو سێ جار وتی:

– ڕەحمان! ڕەحمانە!

ڕەحمان بەپەلە خۆی پوشتە کردەوە دەمانچەکەی کردە ملی و ڕوو بەدەرگای حەسار... یەکێک لە پیاوەکانی کوێخا بوو وتی:

– کوێخا دەڵێت بۆ نانخواردنی شەو میوانی ئەون.

بە چاکی زێڕ دەناسم؛ ڕەنگە لە زەڕنگەریش باشتر، کێ هەیە حەز لە زێڕ و زێو و سامان و توانا و دەسەڵات نەکا؟ بەڕای من ژمارەیەکی کەم بەر لەو جۆرە ئاواتانە دەگرن و ژیانێکی ڕاستەقینەی دەروێشانە هەڵدەبژێرن. زۆر کەسان هەوڵی بۆ دەدەن و کەمیان بەدەستی دێنن و زۆریشیان ئەوەی ناپەسەند و نەشیاوە لە پێناویا دەیکەن. سا ئەگەر بەدەستیان هێنا لە تەباری وژدانەوە دوور دەکەونەوە و سەرالێژی دۆڵ و دەربەندی هەوەسە نەنگینەکان دەبنەوە و دەڕۆنە جیهانی تێر نەخۆرەکانەوە.

خۆ منیش دەزانم ژیان و زیندەگی سەودایەکە؛ پڕە لە بیگرە و بەردە و هانیەو هەبەیە. ئەو سەربەسەر و ئاڵوگۆڕە؛ چی تیا دەست بەدەست دەکرێت و بە چی کەیل و کێشانە دەکەن دەخرێتە تای تەرازوو؟ هەرچۆنێک بێت و ئەوی کاکڵەکەی لە وژدانەوە دوور بێت بێ کورت و ناپەسەند دەدرێتە چاو.

ئەوەشم لا ڕوونە لەم دەور و زەمان و ڕۆژگارەدا تا دروست کارێک لە تەنگوچەڵەمەی ژیان، سەروەدەرێنێت هەزاران دەخەڵ و شان تەکێن و دز و درۆزن دەگەنە قۆناغ. یەشتا عاشقانی کرداری جوان و ڕەفتاری پەسەند و گفتاری شیاو لەیراو لەوێ دەبینرێن با وەک زۆربەیان کڵاویان با بردوویەتی و کەوتوونەتە گێژەلۆلکەی زیندەگییەوە، یەشتا جێی شوکری باقییە و. زیندەگی ئومێد بەخشە.

نازانم بۆ زۆربەی زۆری دەسەلات و کش و فش کەران و تازە بەقۆناغ گەیشتووەکان تەواوی بنەڕەت و گوڵتەی بوونیان لەسەر ئێسکی هاڕڕاوی ڕەش و ڕووتان و بێدەسەلاتان دامەزراندووە؟ ئەگەر بیانیش دوێنێ بێ شەرمانە شانازی بەزیرەکی و لێهاتوویی خۆیانەوە دەکەن و خەڵکە زۆرەکەش بەگێل و گەوج دادەنێن. هێندە درۆ و دەلەسەیان بەخۆیان سەلماندووە، فەیلەسووف مەئابانە دەدوێن و مامەڵە دەکەن و بێ شەرمانە ڕابوردووی نزیکی خۆیانیان لە بیر کردووە. وەنەبێ پەیم بەوە نەبردبێت و کەخراو وەگیرهاتووم و بەدەستی خۆم خۆمم خستووەتە تەنگوچەڵەمەیەکی دەرونییەوە، گیرهاتووم. ئا.. هاتووم. بەلام ئاسمان بهەرووژێتە خوارەوە ئامادەی لە دەستدانی یاسەمین نیم. واش بڕوا لەگەڵ "لیلی"دا ناچاری زۆرشت دەبم. ئەگەر تا ئەم قۆناغە دەست و دەمم گلاو نەبوبیەت..؟

– هەتیو سەختی لێ مەنوە. لەگەڵ خۆتا مەیکە بەبەزم. ئەمە زیرەکی دەوێ. زیرەکی زرنگ بەو سەری لەبەر وەدەربهێنە. خۆت مەدۆڕێنە، خوێڕی.

– بەزم و مەزمی چی؟ دوێنێ لیلی خانم تەلیفۆنی بۆ کردم تا بڕۆم بۆ لای بۆ ماڵەوە. کە ڕۆیشتم دوو سەعات بەلای خۆیەوە گلی دامەوە. ئەوی باسی نەکرا پڕۆژە و کاروباری پڕۆژە بوو. ئێستا دان بەوەدا دەنیەم موهەندیس کامەران تەواوی لاپەڕەکانی فەرهەنگی ئافرەتی لەبەرە. لیلی دە دوانزە ساڵێک لە من بەتەمەنترە؛ بەلام خۆمانین پێوە دیار نییە. ئەگەر چاویلکە زەرەبینەکەی لەچاو دەربهێنێت گەلێک گەنجتر دێتەچاو. خۆ قەد و بالا و ئەندازەکانی لەش و لاری سەرەڕای ئەوەی شاراوەی ژێر دامێن و بلووزن بەئەندازەیەک هەوەس ئەنگێز و ژنانەن، بینەر دەژلێژیەنن. خۆیشی بۆ خۆی پەی بەو کێش و

دەسـەڵاتەی بردووە. دیارە باشـی ژڵـێژاندووی. تۆزێک شـەرم. ئەمـانەی دەیلێی ئاودزی هـەوەسن، هـەوەسێکی لاسـار و چەمۆشـی دوور لە حەیا و وەفا؟ دیارە پاو و پۆزی دەسـەمۆی کردووی. برادەر تۆ بەمانە چی؟

لای خۆت لەگەڵ کچێکی سەلار و نازداری وەک یاسـەمین دا پەیمانت بەستووە. کەچی لەش و لار و پاو پۆزی " لیلی" خانم خرۆشاندوێتی وا ڕەوتی تێکداوی. بەرەلایی لـە بیـر و فکر و ئەندێشـەکـانتـا نمـایانە و بەرەو پەت بڕین دەڕۆی.. ئەی ئارمانە سیاسیـەکانت چی؟ ئەی وەڵامی برادەران چۆن دەدەیتەوە؟

نەخـەیر وا نیـیـە. من نە پەت بڕ و بەرەڵام و نە سـەوداسـەر. ئەوەسـا تەواوی بیروڕا و بەرنـامـە و تێفکرینەکانم بۆ برادەران نووسیـوە. هیـچم لێ نەشـاردوونەتەوە، بەوردەکارییـەوە تەواویم بۆ نووسـیـون و ئەمـشـەو دەیدەم بەیاسـەمین تا بزانن لە نێو چ دۆزەخ و تەنوورێکدام.

تەنووری تێفکرین و دوودڵی. یا تەنووری هەوەس؟

ئەمـن نازانم بـردارەن چۆن تێــدەفکریەن و چیم پێ دەڵێن، ئـەوی بۆ من گـرنگە خـودی یاسـەمـینە. پێم وا نیـیـە بـرادەران سـفت و سـەخت تـەنگم لێ هـەڵچـنن و وادار و ناچـاری ئاوا کـــارێکم بکەن و زیندەگـی تایبەتیم بکەنە دەستەگیرە و قوربانی دروشمە سیاسییەکان.

هـاتـو یاسـەمین بەم کـارانە ڕازی بوو چی؟ ئـەوە مـەحـاڵە، کـام ژن بـەئاســـانـی دەست لـە دڵدارەکـــەی هـەڵدەگـــرێ و دەیخـــاتـە باوشـی ئافرەتێکی ترەوە. ئەگەر خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە لە نێوانا بێت؟

زەنگی تەلیفۆن زرنگایەوە. فەلامەرز هەڵی گرت:

– هـەلاو تۆیت یاسـی؟

– ئەمـشــەو سـەعـات هەشـتـی شـەو دێم بـەدواتا ڕەنگە تا درەنـگێک

پێکەوە بین. ئالەمتاج و ئەسفەندیار دەعوەتیان لێ کردووین. تەلیفۆنی داخست.

دیسانە کەوتەوە بیرەوە بیری ڕۆژانی داهاتوو، بیری هەڵویستی یاسەمین و برادەران. دوور نییە برادەران دەستبەرداری ئاوا هەلێک نەبن و هانیی بەردەوامیی بەرنامەکە بدەن و ئەوەندە پابەندی ژیانی تایبەتی من و یاسەمین نەبن. من ترسم لە تیژڕەوی یاسەمینە تۆقیاوی ئەوەم پەیوەندی و خۆشەویستی نێوانمان بکاتە قوربانی بیروڕای سیاسی و لە خانەی لەخۆبووردنا ئۆقرە گرێت و هانی بەردەوامی شێرگیری پتەوکردنی پەیوەندی نێوان من و لەیلام کا. هاتو وا تێفکرا، من نایکەم و خۆم دەکێشمەوە. ڕەنگە لەم وڵاتەشدا نەمێنم.. خۆ من داشی دامە نیم. باوەڕ ناکەم یاسی ڕەزامەندی ئاوا پەیوەندییەک بێت و سووک و ئاسان من بخاتە باوشی «لیلی»یەوە. لەوەی دڵنیام منی خۆش دەوێ. کوڕە ئەوەیان مەحاڵە!

فەلامەرز کەوتە خۆکۆکردنەوە. ڕووبەڕووی ئاوێنەکە ڕاوەستابوو دوگمەکانی کراسەکەی دەبەست و لە دوگمەی سێهەمدا پەنجەی بۆ خۆی لە نێو ئاوێنەکەدا درێژکرد و وتی:

– تامۆڵکە فەلامەرز! ئەم کارەی دەستت داوەتێ زیرەکی و هوشیاری دەوێ. پڕە لە ڕووداوی پڕ لە سەیر و سەمەرە. وردەکار بیت سەری لەبەر وەدەر دێنیت؛ ئەگینا دەبێتە جێی گاڵتە و پیتە خەنەی مەرد و نامەرد و سەریشت تیا دەڕوا. فەلامەرز خۆی کۆکردبوویەوە. لە پلەکانی نهۆمی یەکەم هاتە خوارەوە باوکی لە هۆڵەکەدا ڕۆبێکی دوشامبری لە بەردا و سەرگەرمی ڕۆژنامە خوێندن بوو، کە لە باوکی وردبوویەوە زانی بەوردەکارییەوە خەریکی خوێندنەوەیە؛ وەک ئەوسا لە

یەکەمین دێرا تووڕی نادا و سوور نابێتەوە. ئەمیر هاتبووە سەرخۆی ئەو سێ چوار مانگی ئەوروپایە ئارامی کردبوویەوە و ڕاستەقینەی سەلماندبوو؛ بەڵام وەک جاران لە هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکدا بەشداری نەدەکرد و لە زۆر شت پەڕی دەگرت و خۆی دەشاردەوە. زۆربەی کاتیشی هەر لە تارانا دەگوزەراند فەلامەرز بەئەدەب و ڕێزەوە سەڵاوی کرد و دانیشت و زۆری نەخایاند دایکیشی هات و ئەویش لەولای ئەمیرەوە دانیشت. ئەمیر سەری لەسەر ڕۆژنامە هەڵگرت و بێ پێشەکی وتی:

- دەزانی ساواک بەختیاری کوشت؟

- کام بەختیار؟

- بەختیار چۆن ناناسیت.؟ هەمان بەختیار وا ساواکی دامەزراند و خزمی سورەییای ژنی شا بوو.. تەیموری بەختیار؟

- نەخەیر نازانم! جەنابت دەیزانیت؟

من ئەمجارە لە ئەوروپا نوێنەری بەختیارم دی و لەگەڵیا دانیشتم و بەدرێژی دواین. ئەوەی ئەو دەیوت دیار بووە لە گوێی گادا نوستووبوون. بەختیار و چەند کەسێکی دی دەکەونە تەقالای لەناوبردنی شاوە. لام خۆشە ئەم داستانەت بۆ بگێڕمەوە، دوور نییە منیش بگرن. جا با ئاگاداری ئەمانە بیت. کابرایەک بەناوی «شەهریاری» کۆنە کۆمەنیستێکی بەهەزار ڕوخسار ناسراو، ساواک پەیوەندی لەگەڵا دەبەستێ و دەیکەنە هاوکار. هەر لەوێرا دەکەوێتە تەقالاوە و بەپێی بەرنامە و پرۆژەی ساواک لە تەیموور بەختیار نزیک دەبێتەوە. زۆر ناخەیەنێت زۆرتر لە بەختیار نزیکتر و نزیکتر دەبێتەوە، تا بەتەواوی دەبێتە جێگەی متمانەی بەختیار. کە بەختیار لە ئەوروپا

دەگـوێزێتــەوە لوبـنان ئەو پەیوەندییــە پتــەوتر و بـەردەوامـتــر لەگــەڵ بەخـتـیـاردا دەبێت. ئەڵبـەتە بەلای بەخـتـیـارەوە بـەئاغـای ئـسـمـاعـیلـی ناسـراوە. هەر کـار و بارێکی نێـو ئـێـرانی بەخـتـیـار لـە لایەن ئەوەوە ئەنجـام دەدرێت و تەواوی جـووڵانەوەکـان لەژێر سـەرپەرشتی سـاواکدا بەڕێوە دەچێت و هەنگاو بەهەنگاو بەگوێرەی بەرنامە.

– باشــە قـوربان کـەسـێکی وەک «تەیموور بەخـتـیـار» کـە بۆ خـۆی بەدامەزرێنەری دەستگای ساواک ناسـراوە، نەشیاوە کابرایەکی وا نە ناسێت و بەو شێوە ساوێلکانەوە گیر بێت و بکەوێتە داوەوە؟

– منیش زۆر بیرم لەم خاڵە کردۆتەوە و نەگەیشتـوومەتە هیچ. ڕەنگە لای وا بوو بێت ســاواک هـەر ســاواکــەکــەی ســەردەمی خــۆیـەتی. دووهـەمیان ئەوەیە ئاگاداری پێشینەی کۆمـەنیست بوونی ئـسماعیلی بووە و زانیـویە سـەد تـەڵەی بەکلک تەقـاندووە و گورگـی باران دیدە و هەرچی نامـە و چـەک و تەقـەمـەنی هەیە بەئاسـانی گـەیاندوویـەتە ناو ئێران و وەڵامیشی هێناوەتەوە؛ ئەڵبەتە لەژێر چاودێریی ساواکدا.

– یانی دەفەرمووی تەواوی پەیوەندییەکان تەواوی چەک و تەقـەمەنی نێـرراو لە پێـشــدا ســاواک دیویەتی و هەڵیـســەنگاندووە ئەو حــەلە گەیشتوەتە دەستی خاوەنی وا نا؟

– بـا؛ بۆیە دەڵێم ڕەنگە منیش بگرن. چونکە نـامـــەی بۆ منیش نووسیبوو. ساواک ئاگاداری ئەو نامەیە.

– ئەی لەم دوایەی وا نوێنەرەکەیت لە ئەورووپا دی، ئەوەیان چی؟

– دەتـوانم ئەوەیـان ئینکار کـــەم و بدەم لە ژێری؛ بـەڵام نـامـــەکــە بەڵگەیەکە بەدەستیـانەوە. ئێسـتا لەوە دڵنیام دەوروبـەرەکەی بەختیـار تەواویان چاوسـاقـانی ساواک بوون و هەتاوەکو بکوژەکانیشی. ئەو

نامەی لای منەیش ڕۆنووسی لێ وەرگیراوە.

- بکوژەکانی چەند کەس بوون و گەیشتنە ئێران یا گیران؟

- لە ڕاستیدا سێ کەس بوون؛ بەختیار شەیدا و شیفتەی ڕاوکردن بوو. دەڕوا بۆ سنووری ڕۆژئاوای ئێـــران وا بزانم ناوچەیەک بووە بەناوی (مەندەلی) لەوێڕا فرسەتی لێ دێنن. بەختیار و دووسێ کەسی هاوڕێی دەکوژن و بەرەو سنووری ئێران بۆی دەردەچن؛ بەڵام لەلایەن هیلۆکۆپتەری عێراقەوە دوانیان دەکوژرێن و ئەوی تریان خۆی دەگەیەنێتە ئێران.

- نافەرمووی ئەم داستانە پڕ لە وردەکارییەت لە کێ بیستووە؟

- کەسێک دەناسم خزمی کاربەدەستێکی گەورەی ساواکە. ئەو ئەم داستانەی بۆ گێڕامەوە.

- کەواتە ترسی گرتنت هەیە؟

- بەدووری نازانم؛ بەڵام خوا لە ساواک و دام و دەستگای حەمە ڕەزاشا گەورەترە. وەرە باسی خۆتم بۆ بکە با بزانم تۆ خەریکی چیت؟ ئەوە زانکۆیە، ئەوەندەت نەماوە.. دەڵێن لە بەرنامەیەکی میعماریدا بەسەر زۆر کەسدا زاڵ بوویت.. پارەیە؟ هەتە پێم ناڵێی؟ ئایا خەیاڵی ژن هێنانت هەیە یا نا؟

فەلامەرز پەنجەی دۆشاومژەی خستە نێوان گەردن و کراسەکەی و سەری بەرز کردەوە و نەختێک کەرەواتەکەی ڕاکێشا و وتی:

- جا قوربان! کام کاروباری وڵات و دەوروبەر ڕاوەستاوە لەسەر ژن هێنانی من..؟

- قسەی حیز مەکە. ژن بهێنیت یا نا، شەممە لە مانگ ناپچڕێت.

شتێکە ئێمە وەک خۆمان نامێنینەوە.. من و دایکت ڕۆژ بەڕۆژ لەولاوە نزیکتر دەبینەوە.. پێمان خۆشە تا هەیت برێک شت هەیە بیبینین و وەک زانیتیش ڕەنگە بیشم گرن..

– قوربان! خوا نەکا ئیشائەڵا سەد ساڵی دی دەژین. دایکی نەیهێڵا و قسەکەی پێ بڕی و وتی:

– تۆ پێم ناڵێی بەتەمای چیت و بەتەمای کێیت؟ ئەگەر بەتەمای کابرای ڕووتەڵی هەڵقونی نێو فرۆکەخانە بیت کە دیمان، خۆ ژن نەهێنانت هەزاری خێرە و دوو هەزاری بەرەکەت.. یا بەتەمای کەسێکی تری؟ ئەگەر بەتەمای، هەر نەیسە با بزانین.

– دایە گیان ئەو یاروی هەڵقونی ڕووتەڵە وا لە فرۆکەخانە بەخزمەتت گەیشت، حەیف شووم پێ ناکا ئەگەر شووی پێ کردباما نەمدەخستە سبەی.

– هەر وا؟ دەوەرە بێ خۆت مەکوژە. بنوارە کەوتووەتە دوای کێ. مەگەر کچی ئەمیر چوپانە ئەوەندە خۆی بەزل بزانێت شوو بەتۆیش نەکا؟ ئەشهەدو ئەو کچە هەقیەتی. منیش بم هەر وا دەکەم هەزار ساڵە وتراوە تەیری گوڵ عاشقی داری زەقنەبووتە.

– دایە گیان! پێم وانییە گوڵ بم. هەمووی چارەکێک نابێت لەسەر شۆرگە وەدەرهاتووم.. ئەو کچەش نە داری زەقنەبووتە. نە تەڕەماش. هەوەسی خۆیەتی شووم پێ ناکا، کە نایکا. مەگەر زۆرە؟

دایکی لێوێکی هەڵقورتاند و بەتووڕەبوونەوە لای بەو لاوە کرد. ئەمیر هاتە جواو:

– باشە نایکا. نەیکا. ئەو نا کچێکی دی و کچێکی تر. ئەوی بۆ من گرنگە ژن هێنانتە. سا هەر کێ بێت بەلای منەوە شیاوە و هیچ مەرج

و سەختگیرییەک وەخەرج نادەم.

– ئاخـــر قــوربان! دەبێــتــە بێ ئەدەبی لە ڕووتا من ئەم کــچــەم خۆشدەوێ.

– من هیچ تەشقەڵەیەکت پیاناکەم ئازادی ئازادی. مەیلی خۆتە کێ هەڵدەبژێریت. بەلای منەوە گرنگە ژن بهێنیت. دایکی وەک فیشەکە شێتە تەقییەوە:

– مەگەر من تەشقەڵەگیرم. تاوانە حەز بکەم کوڕەکەم کچێک بهێنێت هاو پایە و ڕێزی خانەوادەی خۆم بێت. ئەمە گوناحە حەز نەکەم کچەتیوەیەک بێ بە بووکم؟

– دەوڵەت! مەیکە بەزم. ئەوی بۆ ئێمە گرنگە ژن هێنانی فەلامەرزە. بۆ خۆیشی نە منداڵە و نە گەوج؛ هەرکێ دێنێت با بهێنێ. بەمەرجێک ئێمە تووشی سەرشۆڕی و ئاوچەشمان کەمی نەکا. ئەوەندە بەسە تازە بۆ وا ئاگر دەکەیتەوە؟ ئەو یارووەی وا تۆ دیوتە چ کارەیە؟ لەوە دەچێ تەنها تاوێک دیوتە، ئەمە بەڕەوای نازانم وای دەرحەق بیرکەیتەوە.

دەوڵەت خانم لووتێکی بادا و لای وەرچەرخاند و وەڵامی ئەمیری نەدایەوە. فەلامەرز وەڵامی دایەوە:

– قوربان! هاوکلاسیمە زۆر زیرەک و ژیر و خوێندەوارە. خەڵکی ئەسفەهانە.

ئەمیر قسەکەی پێ بڕی وتی:

– خۆزگە ئەسفەهانی نەبوایە.

– قوربان! ئەسفەهانی هیچ عەیبەکیان نییە. تەنها زیاد لە پێویست زیرەک و هوشیارن. تازە کچە، کچی خێزانێکی لە بنەچەکدا لوڕن و

چل پەنجا ساڵ لەمەوبەر کۆچیان بەرەو ئەسفەهان کردووە. لەمانە گوزەشتە لوڕستانی بێت یا سیستانی یا کوردستانی بۆ خۆم خۆشم دەوێ. ئەوە بۆ من مەسەلەیە.

ئەمیر ڕوو بەدەوڵەت خانم:

– تۆ هەمووی لە ڕاگوزەرا بۆ تاوێک ئەو کچەت دیوە، ناڵێی بۆ وا سەنگەرت لێ گرتووە؟

– زۆرە؟ خۆ زۆر نییە، من حەزم لێ نییە کچە زانکۆیی ببێت بە بووکم.. چاوم کوێر بێ و ئەداو ئەتواریان نەبینم.

– هەر ئەمە؟

– ئەی ئەمە کەمە؟ هەزار شتی تریش.

– من نازانم تۆ چۆنی بۆ دەچیت؟ با بڵێین سبەی هاتو فەلامەرز ژنی هێنا و. کچە زانکۆیشی هاورد. سەر سەر دەیباتە ماڵی خۆی و دەتوانی هەر نەیبینی..

– نەیبینم چییە؟ خۆ ناچارم منداڵەکانی ببینم. ڕاستت بوێت. ئەمانە هەمووی قسەی موفت و بەلاشە. من تاقەتی هەرچیوپەرچی و کچەتیوی ئەملاو لام نییە. مەگەر کچ قاتە بگەینە کچە لوڕێکی بێ سەروپای کەس نەناسی. ئەسفەهانی بێ باوک و دایک.

– لەم قسانە گەڕێ. کار مەدە دەستمانەوە؛ دونیا گۆڕاوە بیروڕای سەردەمی ئێمە لەم ڕۆژەدا نە گونجاوە و نەشیاو.

تا ئەو دەمە فەلامەرز گوێگری شەڕە دەنووکی دایک و باوکی بوو ڕوو بەدایکی وتی:

– دایە گیان! من ژن بۆ خۆم دێنم. ژنێکیش دێنم حەزی لێ بکەم. سا کچی گاوانێک بێت یا کچی ئەمیری ڕۆژهەڵات، بۆ من یەکن.

زۆریشم لا ناخۆشە وا نیگەرانی ئەم بەزمەی. ئەوە بزانە ژنێک نایەنم ڕەزامەندیی جەنابتی لەسەر نەبێت. ئەمەیانت بەدڵە. هەستا چووە لای دایکییەوە دەستی ماچ کرد و وتی:

- بەدڵتە. وا نا؟

دایکی پەروەردەی ڕەسم و ڕەواڵی بنەماڵە ئرستۆکراتییەکان و شێوەی زیندەگی و ڕەوشی گەورە ماڵان بوو. وەک پەیکەرێکی بەردین بێدەنگ وەڵامی نەدایەوە و هەتاوەکو بەچاویش سوپاسی دەست ماچکردنەکەی لێ نەکرد.

ئەمیر وەڵامی دایەوە:

- نا، بەدڵی نییە. قسەکانت ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ جارێک ژن هاوەر نیت و گاڵتە بەعەقڵی ئێمە دەکەیت و ڕۆژگار دەگوزەرێنیت..

- حاشا قوربان! بەسەری جەنابت قەسەم ژن هاوەرم. بەڵام بەدبەختی من لەوەدایە ئەو کچە لوڕە بێ سەروپایە - ئەڵبەتە بەقسەی دایکم - چوە بەڕقاو شووم پێناکات، کە نایکا.

- خەریکی تۆزێ گێژم دەکەی. ئەوی ئاواتەخوازی کچێک بێت لە تۆدا هەیە، چوار پێنج ساڵە بەیەکەوە بوون، یەکتریش باش دەناسن ئیدی بۆ شووت پێ ناکا؟ ڕەنگە سەری لە جێگەیەکی ترەوە گەرم بێت؟

- قوربان ئەوەیان نییە.

- یانی دەزانی بۆ شووت پێ ناکا؟

فەلامەرز بێ دەنگ بوو. ئەمیریش نەیویست لەوە زۆرتر بیخاتە تەنگەبەریەوە. هەرسێکیان بێدەنگ بوون فەلامەرز هەڵسا و وتی:

- دەتوانم مەرەخەس بم.؟

ئاسمانی شار بۆنی بەهاری دەدا.. خەڵکەکە کەم کەم دەچوونە پیری نەورۆزەوە، زەوی هاتبووە هەناسە کێشان سەعات و نیوێکی مابوو بۆ ژوانی. بەچاکی زانی سەرێک لە نووسینگەکەی کامەران خان بدا. کە ڕۆیشتە ژووری ئەندازیارانەوە سەلاوێکی گەرم و گوڕی کرد و وەلامێکی سارد و سڕی وەرگرت و هیچی نەوت. دەیزانی ساردی و ڕقەبەرییەکە لە چی سەرچاوەیکەوە هەڵدەقوڵێت. لە فەرهەنگی ئەواندا هاتوچۆی دەربار و هەڵسوکەوت لەگەڵ دەرباریانا بەخەونێکی ئەفسووناوی دەزانن و لێهاتوویی ئەو لەو ئارەزوویە وەدووری خستوون و سەرکەوتنەکەشی بەڕێکەوت و دەستی تەقدیر دەزانن؛ ئەگینا کوڕە قوتابییەکی شارستانی ئەگەر ڕێکەوت نەبێت چۆن بەپەنجەمۆری چەندین ئەندازیاری بیانی و خۆماڵی لە ئاوا تاقیکردنەوەیەکی هونەریدا زاڵ دەبێت بەسەر ئەو هەموو ناوە ناسراوانەدا؟ بیستبووی کە وتوبوویان «کوڕە کەچەڵە بازی بەسەرەوە نیشتەوە».

زۆری نەکێشا سکرتێرەکەی کامەران خان هات بەدوایدا و وتی:

– فەرموو. کامەران خان چاوەڕوانتە. موهەندس وەدوای کەوت بەرەو لای موهەندس کامەران. هەر لە ژوور وەدەرهاتن موهەندس فولادی تا ئەو حەلە خۆی بەخەت کێشانەوە خەریک کردبوو، خەتەکەش و پێنووسی بەتووڕەییەوە تووڕدایە لاوەو دای بەسەر سنگی خۆیدا و وتی:

– فولادی! مەرگتە. بنوارە بەخت و دەستی تەقدیر چی بەسەر هێنایت. کوردە لادێیەکی وا زاڵ بێت بەسەرتا. تف لەم ڕۆژە ڕەشەی تیادای فولادی!

یەکێک لە ئەندازیاران لەبەر خۆیەوە وتی:

– ئاغای فولادی! بەخت مەختی چیتە؟ کابرا ئەورۆ لەناو تەواوی چاوساقانی میعماری وڵاتدا ناو هەر ناوی ئەوە. ڕەنگە منیش وەک تۆ شاکامی پێ ببەم؛ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو کوڕە بۆ خۆی نەبێت و شایستەی ئەو سەرکەوتنە نەبوویێت. تەواوی شکڵ و شەمایلێکی میعماری تایبەتمەندی لە کارەکەیدا بەکار بردبوو. کابرا لە خۆڕا بەسەر ئێمەدا سەرنەکەوتووە. بەختی چی و تڕی کەری چی؟

– دە وسبە وس. تۆیش نازانی چۆن کەللە شەکەر دەشکێنیت. دەڵێم بەختی هێنا، یانی بەختی هێنا.

– ئەی من و تۆ بۆ ئەو بەختەمان نەهێنا. وەک ئەو بەشدار نەبووین؟ وەک ئەو خۆمان ماندوو نەکرد؟ تۆ بۆ ئەوە ناسەلمێنیت ئەو پڕۆژەیەی ئەو ڕووی کرد لەگەڵ هی ئێمەدا زەوی تا ئاسمان جیاواز بوو. ئەوەندە لە دەرونتا لوولی مەدە.

– وتم وسبە و ژاوە ژاو. بۆ ناچی بڕۆیت ببی بەشاگردی؟

– بەمن قایڵ نییە. ڕەنگە دان بەجەنابتا بنا. ئازاکە تا لە نووسینگە نەڕۆیشتووەتە دەرەوە بەرەو دەربار بڕۆ دەست بەدامێنێ بە..

– نەمزانیوە ئەوەندە بێ تام و خوێی.

– وەڵڵا خۆ من زەمانێکە دەزانم تۆ وەک دەهۆڵێکی دەنگ گەورەی ناو خاڵی وایت. شتێکە دەنگم نەکردووە.

– جا فەرموو دەی! ئەمە گورز و ئەویشە مەیدان.

– برادەر دەڵێم تۆ کابرایەکی دەستەپاچە و گرینۆک و گەوجیشی، باوەڕناکەی. بۆچی ئێمە لە زۆرخانەداین یا چاڵەمەیدان؟

– هەرکامیانت لا چاکە ئامادەیم؛ زۆرخانە. یا چاڵەمەیدان؟

– وەڵامی پیاوی گەوج بێدەنگییە؛ بەڵام دەبێ ئەوە بزانیت سەد ساڵی دیش ناگەیتە فەلامەرز. ئەو سەد ساڵی بەدووهەفتە بڕی. ئەو توانیی من و تۆ نەمانتوانی. جا بۆ خۆت لە سکی خۆتا بایدە و لوولی دە و ببۆڵێنە. سەدان ئەندازیاری میعماری هیچ تیا بەسەر نەبووی وەک تۆ لەم وڵاتەدا بەدوای نانا وێڵ و سەرگەردانە، بڕۆ نانێک بخۆ و نانێک بکە ساقە سەری موهەندس کامەران.

– دەتەوێ چی بڵێی؟

– هەر ئەوانەی وا وتم. بۆ دواجاریش ڕایدەگەیەنم جارێکی دی بەمن نەڵێی وسبە. تێگەیشتی؟

فەلامەرز دووبارە هاتەوە ژوور دولابەکەی ئەوسای خۆی کردەوە و چەند کاغەزێکی دەرهێنا و ڕوو بەدانیشتوان وتی:

– برادەرینە بەدوعا!

لە نووسینگە وەدەرهات و بەرەو پانسیۆنەکەی یاسەمین وەڕێ کەوت. دووسێ ڕۆژیک دەبوو فەلامەرز سەری لە کارگای دەربار نەدابوو. باوەک لی لی ئاگاداری چۆنیەتی کاروباری کارگەکە بوو، خۆی پێڕانەگیرا و تەلیفۆنی بۆ کامەران کردبوو کە فەلامەرز پەیوەندی لەگەڵا بکا. هەم فەلامەرز و هەم یاسەمین بەدوا پرۆژەی کۆلێژەوە سەخت گرفتار بوون؛ ماندوویییان لێدەباری. فەلامەرز دەستی بەزەنگی پانسیۆندا نا، یاسەمین لە دەرگا وەدەرهات. بێ هیچ سەڵاو و قسە و باسێک دەرگای ماشینی کردەوە و سوار بوو. ماتەمییەکی سامناک هەردووکیانی داگرتەوە هەردووکیان بێ دەنگ کپ کپ و زاق زاقێک دەیاننواڕییە دەرەوەی ماشینەکەدا.

لەپڕ فەلامەرز وتی:

– وەرە کچی باش بە. با ئەم بەزمە ببڕینەوە ئیتر پێوە نەماوە.

– کام بەزم؟ مەگەر شتێکی تازە ڕووی داوە؟

– لێگەڕێ لە تازە و کۆن.. شووم پێ دەکەی یا نا؟

یاسەمین ئاوڕێکی سەرسامانەی لە فەلامەرز دایەوە و وتی:

– ئێمە لەم ڕووەوە زۆر دواوین، دووتایشمان بەم جۆرە ژیانە ڕازی بووین چییە دووبارە ئەم باسەت لا تازە بووەتەوە، خەوت دیوە؟

– یاسی گیان! گوێ لە قسەکانم بگرە، ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەبا. پیر دەبین و هەر وایە. هەزاران ژن و مێرد هەن شەو و ڕۆژیان تەرخان کردووە بۆ ململان و تێکۆشان و ژیانی تایبەتییانیش دەگوزەرێنن و ماڵ و منداڵیشیان دەبەن بەڕێگەوە. ئێمەش وەک ئەو هەزاران ژن و مێردە لە ژیان و ململاندا بەردەوام دەبین ئەگەر بەڕاستی یەکترمان خۆش بوێت؟

یاسەمین بەتووڕەبوونەوە وتی:

– ئاوام لەگەڵا برۆی دادەبەزم؛ تۆ "ئەگەر" دەخەیتە خۆشەویستیمانەوە. من لە خۆشەویستیمدا ڕاستم. نازانم بۆ تۆ ئەگەر بەم شێوەیە هەڵی سەنگێنی و کێشانەی کەی؟

– من چارەیەکی دی وەدی ناکەم. یا دەبێ بوینە ژن و مێرد یا کاروباری دەربار بەجێ دەهێڵم. ئەمە دوا بڕیارمە.

– تۆ دەڵێی لێت قەوماوە؟ ژن و مێردی من و تۆ چ پەیوەندییەکی بەکاروباری دەربارەوە هەیە؟

– دەڵێم هەیەتی.

– ئاخر چۆن؟

– دەڵێم هەیەتی یانی هەیەتی.

– چۆن و مۆنی ناوێت شووم پێدەکەی یا نا؟

– هەڕەشەم لێ دەکەیَ؟

– گاڵتە ناکەم؛ دەیکەی؟

– نەء، نایکەم.

– تەواو، ئیتر لەم ڕووەوە لەگەڵتا نادووم. وەک وتم لە کاروباری دەربار خۆم دەکێشمەوە. ئەمەشم بۆ برادەران نووسیوە، تەواوی ئازارەکانم تیادا ڕوون کردۆتەوە. دەستی بەگیرفانیدا کرد و نامەیەکی وەدەرهێنا و دای بەدەستی یاسەمینەوە و وتی:

– ئەوەسا هەموو شتێکم تیا نووسیوە. بۆ خۆتیش لە مێژا بیخوێنەوە.

– ئەمانە هەمووی سەرچاو! پێم ناڵێی ژن و مێردی من و تۆ چ جۆرە پەیوەندیێکی بەکاروباری دەربارەوە هەیە، بۆچ ئەم دوولایەنە جیاوازەت بەیەکەوە پەرچ داوەتەوە؟

– من نەم داوە؛ بەڵام بەوردی بەیەکەوە پەرچیان خواردووە؛ یانی ژیانی تایبەتیمان لەگەڵ کاروباری سیاسی و هەردووکماندا ئالاون بەیەکدا و ڕۆژ بەڕۆژیش تێکەلاوتر دەبن. ئەگەر بە ژن و مێرد بین بەئاسانی بەسەر گرفتارییەکانماندا سەر دەکەوین. ئەگەر هەرواش خۆمان بدەینە دەستی ڕۆژگارەوە ڕۆژ بەڕۆژ دەر و پەنجەرەی گرفتاری و ڕووداوی سەیر سەیرمان لێ دەکرێتەوە. بۆ ئەمە ناسەلمێنیت؟ خۆ تۆ ناوی لیلی خانمت بیستووە؟

– ئا بیستوومە.

– تەواوی کاروباری پرۆژەکەی لای من، هەر تەواوی لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی ئەودایە. ئەویش بەوردی خەیاڵی پێداوم و

دەرگــای ڕاز و نیــازی لەگــەڵمــا کــردوەتــەوە. هــەتاوەکــو مــوهــەندیس کامەرانیش هانـی ئەوەم دەدا و تەوژمێکی پەنهانی خسـتووەتە سەرم و هەسـتی پێـدەکـەم. ئەو تـەنهـا بیـر لـە بەرژەوەندی خـۆی دەکـاتەوە، دەربەسـتی هەزارانی وەک من نییـە. یەشـتـا دەڵێـی پەیوەندی لە نێـوانا نییە؟

دەیسـانەوە بێ دەنگی لـە نێـو مـاشـینەکـەدا باڵی ڕاکێشـا. یاسـەمین لەناو ژانتـا دەسـتـییـەکـەی پارچەیەک دەسـتـمـاڵ کـاغـەزی دەرهێنا و چاوی سڕی. بەدەم فرمـێسک ڕژانێکی ئارامەوە ژمـێراو لەسـەر خـۆی وتی:

– وا نـەزانـی بەتـەمــای ئـاوا بـەدەبـەخــتــیــیــەک نـەبـووبـم. لـە ڕۆژی یەکەمــەوە ئەو ترسـەم لێ نیـشـتـبوو، دووچار و گـرفـتـاری ئافـرەتێکی هەوەس ڕانی ئەو بنـارەبیت. دیارە ترسـەکـەم لە خـۆڕا نەبووە، ئەوەسـا بەدی هـات. ئەم بـەدبەخــتــیی و نابـەرانبــەرییــەش دەخــەمــە ســەر ســەرگــوزەشــتــەی پڕ لە نـاسـۆری وڵات و خـەڵک و خـۆم وەک هـەزاران بۆنەهاتی تر.

– یاسـی گـیـان! وەرە ژیرانە تیـفکریە و وردەکـارانـە با لە خــۆمـان بدوێین و ئەوەنـدە سـەخـتـی لێ مـەنوە. فـرە فـرە زۆر نـایەڵین منداڵمـان بێت.

– نـا فـەلامـەرز! نـا. تۆ باش مـەسـەلەکـە هەڵنـاسـەنگێنیت. لە بیـری خۆتی دەبـەیتـەوە. ئێمـە تێکڕا بەسـەر گـڕکانەوەین؛ هـەر سـات ڕەنگە بتەقێتەوە. ئەو حەلە بەرگەی هیچ تەوژم و بیگرە و بەردەیەک ناگرین و دەبینە هۆی دووچاری خەڵک و گرفتـاری هـاوەڵانمان. ئێمە لە ئاوا هەل و مەرجێکدا ڕەوایە بەو شێوە بیرکەینەوە؟

– یانی بەم حیسابە ئەوی ماڵ و منداڵدار بێت، کەڵکی هیچیان پێوە نییە و دەبنە هۆی دەردەسەری خەڵکی و سبەی میللەتێک پێوە دەدەن وا نا؟

– من دەربارەی خۆم دەدوێم؛ تا سەڵت و قوڵت بم، ئازاتر و بەئیمانترم و بار سووک تر نەتبیستووە وتراوە «کەرکوڵ و بارسووک».

– بیستبووم لوڕ کەللە ڕەقن، نەمدەزانی بەم ئەندازە لاسار بن.

– بۆچی ئەمە نێو دەنەی لاساری؟

– ئەی چی ناونەم؟ هەرچیشی ناونەین بێ سوودە تا وەڵامی برادەرانمان پێ نەگا. ئەوان هەرچیان وت ئەنجامی دەدەین.

– ڕای منت دەوێ؟

– یانی چی؟ بێ تۆ مەگەر دەکرێت؟

ئەوان ئەو پەیوەندە بەهەلێکی زێڕین دادەنێن و بەدڵ و داو هانت دەدەن لەبەردەوامیدا.

– ئەی ژیانی تایبەتیی ئێمە چی؟

– ئەوەیان هێندە بەلاوە گرنگ نییە. دەبینن خەڵکێکی زۆری ئەم وڵاتە لە ڕێگای ئامانج و ئارمانی میللەتدا ڕۆژانە دەبنە قوربانی. ژیانی تایبەتیی ئێمە تووشی گرفتارییەکی قۆناغی بێت بۆ بەرژەوەندیی تێکڕایی بەشیاوی دەزانن؛ بێگومان هانی ئەوەت دەدەن و بەململانێیەکی تێکڕای دەزانن.

– تۆیش وا تێدەفکریەیت.

– تۆ ڕاستت دەوێ؟

– خۆ گاڵتە ناکەم.

– من نەک تەنها عشق و ژیانی تایبەتیم بەڵکو ئامادەی

خۆبەختکردنیشم. خراوم لێ تێنەگەی، لەم دونیادا تەنها شتێک لە تۆ زیاتر خۆشم دەوێ وڵاتەکەمە و بەس ئەگینا تەواوی فکر و زکر و تەواجودم لە تۆدا تواوەتەوە. ئێستا دەبێ پەی بەگڕوگڵپەی دەروونم ببەی کە چۆن بەئارامی دەسووتێم.

فەلامەرز دەستی یاسەمینی گرت و دووسێ جار ماچی کرد. پڕی قوڕگی بووبوو لە گرینا لەسەرخۆ وتی:

- لێگەڕێ، با چاوەڕوانی وەڵامی برادەران بین.

گەیشتبوونە نزیکەی ڕستورانی چاتانوگا.. لە گۆشەیەکدا ماشینەکەیان ڕاگرت و فەلامەرز وتی:

- تۆزێک سەور کە با بەم شێوە نەڕۆینە ژوورەوە. دووتامان دەڵێی کۆسمان کەوتووە. ئەگەر چی ساردیشە، با تۆزێک لەو باخچەی ڕووبەڕووەدا پیاسەیەک کەین تا دێینەوە سەرخۆمان. موافیقی؟

- خۆ خەریک بووم من ئەوە بڵێم. بەسەر ئەم هەموو گرفتارییەدا دەبینی چەندە ناخ و دەروونمان لەیەکەوە نزیکە و تێکەڵاوە.. خۆ دەبێ هەر واش بین. خراو تۆقیاوم ترسی تۆ لە دەستدان تووشی ئاشوفتەگییەکی پڕ لە دڵەلەرزەی کردووم. بەتایبەت لەم دوادوایەدا ئیتر پەریشانی بووم. دەترسم لە دەستت دەم.

تا ئەو دەمە شان بەشان دەڕۆیشتن بەرێگەوە. فەلامەرز دەستی یاسەمینی گرت و نەرم وشاردی. یاسەمین سەری نووساندە شانییەوە. دەم دەم فەلامەرز سەری لە ڕوخساری نزیک دەکردەوە هەڵمی هەناسەیان تێکەڵاو دەبوو کە گەرمی هەناسەی فەلامەرز دەیدا لە ڕوخساری یاسی دەیوت:

- دەی توخوا دەی. با هەناسەکەت هەڵمژم و بۆ تاوێک تەواوی

گرفتاری خۆم و دەوروبەرم لە بیرباتەوە. گەیشتبوونە لای کۆمەڵێک پەیکەری نیوە تەنەی شاکانی مێژووی ئێران، بەدوولای پاپلکانەیەکی سەر بەرەو ژوورا ڕیز دانرابوون و بەسەر و ڕیش و سمێڵی با بەرو سەروپرچی ئاڵۆزی برۆنزییەوە زاق زاق دەیان نواڕییە هات و چۆکەرانا. یاسەمین بەلای پەیکەری شاعەباسی سەفەوییەوە ڕاوەستا و وتی:

– کابرا بەخۆیەوە ڕانەوەستاوە، هەرچی شای چاک و خراوی قووڵایی مێژووی ئێران هەیە هێناویەتە هاناوە.

– باشە بەلای تۆوە ئەمەیانت لەسەر کام چین ژمێراوە؟ یاسەمین دەستی هێنایە سەر سمێڵەکانی شاعەباسدا و وتی:

– ئەمەیان باوەک توانا و دەسەڵاتی ئێرانی پان و پۆڕ و بەربڵاوکرد بەڵام یەکێک بووە لە خوێن ڕێژە بەناوبانگەکان؛ هیچ زمانێکی نەزانیوە لە زمانی شمشێر زیاتر.

فەلامەرز ئاوڕێکی لە کاتژمێرەکەی دایەوە و وتی:

– درەنگە با بگەڕێینەوە. ئالەمتاج و ئەسفەندیار چاوەڕوانمانن کابرایەک دوو سەگی سنک کردبوو ڕەسی یەکێکیان گوریسێک درێژ بوو سەگەکە بەرەو لایان ملی نا. یاسەمین لە ترسا خۆی لە پشتی فەلامەرزەوە شاردەوە.

خاوەن سەگ خوڕییە سەگەکە و گەڕایەوە. فەلامەرز ژەندییە بندەستی یاسەمینەوە و وتی:

– لە سەگ زۆرتر دەترسی یا ساواک؟

– ڕاستت بوێت لە هەردووکیان. شتێکە سەگ سەگە و ساواکیش سەگی هارە.

پلانی ڕستۆرانی چاتانوگا لە دوو بەشی جیاوازی بەرز و نزم پێک هاتبوو بەهەوارگەی تیپی گەنجانی شاری تاران و خواپێداوانی هەزار خێزانی دەوڵەتداران دەژمێردرا. لە دەرگا چوونە ژوورەوە. چاوێکیان گرِدا ئەسفەندیاریان وەدی کرد لە سەرینەوە دەستی بۆ تەکان دەدان. لە سووچێکەوە کابرایەک ئارام و لەسەرخۆ سمتووری لێدەدا.

یەشتا جێگەکەیان گەرم نەبووبوو فەلامەرز ئاورێکی لە دەورووبەر دایەوە و وتی:

– کابرا تیا سەرکەوتووە.

ئەسفەندیار تێنەگەیشت مەبەستی لەچیدایە. بۆیە وتی:

– کام کابرا؟

– ئەندازیاری دیکراسیۆنی ئەم جێگەیە. ئەمە یەکەمین جارمە دێم بۆ ئەیرا بەڕاستی ڕەنگ ئامێزییەکی وەستاکارانەی ئەنجام داوە

یاسەمینیش هاتە جواو:

– بەکاربردنی ئەم جۆرە ڕەنگانە ئازایی دەوێت.

ئەسفەندیار قسەی یاسەمینی بڕی و وتی:

– دیارە ئێوە کەم هاتوچۆی ئەم جۆرە شوێنانە دەکەن؛ ئالەمتاج بەمۆڕێکەوە وتی:

– کەس وەک جەنابت شارەزایی تەواوی کون و قوژبنی ئەم شارە بەقوڕ گیراوە نییە، بەتایبەت ئەو جێگانەی بەستەگی بەبەزم و چەقەنە لێدانەوە بێت.

– هەم دەستت پێکردەوە. هەر نەبێت لە ئیمشەو گەڕێ خۆ دەبینی میوانمان هەیە و لە خزمەتی ئەم دوو ئازیزە داین.

– جـا چیم وتـووە، سـتـایش لە ئاشـنایی و لێـزانیت دەکـەم. خـراپم وتووە..؟

– مێرسـی خـانم! سوپاسـی ئەو وردەکارییەت دەکەم.

ئەسفەندیار لیوانەکەی بەرز کردەوە و وتی:

– بەسەلامەتی.

هەرچواریان تەنکە مژێکیان لە لیوانەکانیان دا.

ئەسفەندیار وتی:

– شـەرابی سوور لەگەڵ گۆشـتی سـوورا لەزەت بەخشـە، ئەیراش وەک من ئاگاداربم چاکترین ئستیکیان هەیە. ئالەم وتی:

– ناڵێم ئەسـفەند ئاگاداری هەمـوو شـوێنە. شـا گەوجـە؛ وەئیـلا دەبوا بیکردبا بەوەزیری گەشت و گوزار. ئەسفەندیار بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– کێ دەڵێت دەیکەم. نازانم مەگەر زۆرم لێکەن.

کـابرای سـمـتـوور لێـدەر پارچەیەکی مـوسـیـقـای تەواو کـرد و دانیشتوان چەپڵەیان بۆ لێدا.

## ٢٩

خۆ ئێوە بەڵێنتان بەمن دا ئازار و ئەزیەتی میهران نەدەن؟

– جا کێ دەڵێت ئازار دراوە؟

– چووزانم.. من بۆخۆم دەڵێم. کەسێک گرفتاری ئێوە بێت دەشێ تووشی ئازار نەیەت؟

– بۆچی نا. هەزاران کەس لەلایەن ئێمەوە گیراون و ئازاریشیان پێنەگەیشتوە و بەپێچەوانەشەوە خێر و بەرەکەتیش ڕژاوەتە سەریانا؛ چونکە بەگوێمانیان کردووە و هاوکارییان لەگەڵمانا کردووە و ئێستاش گەلێک لە خۆیان ڕازین و هەست بەسەرفەرازی دەکەن. ئەوەی دەرحەق بەئێمە بڵاوی دەکەنەوە، قسەی خۆفرۆشەکانە. ئەوانەی وا لە بنەچەکدا بێ وەتەنن شکەنجە و لێدانێک لە گۆڕا نییە.. مەگەر ناچار کرێین، ئەو تۆمەتانە لە فەرهەنگی ئێمەوە بەدوورە.

– ئا ڕاست دەکەی، بەگیانی ئەو دایکە سووسەنەکاوییەت ئازارتان بەمێروولە ناگا. مەگەر من نامەی تکاو تەمەنام ناردە دواتانا تا وا بەزۆر سوارم بن و ئاوام بەسەر بهێنن، وانا نامەم ناردبوو؟

– یەشتا هەر لەسەر ماڵت دەڕۆی؟ ئەوە کۆن بووە سبەی سک و زا دەکەوێتە نێوانمانەوە و دەبیتە خزم لەو بەزمە گەڕێ..

– ناسکەم خزمایەتی، چ خزمایەتییەکی بەفەرهەنگ و سەردەمانە. ئەرێ خزم گیان تۆزێک باسی میهرانم بۆ ناکەێ؟ وەزعی چۆنە؟

هەموو شەوێک سیمفونیای بتهۆفنی بۆ دەخەنە سەر و دەیلاوێننەوە؛ وا نا؟

– ڕاستت دەوێ تا بەئەمڕۆ هەر لە قۆناغی بێ دەنگیدایە و یەشتا ناچاری شت وتن نەکراوە؛ بەڵام ئەو وەزعەی هەروا بەردەوام نابێت و دێنە وێزەیدا و میرزای دەگرن.

– یانی ئێوە نابینن؟

میهرداد وەڵامی دایەوە:

– ئەو جۆرە سین و جیمانە لێزانیی خۆی هەیە. ئێمە ڕاوچین و. ئەوان کەبابچی.

– بڵێ ئێوە سەگی ڕاون و. ئەوانیش قەساو.

– ژیلا فرمێسک لە چاویدا زڵەی دەهات. لەبەر خۆیەوە وتی:

– چاوت لێیە چیم بەسەر میهرانا هانی؟ خوایە تۆ ئاگاداری چەندە بێ تاوانم.

میهرداد بەتووڕەبوونەوە وەڵامی دایەوە:

– حەرامزادەی وا هەر دەبێت لەو جۆرە جێگانەدا بێت. تۆ لەخۆڕا تاوان دەخەیتە ئەستۆی خۆت. بەپێچەوانەوە، هەرچی بەسەر تۆدا هاتووە تەواوی لە ئەستۆی ئەوە؛ کابرا پێی وایە شار بێ خاوەنە و قارەمان بازیمان بۆ دەردێنێ و خۆی بەجیڤارا دەزانێت و گاڵتە بەتوانای ساواک دەکا. ئەگەر خراوکاری نەکردبا ئێمە بۆ یەخەی دەگرین؟ تۆ بەئاگری ئەو سووتای نەک ئەو بە هی تۆ.

– کام ئاگر؟ میهران زەرەر و زیانی بۆ هیچ گیانلەبەرێک نەبووە، نەک لە هوشیاریدا بگرە لەخەویشدا.

– دەڵێم تۆ گەوجی، باوەڕ ناکەی. ئەمانە ڕووخێنەرن، پیاوکوژن، خراوکارن. میهرانی لای تۆ یەکێکە لەو گەورە خراوکارانە و سەردەستەی ڕێکخراوە. ئێمە لەوە دڵنیاین ئەمڕۆ بێت یا سبەی دەکەوێتە بلبل زمانی و هەرچی پێیە هەڵی دێنێتەوە.

– دەزانێت دەنگی لە لایەن منەوە تۆمار کراوە؟

– نازانم. دوایی بۆت دەپرسم. سبەی شەو دێم بەدواتا.

– بەناخێری گیانت دەتەوێ بۆ کوێم ببەی؟

– بەڕێوەبەرەکەم دەیەوێ چاوی پێت کەوێ.

– نۆرەی ئەوە، وا نا؟

– نۆرەی بێت یا نا، ئەگەر بیەوێت دەتوانێ سواری منیش بێت.

– جیاوازی نێوان من و تۆ لەوەدایە تۆ لات خۆشە سوارت بێت منیش ڕشانەوەم دێت.

– لاوە بڵێ، لە کوێنەدا دادەبەزی.

– لە شەقامی شارەزادا. نامەوێت کەس بمبینێت. سبەی دەزانن چ کارەم و کەری سەر چ ئاخوڕێکم.

– کچەتیو! ئاگات لە دەم و زمانت بێ.. بەتایبەت سبەی شەو هوشیاربە چی دەڵێی.

– نەبم چی؟ ئەو لە تۆ بێ دایک و باوکتر و نامەردیشە بێ ئابڕووبوونە؟ کراوم. لێدانە؟ لێدراوم. بەندکردنە؟ کردووتانە. ئەوی خۆشم ویستووە..؟ بۆم بووە بەخەو.. تازە دەتانەوێ ئەدا و ئەتوار وەدەربهێنم و بکەومە ئای وئوف و ناز و نوکەوە؟ وات دەوێ؟ سبەی دوولنگی بۆ ڕووت دەکەم تا ئەویش وەک ئێوەی بێ باوک و دایک ئارەزووی خۆی بشکێنێت و تەواو.

- لەیرەدا دادەبەزی..!!

ژیلا دەرگای ماشینی کردەوە و لە ماشێنی دابەزی و کەوتە ڕێ. لەو چوارڕیانی شارەزا و پەهلەوی تێپەڕی و هەروا هەنگاوی دەنا بەرەو کۆلێژەکەی. بیری لە بەسەرهاتی خۆی دەکردەوە، بەتایبەت قسەکەی میهردادی وەبیرهاتەوە کە وتبووی «زۆر لە کچانی کۆلێژەکەت وەک تۆ کچێنییان لە دەست داوە و ئاو لە ئاویش تەکانی نەخواردووە. کێ دەڵێت شەرەف لەناو گەلآیە؟».

ئینجا خۆی دەدواند: ڕەنگە زۆر کەس وەک من کچێنی لە دەست دابێت؛ بەڵام کەس وەک منی بەسەردا نەهاتووە نە ڕێگەی پێشم هەیە نە پاش. خراو وەگیریان هێناوم.. مەگەر خوا هەر خۆی بگاتە فریاما. بەدبەختییەکەم لەوەدایە ناتوانم دەردی دڵم بدرکێنم. ئەوانەی خۆشیانم دەوێ، پەڕیان لێدەگرم. تاعوون لێدراوم وا نەکەم تووشیان دەکەم.. خوایە پەنام بەتۆ!.

گەیشتبووە حەسار و تەلبەنی زانکۆ.. دەنگی بژی و بڕووخێ لە دوورەوە دەبیسرا. پۆلیسی تێلآبەدەست لە بەر دەرگای سەرەکی زانکۆدا تۆپەڵیان کردبوو. بەرگرییان لە هورووشی قوتابییان دەکرد بەرەو شەقام. جنێودان و بەردهاویشتن لە دوولاوە دەبیسرا و دەبینرا. لە دەرگای سەرەکی زانکۆ ڕۆیشتە ژوورەوە، لەبەر خۆیەوە وتی:

- شەرەف لەناو گەڵدایە، یا لە بیر و تێڕامان و کار و کردەوەدایە؟ ئەگەر لەناو گەڵدا بێت هیچیان بۆ نەهێڵامەتەوە. ڕەنگە هەرگیزیش بەدەستی نەهێنمەوە. بەهەرحاڵ ژیلا! تووش هاتوویت؛ ئەگەرچی وتراوە بەزۆر گایین بەحیز نابێت، لەم ڕووانەوە قسە هەزارە و یەکێک بەکارە. من سکیان پڕکردم، بۆشیان دەرهێنام. وا وەک قەحپەیەک

دەمـدەن بەم و دەمنێـرن بۆ ئەو. ئازیزترین کـەسـیـشم لەژێر چاوی ساواکدایە. ئەتۆ نەختێک بەوردی بیری لێکەوە، بەردەوامی لە ئاوا بۆگـەنکارییـەکـدا ناو دەنەی چی؟ هەناسـەکێـشان؟ ترس لە بێ ئاوڕوویی؟ ئاوڕوو تکا دەتکێت. شتێک نییە لە بازاڕا بیکڕیت. ئەمڕۆ بێ یا سبەی بۆنی کارەساتی من دەگاتە کەپووی خەڵکی دەم بەدەم دەکرێت. ئەو حەلەیە چەقـۆ بێ ڕەحـمـانـە دەخـرێتـە برینم بەلای جانەوەرێکی وەک میهردادەوە شەرەف لەناوگەڵدا نییە و ئەگەر لەناوگەڵیشدا بێت هەرکەسێک بەجۆرێک لە دەستی داوە.

ژیلا! تۆ کارت بەخەڵکەوە چییە؟ ئایا بۆ خۆت دەتوانی شەرەفی لە دەست چووت وەدەست بهێنیتەوە؟ هەر نەبێت نیوەی، نەختێکی. کوڕە هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانەوەی شەرەف، بۆ خۆی کۆڵێک شەرەفە. ژیلا هەناسەیەکی هەڵکێشا و تیشکی ئومێد کەوتە قوژبنی تاریکیی دڵیەوە. ئا، دەکۆشم؛ هەوڵی خۆم دەدەم بەهەر بایی و نرخێک بێت تەقالای خۆمی لێدەکەم.

ژیلا کپ و غەماوی لە گۆشەیەکی کافەتریای کۆلێژدا لێی دانیشتبوو. لەپڕ یەکێک لە پشتەوە هەردووچاوی گرت. چاوگرەکە بێ دەنگ ڕاوەستا ژیلا دەستی خشاندە سەر دەستی چاوگرا. بەئارامی وتی:

– دەشێت ئەم دەست و پەنجە نەرم و نۆڵە پڕ لە موحەببەتە نەناسمەوە؟ یاسی گیان بەقوربانت بم! پێش مەرگت بم! هەڵسا و یەکتریان لە ئامێز گرت و چەندین جار یەکتریان ماچکرد. ژیلا خۆی پێڕانەگیرا و دای لە پرمەی گریان. یاسەمین دووبارە باوشی پیا کردەوە وەک دایکێکی میهرەبان سەرو زوڵفی وشاردە سنگی خۆیەوە. بەو دەستەکەشی نەرم دەیدا بەپشتیدا و دەبووە قوربان و سەدەقەی.

سەرئەنجام لەیەک بوونەوە و لە تەنیشت یەکەوە دانیشتن و یاسەمین کورسییەکەی لە ژیلا نزیک کردەوە و وتی:

– من دەزانم شتێکت لێ قەوماوە. چییە نازانم. بۆچی بەم خوشکی خۆتەی ناڵێی؟ ئەگەر وا پەرۆشیی گردنی میهرانی، دیوار نییە دەر و پەنجەرەی لێ نەکرێتەوە. نەختێک باوەڕ بەخۆبوون و سەور و تامولّ. بەرخی نێر بۆ سەربڕینە. ئەوەندە دەستەمۆی پەژارە و بێدەرەتانی مەبە. سەرتاسەری ژیان ململانە؛ ئەگەر شتێکی دییە، هەر پێم بڵێ ڕەنگە بتوانم یارمەتیت بدەم.

ژیلا ئارام و بێدەنگ دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی دەڕژاند و لە دڵی خۆیدا دەیوت:

– دەردی من بێ دەرمانە. غەمی من بێ پایانە. مەگەر مەرگ فریام کەوێ. ئەگینا هەموو شتم دۆڕاندووە.

یاسەمینیش پەیتا پەیتا دەیوت:

– ژیلا! ژیلای ئازیز! دە شتێکم پێ بڵێ.

ئاخری ژیلا هاتە قسە:

– باوەڕ بکە شتێکی وام لێ نەقەوماوە. تەنها ئەوە نەبێت نەختێک نەخۆشم. ئەوسا لە هاتوچۆی دکتۆرا ماندوو بووم. دکتۆر دەڵێت تووشی نەخۆشی کپی و دڵهوڕە هاتوویت کۆڵێک دەرمانی بۆ نووسیوم. ژیلا کە دەدوا دەکۆشا چاو نەبڕێتە ناوچاوانی یاسەمین چاوی نائارامی پڕ لە دوودڵی بەچواردەورا دەسووڕاند، ئیتر خۆی پێڕانەگیرا و ژانتا دەستییەکەی هەڵگرت و وتی:

– یاسی گیان! من دەڕۆم.. چاکتر وایە لەم ناوە دوورکەومەوە. لە دونیایەک گێژی و سەرسامیدا یاسەمینی بەجێهێلا.. یاسەمین واق و

ورِمـــاو هـەروا ســـەیری چوونـە دەرەوەی ژیـلای دەکـــرد.. دوولەپـی بەیەکدادا و لەسەرخۆ وتی:

– بێ چارە ژیلا.. خۆمە خراوی بەسەردا هاتووە.

یاسی و فـەلامـەرز ژوانیـان هـەبوو. یاسـەمـین لە مێژدا گـەیشـتـبووە جێگا لە کـاتی ڕۆیشـتنە دەرەوەی ژیلادا لە دەرەوە لەگـەڵ فـەلامـەرزدا ڕووبەڕوو بوویەوە. فەلامەرز دەستی برد تا دەستی بگرێت ژیلا دەستی کـێشـایەوە بەهەرا دوورکـەوتەوە.. فـەلامـەرزیش سـەرسـامـانە تێی دەنواڕی، بێ ئـەوەی بگاتە هیچ، هـەروا لە ڕەفـــتـــاری ژیـلا بیـــری دەکردەوە کە بۆ وا ڕەفتارێکی لەگەڵا بکا. ئارام و لە سـەرخۆ ڕۆیشـتە کـافـــەتریاوە و لـە بندەســـتی یاســـەمین دانیـشت. کــە لە یاســـەمین وردبوویەوە نواڕی هەردووچاوی تەڕی فرمێسکە.

– ناڵێی چی بووە؟ هەرچی بووە، با منیش بیزانم.

– ژیلا لـەیرا بوو.. خـراوی بەســـەر هاتووە گـەلێک پەریشـانم هاتە بەرچاو.

– ئا منیش دیم. هـەرچی ویسـتم. بەدمەوە ڕانەوەسـتـا. لەوە دڵنیـام تووشـی نـەخـۆشـیـیـەکی خـراو هـاتووە. با بەرەڵای نـەکـەین و بڕۆینە دەمیەوە.

– زۆرم دواند و هیـچی نەدرکـاند تەنهـا ئەوە نەبێت کـە دکـتـۆر پێی وتووە تووشی نەخۆشیی کپی هاتووە.

– نەخـۆشـیـی کـپی زووگـوزەرە و چاک دەبێـتـەوە؛ بـەڵام لام وایە بۆ گـرتنی مـیـهـران وای بـەسـەر هـاتبـێت یا چوزانم ڕەنگە لە کـێـشـە و گرفتاریدا بێت.

– ئەمـانە هـەمـووی بەجـێگەی خـۆی، ئەوی سـرنجـمی ڕاکـێشـاوە پەڕ

گرتن و لاتەراسکە بەستنەکەیەتی. دەبینی چۆن پەرمان لێدەگرێت؟ هەستت پێ نەکردووە؟

– با تۆزێک لەمەوبەر وا دەستی لە نێو دەستم وەدەرهێنا هەرباش بوو جنێوی پێ نەدام. خۆ ئێوە هیچتان نەچووەتە نێوان.

– گرفتاری ئەو من و تۆ نییە؛ لام وایە تووشی کۆمەڵێک گرفتاری هاتبێت و هەست بەبێ پشت و پەنایش بکا.. ئەوسا ورد و هەراشی بۆ دەگێڕامەوە. ئەرێ تۆ هەست بەدووکەڵ دەکەی..؟ یا من گریاوم.

– هەردووکیانە. کە هاتم کۆماندۆی پۆلیس دەوری زانکۆی دابوو ڕەنگە گوللەی دووکەڵییان تەقاندبێتەوە.

– نازانم بۆ وا بەم خەڵکە دەکەن. باوەڕ بکە جارەو بار دەکەومە باوەڕێکەوە خۆم بکەم بەبۆمبایەک لە نێوان چەند ناسراوییەکیاندا بتەقینمەوە.

– بۆ خاتری خوا ئەوە نەکەی. ئەی من چی بکەم؟ بۆ کوێ بڕۆم؟ خۆ منیش بەدواتا خۆم دەتەقێنمەوە

– کوڕی قۆز! تۆ نایکەی. ئەوە نییە گەرمی گەرمی لەگەڵ لیلی خانمی دەربار نیشنا و عشق عشقێنە دەکەن.

– خنجەرم لێدەدەی؟

– بەسە نامەرد! ڕێگای چەندین ساڵت بەمانگێک بڕیوە. هەمووی مەخە. سەر هەوەس بازی عولیا موخەدەرەی بەناوبانگ لیلی خانم.

– وا نازانی لەم ڕوانەوە زۆر دوابین؟ با وەک برادەران ناچاریان کردووم، ئەوی بەلای منەوە گرنگە ڕای تۆیە و بەس. لێگەڕێ با ئەم بەدبەختییەمان کۆتایی پێ بهێنین و بۆی دەرچین.

– بۆ کوێ دەرچین؟

– ها ئەوەندەی نەمـاوە دووسـبـەی بەڵگەنامـەی خـۆمـانی لێ وەردەگرین و دەستی یەکتر دەگرین و لەم وڵاتە وەدەردەچین و خۆمان دەگەیەنینە ئەو ئەوروپایە و لەوێڕا دەگیرسێینەوە و لەگەڵ برادەرانی «فیدراسیۆن»دا دەست بەکار و ئەوی لە توانامانا هەبێت دژ بەدەوڵەت و دەسەڵاتی حەمە ڕەزاشا دەیکەین. لاساری مەکە و وڕکی منداڵانە مەگرە با بڕۆین.. دوایی پەشیمان دەبیتەوە.

– فەلامەرز تۆ دەزانی من چەندە ڕۆک و ڕاستم. ئەوەشم لا ڕوونە تۆ چەندە منت لا ئازیزە؛ بەڵام دەمەوێت ئەوەش بزانی برادەران منیان ناچار نەکردووە پەیوەندیمان بەم شێوە بێت. ئەوان لەم ڕووەوە ئازادی ئازادییان کردم، من بۆ خۆم ئەوانم هان دا تا تەوژمت بهێننە سەر و لە کاروباری دەربار نزیک بوونەوەت لە لیلی بەردەوام و پەیوەندییەکەت بتەوتر و بەسوودتر کەی. ئەگەرچی لەم ڕووەوە دەسووتێم و دەسازیەم، ئەوی بەمن بکرێ بۆ هەرووژان و زەرەر و زیان بەشاهەنشاهی دەیکەم. کە دەیهێنمە بەرچاوی خۆم لە باوشی لیلی دای، دەگەمە سنووری دڵ وەستان و هستیریا. ئەما چی بکەم من لە نوێژ و ستایشی خۆما لە پەرستگا و بارەگای وڵاتەکەمدا بەردەوامم، لێم گەڕێ با ئەوەی دەیتوانم بیکەم بۆ ئەم وڵاتە داماوە.

– هەرچیت لا خۆشە بیکە.. دەبوا تۆزێکیش لەو نیوەکەیشی بیرت کردبا، کە منم. بەهەرحاڵ لەوەی دڵنیام پەیوەندی نیوان من و تۆ ئاسایی نابێ و سەرئەنجامیشی تراژیدیایە.

– بۆچی بەتەمای لە کۆڕ و کۆمەڵی یاراندا بیت و زەرەر و زیانیش نەبینی؟

– وا تێنافکریەم؛ بەڵام نارۆمە ئەو باوەڕەیشەوە کە ژن و مێردی من و تۆ هیچ زەرەر و زیانێک لە بارودۆخی ململان بدا.

– ئۆهۆ هەم برتەوە سەر مەسەلەکە. دیارە لە بنی دڵتا گومانت لە خۆشەویستیی منە؛ وەک بارەها وتوومە لەم جیهانەدا لە تۆ خۆشەویستترم تەنها وڵاتەکەمە و بەس. جا بۆ ئەوەی پێت بسەلمێنم لەش و ڕۆحم لە ڕێگەتایە، هەر ئەمشەو ئەوی کچێکی ڕۆژهەڵاتی و موسڵمان شانازی پێوە دەکا، ئەمشەو دەیخەمە بەردەستت. گەوهەری کچێنیم بەئەوپەڕی باوەڕ و دڵنیاییەوە لە ڕێگەتایە و تادەشمێنم چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی دەبم بەتەواوی بووم بەهاوسەرت؛ ئەمەت قبوڵە؟

– بۆچی ئەوەندەم بەگێل دەزانی کە نەزانم چەندی منت خۆش دەوێ؟ یا دەمەوێ ئەندازەی خۆشەویستیت بخەمە تای تەرازووکێشانەوە؟ دیارە لەزەت لە نەشتەرکاریم دەبەی؟

یاسەمین دەستی فەلامەرزی گرت و ماچی کرد و وتی:

هەڵسە با بڕۆینە دەرەوە. هەستە گەشتێکی شەمراناتم پێ بدە تا هەواو هەناسەیەک تازەکەمەوە، خەریکم دەخنکێم.

– لات خۆشە بڕۆیت بۆ ئەپارتمانەکەم؟

– کە ئاوا! ئەپارتمانت گرتووە و ڕازندوویشتەتەوە و منیش پێی نازانم، وامان وت؟

– ڕاستی ویستم بیکەمە هەواڵێکی کوت و پڕانە؛ دێی یا نا؟

– دێم تەنها بۆ بینینی و بەس.

– ئەی تاوێک لەمەوبەر چیت وت؟

– بۆچی پێت وایە لێی پەشیمانم. لات خۆشە و پێت باشە بیکەی فەرموو. هەر بەڵا دوور بێت، بۆ تۆم یا بۆ مەرگ.

– توخوا لە وشەی مەرگ دوورکەوە، لێگەڕێ بابڕۆین.

# ٣٠

چییە ئەمشەو تەواوی ئەستێرەکانی ئاسمان بەسەر شاری تارانەوە کۆمەڵیان کردووە؟ دوور و نزیکیان وەک یەک دەدرەوشێنەوە، ئاسمان لە مەخمەڵێکی جریوەدار دەچێت. مانگ یەشتا هەڵ نەهاتوە، میهرداد ڕۆژێکی سەخت و دژواری بەسەر بردبوو ئاڵۆز و ئاشوفتەبیر شەڕی لەگەڵ لووتی خۆیدا دەکرد. هەرچی بیری دەکردەوە نەدەگەیشتە وەڵام و هۆی پەریشان حاڵی و دودڵی و بێ تاقەتییەکەی. ئارام و لەسەرخۆ ماشینی لێدەخوڕی. ڕادیۆی ماشینی کوژانەوە، شریتی خستە سەر، تاوێک گوێی گرت و جنێوێکی دا و ئەویشی بێدەنگ کرد. پاسکیل سوارێک لە ماشینەکەی نزیک بوویەوە. کوتوپڕ پای بەبرێک دانا و لە پەنجەرەی دەرگاوە سەری وەدەرهێنا و یەک ژاژور جنێوی بەدەماهات. پاسکیل سوار بەحاڵ لای لێ کردەوە، دووبارە ڕادیۆکەی داگیرساند و بەتووڕەبوونەوە کوژاندییەوە.

ماشینی ئارامتر کردەوە و لە کەناری شەقامدا ڕایگرت و دەرگای ماشینی کردەوە. ژیلا سواربوو. هەرکە لەناو کورسی پێشەوەدا دانیشت و دانەنیشت بەمهیردادی وت:

– چۆنی؟

میهرداد ئاوڕێکی گێلانەی لێ دایەوە و سەرسامانە وتی:

– لەگەڵ منت بوو؟

– بۆچی کەسێکی دی لەم ماشینەدا هەیە؟

– نا، بەڵام لام سەیرە! تۆ بەمن بڵێی چۆنی؟

– لات وایە لە باخچەی وەحش و جانەوەراندا پەروەردە بووگم؟

میهرداد هەر کە هەستی بەشادی و زاڵبوون کردبا یەک دووجار لەپی دەدا بەسەر بازنەی ماشینەکەیدا؛ هەر وای کرد و لە ژیلا وردبوویەوە و لەبەر خۆیەوە وتی:

– بەه! بەه! ماشائەڵڵا چ ناز و ئەدایەک. بەمەولا! دەڵێی پەری لە بەهەشت وێڵ بوویت.

بنوارە ئەو سەروزڵفە، ئەو تەنکە ئارایشە، ئەو لێوە گۆشتنە دەستی ماڵی بەسەر ڕانیدا و. هاوار بەماڵم لەم سمت و کەفەڵە. ئەمە یەکەمین جارە بەم جلە ڕەنگاوڕەنگەوە دەت بینم. ژیلا دەستی توورِ دایە لاوە و وتی:

– هەتیو لابە بەولاوە. بەکوێری چاوت ئەمشەو لە خزمەتی ئاغاتانام. ئەوە ناڵێی کاک ئەرژەنگت لە کوێنەیە؟

– لای ئاغای گەورە چاوەڕوانە.

– ئاغای گەورە، ناوی هەیە، یا ناوی گەورەیە،؟

میهرداد بەکەنینەوە وتی:

هەم گەورەیە و.. هەم ناویشی هەیە.

– نەتوت ناوی چییە؟

– بۆ چیتە؟

– ناڵێی، ئەوەسا بەرەو ئاستانەی دەڕۆین، دەمەوێ ناوی بزانم.

– دەتوانم پێت بڵێم؛ بەڵام با نەزانێت من وتوومە؟

– ئەمشتان کردە مەتەڵ؟

– ناوی ئاغا مەنسوورییە. ژیلا لەبەر خۆیەوە دوو سێ جار وتی: مەنسووری.. مەنسووری. ئینجا ڕوو بەمیهرداد وتی:

– تۆ و. ئەرژەنگ و ئاغای مەنسووری، جارێک سیانن؟

– پێم وانییە لەمە زۆرتر بین.

– خوا کەریمە. بۆ خەڵکیتر.

– لات خۆشە زۆرتربن.

– چ یەک و چ دە، بۆمن وەک یەک وایە.

– مەگەر من بمرم بێڵم لەمە زۆرتر بین.

– ئافەرین بۆ مەردانەگیت و شەرافەتت. کێ دەڵێت تۆ لە دامێنی ئەو دایکە بەشەرەفەت کەوتوویتەوە؟

کاتژمێر لە نۆی شەو نزیک دەبوویەوە، گەیشتبوونە دەوروبەری وەنەک.

ژیلا وتی:

– ئەم ناوەم نەدیوە. ئەیرا کوێی پێ دەڵێن؟

– لەم دەوروبەرەدا ڤیلایەکمان لەژێر دەستدایە، جارەوبار ئاغای مەنسووری تیا دەحەسێتەوە و تەرخانی ئەوە.

– هی خۆیەتی، یا ئەمەش هی ساواکە و دەربەست لەژێر فەرمانیدایە؟

– هی ماڵە گەورەیە؟

– گاڵتە دەکەی؟

– بێ شک هی ساواکە؛ بەڵام وەک هی خۆی بێت وایە. دوو کلیلی

هەیە، یەکێکیان لای ئەوە و ئەوی تریان بەلای ئێمەوەیە.

– دەتوانن سوودی لێ وەرگرن و تیا بحەسێنەوە؟

– جێگەی ترمان زۆرە. ئەمەیان هی ئەوە و بەس.. ژوورەکانی پان و پۆڕە و گۆمی مەلەی تیادایە و شتی زۆریتر.

– دیارە ئاغاتان فرە سەرحاڵ و بەزەوقە؟

– ئەمشەو دەگەیتە خزمەتی و بۆخۆت دەیبینی.

میهرداد گەیشتبووە بەر دەرگای ڤیلا؛ دەرگایەکی دوو لایی. دابەزی و دەرگای کردەوە و ماشێنی بردە ژوورەوە و دووبارە دەرگای گڵوم کرد. دوو ماشێنی دی لەلای ڤیلاکەدا ڕاگیرابوون. یەکێکیان بریقەی دەهات، دیاربوو خاوەنی یەکێکیان لەوی تریان دەوڵەمەندتر و بەدەسەڵاتترە.

لە ماشین دابەزین. کەوشەکانی ژیلا پاژنەی بەرز بوو، هەنگاوەکانی ئارام دەنا.. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا خرمەی دەهات.. دامینەکەی چەسپابوو بەسمت و کەفەڵیەوە، تەواوی بەرز و نزمی ئەندامی وەدەر دەخست. بلووزێکی ناسکی ئاوریشمیی سینەکراوەی کردبوو بەسەر دامێندا و شەهادەتی خرپنی سنگ و مەمکی دەکردە بانگەوازێکی هەموو جێگر و قەد و باڵا پەرچەم ئاسای ڕێز و حەز و هەوەسی لە چاوان دەفڕاند و بینەرەکەی دەژڵێژاند و سەرسام و میخ کوت دەکرد.

کە ڕۆیشتنە ژوورەوە، بەڕوخساری سوور هەڵگەراوەی ئاغای مەنسووریدا دیاربوو یەک دوو پێکی خەس و خۆڵی وێسکی هەڵداوە. چاوانی پڕ بوو لە هەوەس؛ وەک یابویەکی سەرەکاتی دەسان خۆی پێڕانەدەگیرا. ئاو لە چاو و دەم و لەشیدا ملّقی دەدا. کە ژیلای لێ نزیک بوویەوە دەستی گرت و ئارام بەرزی کردەوە، لە کاتێکدا

فاسقانە دەینواڕییە ڕوخساریدا دەستی ماچ کرد و لەسەرخۆ وتی:

– کێ دەڵێت ئێمە بێ فەرهەنگ و دڵڕەقین؟ ئەم دەستە نەرمە و ئەو پەنجە پڕ لە زەرافەتانە نیشانەی ئەوەیە خاوەنەکەی زکماک هونەرمەندن، خوا هەر بۆ ماچکردنی خوڵقاندووە. خۆ وەڵا دەمزانی جوان و خانومانی؛ بەڵام نەک بەم شێوە سحرئامێزە. ماشائەڵا و هەزار ماشائەڵا!

ژیلا بزەیەک کەوتە سەر لێوی و بەشەرمەوە سوپاسگوزاری لێ کرد.

هەروا دەستی ژیلای لە دەستدا بوو، وتی:

– ببوورە خانم! پاڵتاوەکەت داناکەنی؟

هەر کە ژیلا ویستی دایکەنێ، ئاغای مەنسووری بەڕێزەوە کەوتە یارمەتیدانی. پاڵتاوی داکەنراوی دا بەمیهرداد تا لەولاوە هەڵیواسێ و گەڕایەوە لایان. ئەرژەنگیش ڕاوەستابوو. مەنسووری بێ ئەوەی سەر بەلایانەوە چەرخێنێت وتی:

من کارم بەئێوە نییە، ئەگەر ئیشم پێتان کەوت بانگتان دەکەم. هەردووکیان سەریان گەیشتە سەر چۆکیان و دوورکەوتنەوە. ژیلا زەبوونی و بێدەسەڵاتی میهرداد و ئەرژەنگی دی لە دڵەوە وتی:

– بڕۆنە دەرەوە هەی بێ دەسەڵات کوژانی نامەرد! بچنە دەرەوە ئەی جەڕ و ئالەتی شکەنجەو ماڵ وێرانی، بۆ دەرەوە یاساولانی تاریکی و دۆزەخ!

ژیلا زوڵفی لە پشتی سەریەوە بەدوو قردێلە تۆپەڵ کردبوو، ڕەفتەیەکی ئاوریشمی بستەیی لە گەردن ئالاندبوو؛ تۆزەکێک لفکەکەی بەلای چەپدا چەرخا و بەگوڵێکی یاقووتدار سفت چەڕاندبووی. بلووزێکی ناسکی قۆڵ ئاچوخی لەبەر کردبوو، هەرکە دەستی

دەجوولانەوە تا بندەست و بڕێک لە نەرمەی مەمکیشی دەردەکەوت. دامێنەکەشی ڕەش هەڵبژاردبوو، هێڵێکی قومچەی گەورەی سوور لەژێر ناوکیەوە بەرەوخوار ڕیز چەسپابوون تا ناوگەڵی. لە دوولای هێڵە قومچەکەوە دوو هێڵی ساتانی چنراو چاتمەی کردبوو بەسەر کەفەڵیدا. لەهەر پا لەسەر پادانێکدا شێوەی هێڵەکان دەگۆڕان مەنسووری لەسەرخۆ دەستی ژیلای گرت و پێکەوە لەسەر مۆبلیایەکەوە تەنیشت دانیشتن و بەدڵنیاییەوە وتی:

– چی دەخۆیتەوە؟

– من دەفەرمووی؟

– کەسێکی دی لەیەرە دەبینی؟

– من تا ئێستا مەشرووبم نەخواردۆتەوە، با درۆزن نەبم جارێک نەبێت لە جەژنی لەدایکبوونی هاوڕێیەکمدا تەنها لیوانێک ڤۆدکا لایم خواردۆتەوە و بەس. دەترسم بخۆمەوە و ببمە دەردەسەر و دانیشتنەکەی جەنابت تێک دەم.

– تێکدانی چی؟ ئێستا ڤۆدکا لایمێکی وات بۆ دروست دەکەم شاهانە..

مەنسووری هەستا و ڕۆیشتە لای بارەکەوە.

ژیلا چاوێکی گرِ دا بەتالارەکەدا.. هەموو شتی پاک و خاوێن هاتە چاو. مۆبلیای ڕەنگاوڕەنگ، تابلۆی گەورە و بچووکی سەردیوار، دەستگای ئێستریۆیی دەنگ گەورە، قاڵی ڕەنگاوڕەنگی گرانقیمەت، چلچرای کریستاڵی چین چین و شانە هەنگوینی، پلەیەکی مارپێچ بەرەو نهۆمی سەرەوە لوول خواردوو...

مەنسووری لیوانی ڤۆدگای دا بەدەست ژیلاوە و دووبارە لە

تەنیشتییەوە لمیدا و لە سەرخۆ وتی:

– بەسەلامەتی!

ژیلا مژێکی لە ڤۆدگا دا. مەنسووری هەستا و ئاهەنگێکی ئارام لەسەرخۆی ڕۆژئاوایی خستە سەر. دووبارە گەڕایەوە لای ژیلا و وتی:

– خۆ هیچ گرفتاری تازەت بۆ پێک نەهاتووە؟ ئەگەر شتێکی تازەت بۆ پێش هاتووە پێم بڵێ.

– نەخەیر، جگە لە ئەوانەی کە جەنابت ئاگادارییانی شتێکی ئەوتۆی تازەم بۆ پێش نەهاتووە، یەشتا.

– یانی بەتەمای بۆت پێش بێت؟

– لەم ڕۆژانەدا هەمووشت شیاوە و زۆرشت بەسەر خەڵکدا ڕوودەدا، خاوەنەکەی لە خەویشدا بەبیریا نەهاتووە.

– ئەوی بەسەر تۆدا هاتووە جێگای داخ و ئاخە. بەو شێوە نەبوو، وای لێهات. بەهەرحاڵ لەوانە گەڕێ هەرنەبێت با ئەمشەو دووربین لە تاڵ و سوێری ژیانمان.

مەنسووری دوو لای سەری سپێیەتی تێ کەوتبوو. بەئەندازەیەکی زۆریش ئاگاداری چۆنیەتی جلوبەرگ لەبەرکردنی خۆی بوو. جلێکی مۆر و مارکەی کارخانە و موزونە ناسراوەکانی مۆدە و داهاتووە تازەکان نەبوایە، لەبەری نەدەکرد و سوودی لێ وەرنەدەگرت. مەنسووری هەستایە سەرپا و دەستی بۆ ژیلا درێژ کرد و وتی:

– ئاهەنگەکە هی "تانگو"یە چۆنی لەگەڵ یەک دوو دەوردا؟

چاوەڕوانی وەڵامی ژیلا نەبوو دەستی ژیلای گرت و هەڵیساند و نەرم نەرم سەمای تانگویان دەست پێکرد. سەری لە لا ملی ژیلا نزیک کردەوە و وتی:

– مەرجت لەگەڵ دەکەم بۆنەکەت سان لۆرانە؟

– ڕاست دەکەی، هەڵت هێنا.

دووبارە لووت و پوزەی خستە ژێر زوڵفی ژیلاوە.

ژیلا خۆی شل کردبوو. دوای چەند مژێک لە ڤۆدگالایم قژبەندەکەی کردبوویەوە؛ زوڵفی پەرێشان شۆڕبووبوویەوە سەر شان و ملیدا.

مەنسووری باوەڕ بەخۆیانە سفت و توند ناو قەدی ژیلای دەوشارد و بەخۆیەوە دەنووساند. ژیلا سەروگەردنی بەپشتا بردبوو مەمکە خڕپنەکانی بووبوونە سپەری دەم و لێوی. مەنسووری دەیویست هەڵیان مژێت، پرچی شۆڕەوە بووبوو. مەنسووری شوێن دەستی دەگۆڕی تاوێک دوو گۆپکەی باسەنی دەگرت و تاوێکی دی پشت ملی و دووبارە ناوقەدی. مەنسووری گڕی گرتبوو. ڤۆدگالایمیش زۆر شەرمی ژیلای توڕدابووە لاوە. بەئەنقەست دەیویست مەنسووری بگەیەنێتە سەر دوا پلەی هەوەس و بیکاتە مۆم. چرپانیە گوێی مەنسووریدا و وتی:

– حەزت لێیە سەمای «بابە کەرەم»ت بۆ بکەم.؟

– زۆرم لا خۆشە، حەیف شریت و قەوانەکەیم نییە.

– با نەت بێت. بۆخۆم گۆرانییەکەشی دەڵێم، مەگەر نازانی بۆخۆم قوتابی ساڵی سێهەمی موسیقای هونەرە جوانەکانم؟

– با دەمزانی قوتابی هونەرە جوانەکانی بەڵام نەمدەزانی چ بەش و ڕشتەیەکیت.

– باشە شەبقە و گوچان لەم ناوەدا وەدەست دێت؟

– شەبقە هەیە بەڵام گاڵوک پێم وانییە.

– هەر ڕاستە دارێکیش بێت قەینا.

هەروا لە سەمادا بەردەوام بوون لەپڕ مەنسووری نەڕاندی:

– میهرداد!

– میهرداد وەک جنۆکەیەکی فەرمان بەردار هاتە پێشەوە و وتی:

– بەڵێ قوربان!

– برۆ ڕاستە دارێکم بۆ بهێنە.

– چی قوربان؟

– خۆ کەڕنیت، وتم ڕاستە دارێکی یەک مەتریم ئازا بۆ بهێنە.

میهرداد سەری تەعزیمی دانواندەوە و ڕۆیشتە دواوە، لەبەر خۆیەوە دەدوا: ئەم کابرا داری بۆ چییە؟

ڕۆیشتە دەرەوە هەرچی گەڕا ئاوا دارێکی وەچنگ نەکەوت. گەڕایەوە ئاشپەزخانە دەستە گزویەکی خاوێن کردنەوەی کاشی و مەڕمەڕی وەدی کرد و لە گزوی دەرهێنا و گەڕایەوە هۆڵەکە. مەنسووری وا ژیلای بەخۆیەوە وشاردبوو. بووبوون بەقەد و بالایەک. میهرداد بێدەنگ ڕاوەستا بوو. لە چەرخێکدا ئاوڕی ژیلا کەوتەسەر میهرداد؛ پەیکەر ئاسا ڕاوەستاوەو بەدزییەوە هەناسە دەدا چرپانییە گوێی مەنسووریدا و وتی:

– ئاغای مەنسووری! مەنسووری لە دونیای هەوەس و یەرەق کردنیا گێژ و لول بوو. وەڵامی دایەوە وتی:

– من ناوم موحسنە. بۆ لەمەولا لام خۆش نییە وشەی ئاغاو ماغەت لێ ببیسم یا بەناوی فامیلیایەوە ناوم بهێنیت؛ موحسن و بەس.

ژیلا وتی:

– موحسن خان.

– خانیشم ناوێت، موحسن و تەواو.

– موحسن! ڕاستە داریان هێناوە. کابرا واڕاوەستاوە بڕۆ شەبقەکەم بۆ بهێنە! با بێمە سەمای بابەکەرەم.

موحسن خان تا ئەو دەمە گەڵ بەگەڵ ژیلای وشاردبوو بەخۆیەوە و دوو لەپیشی نابووە سەر گۆپکەی قوونیەوە. قامەتی ژیلای بەردا و لای لە میهرداد وەرگرت و بەرەو ژووری نووستن ڕۆیشت و زۆری نەخایاند شەبقەیەکی ڕەشی هێناو دار و شەبقەی دایە دەستی ژیلاوە. میهرداد هەر وا ڕاوەستابوو. مەنسووری لێی مۆڕ بوویەوە بەپەنجە ئاماژەی بۆ کرد کە دوورکەوێتەوە. ژیلا شەبقەی لەسەر ناو ڕاستە داری هێنایە جوولانەوە؛ لەش و ئەندامیشی هێنایە سەما و بادان و بەناز و عیشوەوە دەستی بەگۆرانی کرد:

من ئیمشەو.. من ئیمشەو

شادی.. شادم

لە هەوەسا بەربادم

بابەکەرەم.. دوست دارەم

مەنسووری پێک بەدەست ڕاوەستابوو ئەویش نەرم نەرم هاتبووە سەما:

من ئیمشەو وەکو کەو

تا بەیان دەخوێنم

هەوەس و حەز دەنوێنم

بابەکەرەم.. دوست دارەم.

مەنسووری هەوەس لە نواڕین و سۆمایدا ملقی دەدا. زۆر خۆی پێڕانەگیرا و لە ژیلا نزیک بوویەوە و دەمی خستە نێو دەمی. کلاوی

لەسەر کەوتە خواریێ. بەپەلە کەوتە کردنەوەی دوگمەی بلووزەکەی ژیلا. مەمکدان وەدەرکەوت، پڕی پڕبوو لە نەرمەیەکی گۆشتی هەوەس ئەنگێز. هەرچی ویستی نێر و مێکەی کاتەوە. نەیتوانی. وەحشییانە بەهەردوو دەست تیلماسکی مەمکدانی بچڕاند. سینە و مەمک لە سەخڵەتی بەرەڵاکران سەرگۆکانی تۆزەکێک ئاوسابوون. سوور هەڵگەڕابوونەوە. مەنسووری ژیلای پەلەکێش کردە ژووری خەو.

میهرداد هەر دەهات و دەچوو.. ئەرژەنگ چەندین جار پێی ڕاگەیاند لە ژوورەکە وەدەرنەچێت ئۆقرەی نەدەگرت لە تویێی دوولای «پارتیشن»ەکەوە دەینواڕییە دیمەنەکەیاندا ئەویش ئارامی لێ بڕابوو. هەناسەی سوار و هاتبووە سمکۆلانێکی تێکەڵ بەترس. تووڕەیی و ئاڵۆزی لە ناخیدا تادەبوو بڵێسەی دەسەند. هەرچی بەخۆی ڕادەگەیاند:

– هەتیو! چیتە وا پەریشانی. خۆ ژیلا نەهاتووە لەگەڵ ئاغای مەنسووریدا باسی ئابووری و ئاسایشی وڵات بکا، بێ عەقڵ داکەوە. ئەوەسا لەناو جێگەدان. دەیوت و دەیوت ئارام دەبوویەوە و دیسانەوە دوودڵ و سەرسام دڵی دەکەوتەوە پەلە پەل. گەڕایەوە لای ئەرژەنگ و وتی:

– ئەمشەو خۆ ئاگاداری ئەو سۆزانییە هەی چ بەزمێکی گێڕا. جنێو بەئێمە دەدا و ئەدا و ئەتواری واش بۆ ئاغای مەنسووری دەردێنێت. چەندی بەچەندە؟ چۆنی بۆ دەڕۆی؟ من تۆڵەی ئەمشەوی لێ دەکەمەوە.

– نەمزانی ئەوەندە گەوجی. دیارە زۆرت ماوە ئافرەت بناسیت. فەرهەنگی ئافرەت هەزاران و بگرە ملیۆنەها ڕووداوی مێژووی مرۆڤی پیک هێناوە، ژیلاش ئافرەتێکە وەک ئەوان.

– کارێکی وای بەسەر دێنم هەرچی فەرهەنگی تازە و کۆنی ئافرەت هەیە لەبیری بەمەوە. من خاقانم، خاقان.

– کابرا تۆ دەڵێی لێت قەوماوە. ژیلا کارێکی فرە ڕەوای کردووە. ئێمە ژیلامان هێناوە تا وا بکات کە کردی. بەپێچەوانەوە.. شایانی ئافەرینیشە.

– من ئافەرین و قسەی قۆڕم پێناکرێت. نەدەبوو وابوایە ئەی من چی؟

– تۆی چی؟

– چۆن منی چی؟ لێت ناشارمەوە، زەبوونی کردووم شەو و ڕۆژ لەبیریام.. ئەوەندەم خۆش دەوێ نەبێتەوە.

– یانی دەتەوێ بڵێی عاشقی؟

– لە سەرەتاوە گاڵتەم بەخۆم دەکرد. دەموت: ترحێو میهردادخان عاشق بووە. وردە وردە سەلماندم کە نەخەیر بێ دەسەڵاتانە خۆشم دەوێ و ناچاری هەموو شتم.

– هەتیو! ئەوە کەی خۆشەویستییە؟ ئەوە هەوەسە، هەوەس. هەوەسێکی تێکەڵ بەشاکامی. ئەوسا لات وابوو خاوەنی ڕابوردوو و داهاتووی ژیلای وا دەبینی لە دەمی نەهەنگ دایە. لە خۆڕا پەریشانی، خۆشەویستی چی؟

– قسەی قۆڕ مەکە. بۆخۆت نازانی چەند ئافرەتم لە ژێر دەستایە؟ پڕی قەحپەخانەیەک دەبن. ئەوی لەم ئافرەتەدا دەیبینم. تا بەئەمڕۆ لە هیچ ژنێکدا نەمدیوە، کێشەکەی ئەفسووناوییە. کوڕە خراپی بەسەر هێناوم.

– ئافەرین میهردادخان! دەی لەم بارەوە شیعرێکمان بۆ بڵێ با

ئێـمــەش لە زەوار نەپچــڕێین، مــەبە هـاوڕێی نیــوە ڕێ. لاچۆ بەولاوە ســەرەڕۆی بـێ باوک و دایک! من و تـۆ برغــوویـەکین لـە ئەســپــێکی ئاسنیندا. ئەی خاقانی دڵڕەقی پڕ لە بەزم و ڕەزمدار بۆ کوێ ڕۆیشت؟ وەڵامی هاوکارانت چی دەدەیتەوە؟

تازە ژیلا بەسەر چڵی درەختی کلک زلەکانەوە نیشتووەتەوە. ئەوەسا لە بندەستی من و تۆدا مـەنسووری لەناو گەڵیدایە، عـەرەقیـان تێکەڵ بووە. من و تۆیش یاساوڵ ئاسا ڕاوەستاوین. سبەی ژیلای من و تۆ. ژیلایەکی ترە. دەبێتە سەندریلا.. خۆ سەندریلاش دەناسی؟

– ئەمــانەی وا وتت ڕەنگە وابێت. بۆچی خــێـــڵی کلک زلەکــان تامەزرووی ئافرەتن؟ سەدان ئافرەتیان لە ژێر فەرماندایە و لە ژیلاش جوانترن.

– ڕاست دەکـــەی؛ بەڵام کلک زلەکــانی لای ئێــمـــە جــیــاوازن. تێـرنەخـۆرن.. چاوچنۆکن. ناخـیـان پڕە لە دەرد و ژان و کـەمـایـەتی جنسیی و هەزار بەزم و ڕەزمی تر.

– دەی بۆ نووسینگەیەکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ناکەیتەوە؟ گاڵتـەم پێ مەکە، چاوەڕوان بە؛ وتراوە هەمیشە جووجەڵەکان لە ئاخری پایزدا دەژمـێرن. نامـەردییـە وا تانەم لێ دەدەی. عـشق بێ دەر و دەروازەیە، دەعبـایەکی ناهاڵە؛ وەک دەبینی خەتای خۆم نییە هەرچی ملهوڕیم هەیە، ژیلا پێـڵاو کـوتی کـردووە. لەم سـاتەدا وا لە باوشـی ئاغـادایە. دەڵێی توێ. توێ نەشـتەرکاریم دەکەن. دەزانم دەسەڵاتم بەسەر ئاغادا نییە، سەیر لەوەدایە بەسەر خۆشما بێ دەسەڵاتم. ئەمە نێو دەنەی چی..؟

– تڕحێو! تڕحێو لە ئیشت. گووی ئاغامان بەڕیشت.

– گاڵتەم پێ دەکەی؟

– لاقرتیش بخە پاڵی. نەتدی چۆن ئاغای مەنسووری کردبووە مۆم لە نێو دەستیدا؟ بیری لێکەوە دەبێ لەنێو پێخەفدا چی بەسەر بهێنێت..؟

– ئەمانە. هەمووی لەسەر سەرم. ئەوی سرنجی ڕاکێشام گۆڕانکارییەکەی ژیلایە. چۆن وا بەو شێوە هاتە غەمزە و ناز و سەما؟

– منیش بیرم لێ کردووەتەوە، لەوە دەڕوا تەسلیمی ناچاری بێت. کابرا دەبینی ژیانی بەزۆر، سەد و هەشتا نمرە وەرچەرخاوە. ئەم جۆرە ژیانە بووە بەبەشێکی ڕاستەقینەی ژیانی. جا دەبێت لەگەڵیا ڕابێت و خۆی بسازێنێت و چارەسەری دەردی خۆی بکا؛ ئەگەر بیەوێت بژی.

لەپڕ ئاغای مەنسووری نەڕاندی:

– میهرداد! ئەرژەنگ! میهرداد لیوانێک وێسکی بەدەمەوەبوو.. هەر کە نەڕەی مەنسووری بیست مژ پەڕییە قوڕگی، بەکۆکەوە خەریک بوو ئەرژەنگ لە ژوور وەدەرکەوت و میهردادیش بەدوایدا. مەنسووری و ژیلا شان بەشان بەسەر کانەپەکەوە دانیشتبوون. ماندوێتییەکی پڕ لە ڕەزامەندی لە لەش و ڕوخساری مەنسووریدا نمایان بوو، ژیلا لە پشیلەیەکی دەسەمۆی نازپەروەردە دەچوو لە باوشی خاوەنەکەیدا. میهرداد و ئەرژەنگ وەک دوو گوڵتەی بێ ڕۆح و گیان ڕاوەستابوون چاوەنواڕی فەرمان. مەنسووری لەسەر خۆ و ژمێرا و وتی:

– بەوردی گوێم لێ بگرن چی دەڵێم. پێتان ڕادەگەیەنم بۆ لەمەولا. ژیلا خانم لە پشت و پەنای مندایە. وا ژمارەی تەلیفۆنی ڕاستەوخۆی خۆمم پێداوە. هەر سات و ئانێک بۆی هەیە و دەتوانێت ڕاستەوخۆ

تەلیفۆنم بۆ بکا. ئەگەر ببیسم ناچاری کارێک کرابێت، ئەگەر لێتان نارازی بێت، ئەگەر بەگوێرەی دڵی نەجووڵێنەوە، سەروکارتان لەگەڵ مندایە و ئێوەش من چاک دەناسن.

ئەرژەنگ و میهرداد پێکەوە وتیان:

– بەڵێ قوربان!

– دوایی بەهانە و بەڵگەتان لێ نابیسم. بچووکترین هەڵەتان لێ قبوڵ ناکەم و هەڵتان دەدەم بۆ جێگە و شوێنێک تف لە ڕۆژی لە دایکبوونتان بکەن. تێگەیشتن؟

دووکەسی وتیان:

– بەڵێ قوربان!

– با ئەویشەتان پێڕاگەیەنم، هەرکار و بارێکیشی هەبێت ئەرکی سەر شانتانە بۆی ڕاپەڕێنن. ئەگەر بەئێوە نەکرا. بۆخۆی تەلیفۆنم بۆ دەکا. من وادەڕۆم، ئێوەش ژیلا خانم بگەیەننەوە ماڵ..

ژیلا خۆی خزاندبووە بندەستی ئاغای مەنسوورییەوە نەرم نەرم دەستی دەوەشارد. ئینجا ڕوو بەژیلا وتی:

– ئازیزم! من وا دەڕۆم. هەرکارێکت بوو تەلیفۆنم بۆ بکە. هەستایە سەرپا. میهرداد ڕایکرد پاڵتاوەکەی بۆ هێنا و بۆی گرت و لەبەری کرد و کەوتە تەکی تا لای ماشینەکەی. گەڕانەوە لای ژیلا. ئەویش پاڵتاوی خۆی لەبەر کردبوو ئەرژەنگ ڕوو بەمیهرداد:

– تۆ ژیلا خانم بگەیەنە و منیش دەڕۆمەوە ماڵێ.

هەرسێکیان لە ڤیلا وەدەرهاتن. میهرداد بێ دەنگ ماشینی لێدەخوڕی، ژیلا وتی:

– چییە وا پەکەر و نارەحەتی؟ چیت لێ قەوماوە؟

– کێ دەڵێت نارەحەتم؟

– ڕوخسار و ڕووت هاوار دەکا.. حەی عەلاسەلات ئەوەندە لەیەکی مەدەوە. شت نییە خوا چاکی نەکا.. ئەتۆ سەیری من بکە و پەڕۆیەک لە من دادڕە. بزانە چیم بەسەردا هاتووە و خراومەتە چ چاڵ و گۆبەنێکەوە چی بکەم؟ خۆم بکوژم؟ دەبێ لەگەڵ ژیانما بسازێم. یا دەبێ بسووتێم، مەگەر نا؟

– ئەمشەو لە دوا پلەی سازشکاریدا بوویت، هونەر پیشەیەکی چاکی، وام نەدەزانی؟

– هونەری چی و ترِی کەری چی. منیش وەک ئەم خەڵکە دەمەوێت بژیم؛ هەر ژیانێکیش داپێویستی خۆی هەیە. زۆرم لە خۆم و ژیانم بیرکردووەتەوە، فرە تێڕامام، بۆم دەرکەوت تەواوی دەر و پەنجەرەکانم لێ بزمار ڕێژ کراوە. چارەیەکی ترم بەدەستەوە نەماوە دەبێ بسوتێم و بسازیەم.

– تازە لە دەست ئێمەمانان دەرچوویت و دات لە شەقەقەی باڵ بوویتە تیکەی کلک زلەکان، بۆ لەمەولا ئاگادارمان بە.

ژیلا قاقا پێکەنی. بەپێکەنینەوە وتی:

– پێم سەیرە. بنواڕە ئەم ژیانە بۆگەنە چەندە پڕوپووچە. کابرایەکی درِ سفەتی دەستگایەکی بەدەسەڵات وەک ساواک، داوا لە سۆزانییەک دەکا ئاگادری بێت. ئەمە بەیاری ڕێکەوتی نازانی؟

– بەگاڵتەی مەزانە. ڕەسم و زەواڵی ژیان و زیندەگی وابووە. پێت وانەبێت لە ڕووی گەوجی و خامییەوە ئەوە دەڵێم، زوربەی زۆری دایکی خولەفاکانی ئەمەوی و عەباسی و سەلاتینی عوسمانییش، دایکیان کەنیزێکی دەست بەدەست کراوبوون. تا گەیشتوونەتە لای خەلیفە

لەژێر چەندین کەسدا بوون و سەرئەنجامیش بوون بەدایکی خەلیفە و سوڵتان و کۆشک و سەدان کەنیز و کۆیلە و زەڕ و زۆر.

– ئەوسا، ئەوسابوو. ئێمە لە دوابەشی سەدەی بیستەمداین. کەیل و کێشانەی ئەمڕۆ جیاوازە و لەگەڵ ئەوسادا هەڵناسەنگێنرێت. ئەوسا ئەوسابوو.

– جیاوازە، جیاوازە. ژیانیش قایلی گۆڕینە. زەمان توند و تیژ دەڕوا. ژیان و دەوروبەر پەیوەستە لە گۆڕاندایە، تەنها مرۆڤە و ئارەزووەکانی مرۆڤە وەک خۆی ماوەتەوە؛ بەڵام بەشێوە و چوار چیوەیەکی دی.. مرۆڤ هەمانە؛ هەمان هەواو هەوەس و ڕاز و نیاز و شەیدای زۆر و زەڕ و توڵە و چوزانم عیشق و عیبادەت و سەدان شتی دی.

– من نەمزانیوە خۆمە فەیلەسوفیشیت. ڕاستی کابرایەکی وەک تۆی قەساو چییەتی لەم قسانە؟

– لێگەڕێ با داستانێکت بۆ بگێڕمەوە.

– گورگانە شەویم بۆ دەکەی؟

– پوترسیی گەورەی شای ڕووسیا هەڵدەکوتێتە سەر یەکێک لە وڵاتەکان و داگیری دەکا و زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتە بەدیل دەگرێت. هەروا لەناو سوپادا سوارە دەگەڕا. دەنوارێت ڕیزێک سەرباز ڕاوەستاون. لەهۆی ڕیزەکە دەپرسێت، دەڵێن ڕیزیان گرتووە تا نۆرەیان بێ و بڕۆنە لای ئافرەتێکەوە. پترس لە ئەسپ دادەبەزێ و ڕیزی سەرباز دەبەنە لاوە و دەڕواتە ژوورەوە. دەنوارێت ئافرەتێکی ڕووت و قووت لنگی بەسەر شانی سەربازێکەوەیە. سەرباز بەلادا دەخاو لە لەش و ڕوخساری ئافرەت ورد دەبێتەوە. یەک دڵ نا سەد دڵ

عاشقی ئافرەت دەبێ و فەرمان دەدا بیبەنە خەیمەگاکەیەوە. هەمان ئافرەت بوو بەشاژنی ڕووسیا و دایکی وەلیعەهدی ڕووسیا.

– مەبەستت لەم قسانە چییە و دەتەوێ چیم پێ بڵێی؟

– تازە هیـــچم پێ ناوترێت. تۆ لە دەمی شـــێـــردای، منیش بێ دەسەڵاتێکی ژێر دەستەی ئەو شێرە. چی بەمن دەوترێت؟

ژیلا پلێکی تەقاند و ئینجا بەدەنگی بەرز لەگەڵ سەمایەکی نیوە لەشیدا دەستی بەگۆرانی کرد:

من ئیمشەو.. من ئیمشەو
شادی شادم
لەهەوسا بەربادم
بابەکەرەم.. دوست دارم.

کە گۆرانییەکەی تەواو کرد دای بەسەر ڕانی میهرداد و وتی:

– ئەوسا بابەکەرەمم بۆ تۆیش وت. تۆ ئەوەندە گوێ مەدە فەرامینی ئاغای مەنسووری. من دەست نە لە تۆ هەڵدەگرم و نە لە ئەرژەنگیش. عادەتم پێتانەوە کردووە. تازە خوێنمان تێکەڵ بووە و بووین بەیەک خێزان. ژیلا دەمی برد و ڕوومەتی میهردادو ماچ کرد و وتی:

– لات خۆشە یا بگەڕێینەوە بۆ ڤیلاکە با تا بەیانی پێکەوە بخەوین؟

– یانی هەروەک جاران؟

– نا وەک جاران نا. جاران زۆری تێکەڵ بوو، ئێستا بەئارەزووی خۆم و لەسەر هەوەس. پێم وایە ئێستا سازگارتر بێت و شەفابەخش وا نا؟

– ئەی فیدات بم! ئەی قەزاوەگێڕت بم! بەهەرچی ئایین هەیە سەر و زیندەگیم لە ڕێتایە.

– لەبیرت نەچێت ئەرژەنگیش لە بەزمەکەماندایە.

– ئەو ئاگادارە چەندەم خۆش دەوێی.

– ئەویش منی خـۆش دەوێ و منیش هەردووکـتـانم خـۆش دەوێ. بەموحسن خانەوە دەبنە سیان و هەرسێکتانم خۆش دەوێ.

جا ئەگەر موحسن خان بەبەردەوامیی پەیوەندییەکەمان بزانێت، پێـستی سـەرمـان دێنێـتـە سـەر چاومـانـا. ئەو وتی ئێـوە ناتـوانن بۆ لەمەولا ناچاری هیچ کارێکیم بکەن. ئەگەر لەگەڵتانا هەرکارێک بکەم لە ڕووی ڕەزامەندی خۆم و عیشق و عەلاقەوەیە. دەشکۆشین موحسن خان پەی بەپەیوەندییەکەمان نەبا. چۆنە لات؟

– یانی دڵنیابم.

– دەتەوێ بڕۆین بۆ مەشهەد تا لە مەرقەدی ئیمام ڕەزادا سوێنت بۆ بخۆم؟

– وتەی تۆ بۆ من چەکە و سفتە و قەواڵەشە.

ژیلا هەر گـەیشـتـە مـاڵەوە وەک ئازیز مـردوویەک زار زار گـریان و شیوەنی دەست پێکرد.

٣١

– نەورەسیدە موبارەک چ ناوی خستە سەری؟

– فەرهاد.

– بەه! بەه! وە ئەلی ناو شـرینیگە. وەلی بایەت یە شـرین مـرینی ئەرای پەیداکەیت..؟

– ئەگەر کەمەکی زرنگی وەخەرج دەت، دەیدوزێتەو..

– بیشی نانیوەڕو برەسینە دەوروەر گاوارە؟

– ئاورزەنگی بدەین ڕەسین. بیلە با ئەسپیەلمان شەکەت نەکەین. تا ئەرا ئەوسەر نەفەس درژیتر بمیننەو.

چوار سـوار وشک بوون لە فـیـشـەکـدا. ئەوکـە لەم دوادوایەدا کلاشینکۆفێکی وەدەست هێنابوو هەمیشە هەشت مەخزەنی لە خۆی دەدا؛ دەمـانچـە و خنجـەریشی هـەڵدەگـرت. ڕەحـمـان بـڕنەوی درێژی بەدەستـەوەبوو.. پەیوەستـە دەیوت: درۆیە، هـیمـان بڕنەو بڕنەوە. بورد بڕنەو دشمن کوشە. ئەویش خۆی وشکی فیشەک کردبوو. ستـارخـانی هەڵدەگرت و زەری دەکردەوە لە فیشـەکدا. مـەجید باوەجانی بێزاربوو لە فـیـشـەکی زۆر هـەڵگرتن. پێی وابـوو بۆ هـەر شـەڕێک یـەک قـەتار فیشەکی بەسە و لەوە زۆرتری بەباری گران دەزانـی.

سـەعـە گـولیـشـیـان لەگـەڵدا هـاتـبـوو. سـەعـید چەتـاڵێکی کـردبووە بڕنەوەکـەیەوە. لـە شـەڕە تفـەنگدا چاوی مـاری وەدەر دەهێنـا، ئەویش

شـــەیدای برنەوی درێـژبوو، بەچەتـاڵی تفـەنگەکـەیەوە. لە باڵای خـۆی درێژتر دەنوا. جگە لە ناتـۆری سـەعـە گـول، سـەعـە چـوار سـووچەشیـان پێدەوت؛ لەبەر پانی ناوشان و پشت و تەنگەی بێ وچان دەمی دەجووڵا و شتی دەخوارد.

چوار سـوار ڕوو بەڕۆژهەڵات ئەسپیـان تاودەدا. دەروونیان هـەریەکە بەجـۆرێک دەخـروشـا و پەیوەسـتـە دەچوونە پیـری ڕووداو و ڕێکەوتەوە. کـانییـەک لـە سنگی قـەڵوەزەکـەوە تەقـیـبـوویەوە. جـۆگـەلـەیەک ئـاوی خـسـتـبـووە سـەر توولە ڕێگاکـە، سم و دەست و پای ئـەسـپـەکـان تەڕی ئاوبوون. ئەوکە لەقاوی ئەسپە شێی کێشا و ئەسپ ڕاوەستا. لەقاوی دا بەدەست ڕەحمانەوە و وتی:

– بگرەی توام دەست وەئاوبڕەسنم. سـوارەکـان ڕاوەسـتـان. ئـاسـمـان سـایەقـەی سـامـاڵ، پەڵەیەک هـەور بـەئـاسـمـانەوە نەدەبینـرا. تیـشـکی هەتـاو دەیدا لە جـۆگـەلەی ئاو و گـۆمـە بچـووکـەکـان و تاتـە بەردی شۆڕاوەی بریقەدار. هـەموو شت پرشـەی دەهـات.

چیـای بەرز و بوڵەندی «گـاڕی» خـرەی دەهـات، لووس بوو لە بەفـردا تیـــشـکی هـەتاوی چەندین بـەرانبـــەر کـردبوو ئاوی چاوی دەچـۆڕاند. سـۆزێکـی بای سـارد دەخـزایە نێـو لەشـەوە. دوبـارە وەڕێ کـەوتن. ڕەحمان کەوتە بیری خۆی و باوکی و ساواکـەوە. ساڵێک بەسـەر چووە و یەشتا هـەر ئەمڕۆ سبەی بەساواک کردووە. تۆ بڵێی کەتنم پیادادەن؟ دووجـارە هـەڕەشـەم دەنێرنە سـەر. سـاواک کـەی ئـامـانی بووە؟ نەخـوا دەناسـن و نەئـایین. بـاوک و دایکیـــشم لـەناو دەبـەن. ڕەحـــمـــان یەک دووجـار چاوی پرتان و ئینجا دووبارە خۆی دواند: هـەتیـوە خوێڕیەکـە! خۆت مەخـەڵافێنە. چیت پێ دەکەن؟ باوکت تەمەنی مـەڕە پیرێکی ماوە،

کێ دەڵێت تا ئێستا نەمردوویێت؟ ئەی دایک و خوشکەکانم چی؟ وەهەرچی مەزەوە سەریان تیا دەبەن. ئەو کابرای منیان بردە لای شمرێک بوو بۆ خۆی. بابزانم چۆن دەبێت.

لەوە دەڕوا ناچاری دەست وەشان بم.. خۆ وەڵا ئەوکە کوشتن مۆری نامەردی هەتا هەتایی دەدا لە ناوچاوانی خۆم و نەتەوەشم..

ئەسپەکەی سەرسمێکی دا و شریتی تێفکرینی بڕی. ئەسپ هاتەوە سەر ڕەوت و ڕەحمان دووبارە کەوتەوە بیرکردنەوە. کابرا دەڵێی لە گوێی گادا نووستووی، مەردی و مەردانەگی قسەیە و قسەش ناڕواتە گیرفانەوە. مەگەر ماسە بەدەمەوە دیار بێت. هەمووی هەشت نۆ ڕۆژێک و قاڵ دەخەوێ. کارێکە و دەیکەم. کەس لە سوود و قازانجی خۆی ناگوزەرێ. ئەم خەڵکە بەم دەشتەوە وەیلانن. سوودیان لەمەدایە.. مەگەر مێشکی کەریان خواردووە ئەم هەموو شەڕ و شۆڕ و بەرداوبەردە دەکەن لەبەر چییە؟ بەناو بۆ کوردە و چوزانم ئازادیی خەڵکە! بەخوا بەخوا هەمووی بۆ سوودی خۆیانە و بەس.. ئەوکە گوریسێک کەوتبووە پێش ڕەحمان. مەجید لە دواوە خوڕییە ڕەحمان:

- تێخوڕە ڕەحمان!

ڕەحمان ئاوزەنگی دا لە سنگی ئەسپەکە، ئەسپ خێراتر پەلی کوتاو ئەوی گەیاندە ئەسپەکەی ئەوکە. ڕیز دووبارە کەوتنەوە دوای یەک. تەنها خرمەی سمی ئەسپەکان دەهاتە گوێ ڕەحمان. دەینواڕییە پشتی سەروپشتی ئەوکەدا. دووبارە کەوتەوە بیرەوە: ڕەحمانە! بۆ خۆتیش دەزانی درۆ دەکەی. مەردی و مەردانەگی لە ئەزەڵەوە لەگەڵ مرۆڤدا خوڵقاوە و هاوڕای هەر پیاوێکی ئازا و بەشەرەفە. ئەوانەی بەم کەژ و کێوانەدا ئاوارە و دەربەدەرن لە ڕووی پیاوەتییەوەیە.

مەردانەگیان ڕێگەیان ناداتێ تا سەر داخەن و زوڵم و زۆر قبوڵ کەن و ملکەچانە بژین. تۆ بۆ خۆت نامەردی و نامەردی لە ناختدا مەلاسی داوە. ئەگینا ڕەفیق کوشتن کەم کەس دەیکا و لەکەم کەس دەوەشێتەوە.

ئەسپەکەی ئەوکە هاتبووە سەرحاڵ و مەغروورانە پەلی دەکوتا و. جارەوبار لە توولە ڕێگە وەدەر دەچوو. ئەوکە ماندوو بوو. دەکۆشا ئارامی کاتەوە. یەک دووجار لەپی خشاندە سەر مل و باڵیدا و دەیوت:

– ئارام. ئارام. ئەوکە خوو و عادەتی ئەسپەکەی هاتبووە دەست. ئەسپە شێی ئارام کردەوە. لای کردە لای ڕەحمان و وتی:

– ڕەحمان! ڕەحمانە! تو جەدت ئەگەر دەمی هورە ئەرام نەچڕی. نیەزانم چەمە غەم دامگردیەسەو.

– کا ئەوکە. سەرما خواردەمە. فکر نیەکەم دەنگم دەربات وەلی چڕمەی.. ڕەحمان دەستی وەبناگوێی خست و دەستی پێ کرد.

جفتی چەو دیریت چون دوربین ئەڵمان
وەقەسر خەیتەی ئەڕا کرماشان
جفتی چاو دیریت چو پیاڵەی چینی
وەقەسر خەیتەی کرماشان دوینی

هەرسێ سوار پێکەوە وتیان: دەم خۆش!

– دەنگم دەرنیەتیت.

ئەوکە وەلامی دایەوە:

– ناز مەکە وە ئەلی کەس ئەی دەنگە نیەرت.

مەجید لەپڕ وتی:

– بۆ ئێوارە درەنگ دەگەینە گاوارە لام وایە نەچینە ناو دێ باشتر بێت. باسگای ژاندارمری لە نزیکیدایە.

ئەوکە وەڵامی دایەوە:

– فەقەت ڕەحمان بێ تفەنگ چتە ناو ئاوایی. ئیمە چیمنە ئەشکەوت «مەرەخێڵ» تا کاورا وەل خویا بارت. ئینجا ڕوو بەڕەحمان:

– مەگەر تو قەرار مەدار وەلیا نەیریت؟

– با دیرم. وەتمە وەپی تا سێ چوار ڕوژ وەماڵ نەچیتە دەر. حەتم دیرم چاوەڕێم کەت.

سەعە گول هاواری لێ هەڵسا:

– فرە ورسیمە. با بنیشین شتێ بخۆین وەئەلی ڕیخۆڵەم یەکتر خوەن – تاموڵکە. یەتیکە نان بهەجو. با شەو دامان نەگرتە و خۆمان برەسینمە ئەشکەفت. ئەو حەل تا توانی زەهرمار بخۆ.

دێی گاوارە لە دوورەوە دەرکەوتبوو. زەردی هەتاو سوور هەڵگەڕابوو. ئەشکەوتی مەرەخیل کەوتبووە باکووری دێوە. جێگەی سەد سەر مەڕی تیا دەبوویەوە. ئەوەندە ئاگری تیا کرابوویەوە تەواوی دیوارەکانی ڕەش داگەڕابوو. چوار سوار ئەسپیان خستبووە یەرغە. تادەبوو تاریکی دای دەدا. ڕەحمان «ناوی شەوی» لە ئەوکە وەرگرت و تفەنگ و ڕەزنی دا بەبرادەرانی و جیا بوویەوە ڕوو بەدێی گاوارە. دنک دنک ئەستێرە بەئاسمانەوە دەبینرا. ڕەحمان گەیشتبووە کەوانەی دێ. سەگەلی دێ هاتنە پیریەوە. خۆی گەیاندە بەر دەرگای ماڵی ئەکبەری برای ئەلانەزەر و. دای لە دەرگا. ئەکبەر هاتە دەرەوە. دەست ماچانیان کرد. هەرچی خوڵکی کرد ڕەحمان نەڕۆیشتە ماڵەوە؛ لە وەڵامیدا ڕایگەیاند کە هاوەڵانی چاوەڕێیانن ئەکبەر وتی:

– بیسیە تا فەرەنجییەکەم بارم.

ڕەحمان خۆی دابوە پاڵ دیواری کۆڵان. سەگێک بەدەم وەڕینەوە وردە وردە لە ڕەحمان نزیکتر دەبوویەوە. ئەکبەر فەرەنجی لەبەر ڕەشموی ئەسپەکەی ڕادەکێشا لە حەوشی وەدەرهات. سەگەکە هەر دەوەڕی. ئەکبەر تێی خوڕی: چغە، چغە برا سەگ.

سوارە لە دێ وەدەرچوون خرمەی سمی ئەسپەکان لەولاترەوە سەگی دێی ژلیژان.

کزەبایەکی سارد لەشی دەتەزاند. ئەکبەر لە پێشەوە ئەوزەنگی دەدا لە سنگی ئەسپەکە؛ ڕەحمانیش بەدوایدا. لای کردە لای ڕەحمانەوە وتی:

– پاسگا کەفتیەسە کەوانەوە.. فرە دوور نییە وەلی فرە نزیکیش نییە. ئەکبەر و ڕەحمان ڕوو بەهەڵەت و بەرزی و بوڵەندی ئەسپیان ڕانیی. ئەکبەر وتی:

– فرە لە ڕەفیقیەلت نزیک بووینەسەو. ئەوەسا پرمەی ئەسپەکانیان ئەشنەفم. توو باوە نوا. حەتمەن دەنگت ناسن، ئیرنگە دەنگت پیان ڕەست.

ڕەحمان ئاوزەنگی دا لە ئەسپەکەی و کەوتە پێشەوە و پڕ بەدەم قیڕاندی: فەرهادم، فەرهاد. لەولاوە وەڵامیان دایەوە:

– شرینم شرین باوەنوا. ڕەحمان لە ئەسپەکەی دابەزیبوو. ئەکبەریش بەدوایدا جڵەوی ئەسپەکانیان ڕادەکێشا. بەتوولە ڕێگەیەکی مارپێچی سەر بەباڵاییدا سەردەکەوتن. ڕۆشناییەکی کز و لەرزۆک لە دەمی کەورگەکەلا تروسکە دەهات. سەعە گول ڕۆیشتبووە پیریانەوە. لەبن گابەردێکی زل زەلامدا خۆی شاردبوویەوە. لەپڕ وتی:

- خوا قوەت!

ڕەحمان وەڵامی دایەوە:

- قوەتو زەهر مار، ترساندمت. سەعە کەوتە پێشیان. ئەسپەکانیان لەلای وڵاخەکانی دیدا بەستەوە. ڕۆیشتنە نێو کەورەگەوە.

ئەوکە خوڕییە سەعە گوڵ:

- چاوت وەخـوارەوە بات. سـەعـە دووبارە فـەرەنجی لەبەر ڕۆیشـتـە دەرەوە بۆ چاودێری. ئەکبەر و ڕەحمان هەناسەکە بڕکەیان بوو. ئەوکە و مەجید باوەجانی فەرەنجییەکانیان پێچابووە خۆیانەوە. شانیان دابووە دیواری ئەشکەوتەکەوە، دەستیان دەدایە گڕی ئاگر.

ڕەحمـان و ئەکبەریش مـاندووییـان دەرچوبوو. ئەوکە ڕوخساری ئەکبەری خسـتبووە ژێر زەڕەبینەوە. بەگوێرەی بۆچوونی خۆی دڵ و دەروونی هەلاجی دەکرد و.. بیروڕای پڕ لە گومـانی خۆی دەلاواندەوە. ئەو پەیوەسـتە دەیوت: مرۆڤ گیانلەبەرێکی تەماحکارە، چاک و خراو لە گۆڕاندایە. چەندین جار گومانی خۆی دەربارەی ئەلانەزەر و ئەکبەر پێ ڕاگەیاندبوو. کە نەکا داوێک بێت لە داوەکانی ساواک و ژاندارمری و بەگورگانە خواردیان دەن. ڕەحمـانیش بۆرەترسێک بەدڵیا ختوورەی دەکرد؛ بەڵام کـینە و بوغـزی سـەروان عەزیزی ئەوەندە لە دەروونیـدا دەجۆشا ترس و ختورەی خسـتبووە لاوە و پەیوەسـتە سوێندی پاکی و خاوێنی نیەتی ئەڵانەزەری دەخوارد ئەوکە ڕوو بەئەکبەر:

- بیشەڕام سەروان چتە شکار، چەند ژاندارم ئەکەفیتە تەکی؟

- فـرە فـرە بوات چوار ژاندارم وات و بەس. ئەلبـەتـە وەل ئەلانەزەرا ئەونە پەنج.

- باشە ئیمە چجوری زانیم ئەی لامەسەوە دێتە شکار؟

– شــەوســو ئیــوارە ڕەســمــە پاسگا . حــەتمەن جــەواب ئەی پرســشــە هاوەلای ئەلانەزەرەو.

– یانی وەی چەشــنە ئیــمــە بایەت دووســێ شــەو کــەمــتــر وە «مــەکــو» نەنیــشــین. تــا تو خــەوەر زانیت و ڕەســیــتــە لای ئیــمــە و ســەروان بات دووسێ ڕوژی کیشت، مەگەر نا؟

– وەنەزەرم با .

– وەلی با یەکەمی وەلتا ڕوک و ڕاست بام. ئیمە حەق خۆمانە ئەی نامەردە لەناو بوەین. بیشەرام ئەڵانەزەر چە؟ ئەو ئەڕا گیان خۆی خاتە خەتەرەو. ئەڕا چە؟ وەی سادەگییە دەستمان خاتە بان عەزیزی؟ ئەی کارە کەمی نیگرانم کردیە. ئەگەر فیل میلی وەناو کاری هەس بیشە پیەی وە ئەلی بەلە سەروان کوشمەی.

– کا ئەولکەریم! دڵ واپەس مەوە و هیچ فێڵ و نامەردی وەناو کار نییە. عەزیزی کار فرە گەنی وەل ئەڵانەزەرا کردیە. شەرم کەم بیشم. ئەوەنە ئیشم بوغز عەزیزی وەسک ئەلانەزەر چمانە هەمانە پەنگ خواردیەسە و سکی پەنەمیایە.

– تورا وە باوە یادگار بیشە، چەوە سەریا هاوردیە؟

– ناچارم بیشم؟

– بایەت بیشی.

– وەرچاو تەواو ژاندارمیەلەو سمێڵی پاک تاشی. خۆت زانی وەناو تایفە سمێڵ تاشین یانی چی... مەگەر خاسترە.. مەگەر خاستر نییە؟

– ئەگەر ئەلانەزەر لای تو دەستم خاتە سەر سەروان عەزیزی، حەق ئەو و تەواو تایفە و مەردم لەلی کەمەو. ترسی دیرم ئەلانەزەر پاشکەزوتو نەیات.

ئەوکـە لە مـێـژا نۆرە چاودێری دابەش کـردبوو، ڕاشی گـەیانـدبوو هەریەکـە لای خـۆیەوە هـوشـیـار بـێ و پشت نەکاتـەوە. سبـەی دەمـەوە شـەفـەق بـەرەو پاتاق وەڕێ کـەوتن. ئەکـبـەر دەیزانی شکارگـەکـەی سـەروان عـەزیـزی کـەوتووەتـە کوێنـەوە و ئەوەشـی دەزانی شکارگـەکـە قـورگـە و کـەسی مـافی ئەوەی نیـیـە نەک شکاری تیـا بکا بـەڵکو تیـا بگوزەرێت. پارسـاڵ کـابرایەک تـەڵەی نابوویـەوە، بەرانەکـێـوی پێـوە بووبوو. سـەروان ئاگاداربووبوو، نـاردی کابرا و تەڵەیان هـێنا و دەمی تەڵەی کـردەوە و پـای کـابرای خـسـتـە نێـو دەمی تەڵـەوە تا ئێـوارە بـەتەڵـەوە هیـــڵایەوە. کـــابرا چـوار مـــانـگ بـەم لاو لادا بـەدوای دەواو دوکتۆرا بوو تا چاک بوویەوە.

تا ئەو دەمە ئەکبەر لە پێشەوە دەڕۆیشت. جەڵەوی ئەسپی ڕاکێشا و لای کردە لای ئەوکەوە و پەنجەی درێژ کرد بۆ دوور و وتی:

– ئەگـەر سـەروان بات وەو ڕێگەو تیـەت. ئینجـا دەسـتی سـووڕدا بەدەوروبەردا و وتی:

– وەیراوە شکارگا دەست وەپیکەت تا دامین ئەو کۆ و کەمەرە.

– خـاسـە توو بچـو. شـەو وەپاسگا مـەنیت و شـەوسـو چاوەڕوانت مەنین تا بزانیم جەناب سەروان کەی مەیل شکار کەن.

– یانی من بچم؟

– بچو وە سەلامەت.

ئەکـبـەر بـەرەوخـوار بـوویەوە، وردە وردە لە چـاو ون بوو. ئەوکـە و هاواڵەکانی پیادە هەر یەکەیان جڵەوی ئەسپی خۆی بەدەستەوەبوو. لە نزیک یەکەوە دەیان نواڕییە دەوروبەردا.

لەپڕ ئەوکە وتی:

– ئەی ڕکە سەنگیەی وا وەسەریەو وسیاینە، ئیمە لە دوورە و خەینەی ژیر نەزەر. ئەگەر نامەردی فیل میل وەکاریان وت. ئیمە لە دوورەو زانیمن و تەواوی کەفنە وەر چاومان. ئەگەر فیل و نامەردیش وەکاریان نەوت، خو خاستر و حساوی دەخلیان چنیمن. ئەرا مەبادا چیمنە ئەو دەست تەرەف خۆر ئاوا. ئەگەر وە تەنگ هاتیمان ئەڕا دەرچوون ئاسانترە.

ئەوکە کەوتە پێشیان بەرەو تاش و هەڵەتی دەستی ڕاست جێگەیەکیان هەڵبژارد بۆ مەکۆ کردن و ئەسپەکانیان لەولاترەوە بەستەوە. ئەوکە پەنجەی هەڕەشەی لە سەعە ڕاوەشاند و وتی:

– چای کردن بێ چایکردن. فەهم دیریت.؟

– ئەی ورسیەتی جەوەپی کەم؟

– نان مانێک دیریت توانیت بخوێتەی، وەلی ئاگر و دوکەڵ خەیر. ئەمشەو بێ ئاگر وەینە سەر. ئەگەر نەکاتەی زقم دەرقەنین.

مەجید باوەجانی دەستی بەرەو بەرزایی لای ڕاست درێژ کرد و وتی:

– من بەرەو ئەو لووتکە و گابەردانە دەڕۆم بەڵکی بۆ شەو جێگەیەک پەیدا کەم تا لە سەرما نەڕچیەین. ئیتر پیادە بەرەو تاشە بەردەکان سەرکەوت. دەمی ڕەشی گەورگێکی بەسنگی بەرزایەکەوە بەدی کردو وردە وردە بەهێمنی لێی نزیک بوویەوە و ڕۆیشتە ژوورەوە. هەموو شت ڕەشی دەکردەوە تا چاوی بەتاریکی نێو ئەشکەوتەکە ڕاهات. ڕوانی ورچێک بەرزە پا ڕاوەستاوە.. مەجید بەرەو دوا وەرچەرخایەوە. ئەوەندە پەشۆکاوانە وەرچەرخایەوە پای هەڵکەوت و کەوتە لادا. ورچ بۆڕانی و پەلاماری بۆهێنا. تفەنگەکەی مەجید چەند گەزێک لەولاترەوە

کەوتە زەوی چەپۆکی ورچ دای لە مەجید یەک گەزێکی تر لە تفەنگەکەی دوورتری خستەوە.. ورچ هەروا دەی بۆڕاند. بۆڕەی ورچ لە چیادا دەنگی دایەوە.

ئەوکە پەشۆکاوانە وتی:

– وەئەلی مەجید گرفتار بییە.

ئەوکە و ڕەحمان و سەعە گول بەهەرا بەرەو لای مەجید وەڕێ کەوتن.

مەجید دەیویست لە ئەشکەوت بڕواتە دەرەوە ورچ بەرزە پا لیک بەدەمیا دەچۆڕا و دەیبۆڕاند. مەجید دەمانچەی پەرەبەلومی بردە بەرکار و چوار پێنج فیشەکی تەکەڵ تەکەڵ نا بەورچەوە. گوللەی یەکەم و دووهەم ورچی پێکابوو. ورچ دەعبایەک بوو بۆ خۆی، پەلاماری مەجیدی دا و هێندەی نەمابوو بگاتە مەجید دوو گوللەی تری پێوەنا. ورچ کەوتە سەر مەجیدا. ئەوکە و ڕەحمان و سەعە گەیشتنە ناو ئەشکەوت. مەجید یەشتا لەژێر ورچدا پەلی دەکوتا. ورچیان تلاندە لاوە، مەجید سوور بوو لە خوێنا و لە پەلوپۆ کەوتبوو.

ئەوکە بەدەم هەناسە بڕکەوە وتی:

– زەخمیت کردیە؟ سەلامەتی؟

مەجید خۆی کێشاوە و پشتی دا بەدیواری ئەشکەوتەکەوە. هەردوو پای ڕاکێشابوو تەنها تاکێک لە کلاشەکانی لە پێدا مابوو خوێنی ورچەکە سووری کردبوو. لە وەڵامی ئەوکەدا وتی:

– ڕاست بوویت نازانم زامداری کردووم یان نەء.

ئەوەندە دەزانم هەرچی گیانم هەیە دێشێ؛ بەڵام ئەگەر دوا گوللەم

بەر سەری نەکەوتبا هەڵی دڕیبووم. ئەوکە پای نابووە سەر سەری ورچەکە و هەروا دەینواڕییە قەد و قەبارەی ورچدا ئینجا وتی:

– نیرەس.

مەجید لەبەر خۆیەوە وتی:

– هاتین سەروان عەزیزی ڕاوکەین، زۆری نەمابوو بوینە ڕاوی ورچ. تف لەم زندەگییە، ئاوا. سەعە گول وتی:

– شەوسو کەوڵی کەنم.

ئەوکە وتی:

– بیلەمان با ئەول پێس عەزیزی بکەنین، ئەو حەل هەرهچی کەیت بکەرەی.

– تا ئەکبەر تێتەو کارماری نەیرین پیسەی کەنم و تەواو. زەرەر کی نەیریت. مەجید هەروا پای ڕاکێشابوو. لاشەی ورچ لەولاوە چوو لێفەیەکی ڕەش ڕاخرابوو. ڕێچکەی خوێن بەرەو دەمی ئەشکەوت تووڵەمار ئاسا داچوڕابوو.

ئەوکە ئاوڕێکی لە ئەشکەوت دایەوە و وتی:

– ئەرا ئیمشەو جای خاسیە. توانین ئاگریش بکەینەو.

سەعە گول وتی:

– بانە کومەکم تا ئەی خرسە تەک دەینە خوارەو.

– ئەوکە و سەعە و ڕەحمان دەست و پای ورچیان گرت و کەوتنە نیخە نیخ و پەلەکێش کردنی ورچ. ورچ گایەک بوو بۆ خۆی. مەجیدیش ڕۆیشتە یارمەتییانەوە بەدەم ڕاکێشانی ورچەوە، مەجید دەیبۆڵاند و دەیوت:

– بەخوا بەخوا ئەگەر دوافیشەک نەبوایە تیکەی گەورەم گوێچکەم بوو. وادیارە نەهاتمە. بەزەحمەت لاشەی ورچیان لە دەمی ئەشکەوتەوە گل کردە خوارەوە.

سەعەگول ڕوو بەمەجید باوەجانی:

– نارەحەتی نەیرت. ئیمەمانان یا باید بینە خوراک خرس یا سەگە مەرگی ژیر فەرمان سەروان عەزیزی. ئەوکە دەستی بەیەکدا دەدا بەدەم پاککردنەوەی دەستییەوە وتی:

– بێ خەیاڵ. ئەگەر ئەلانەزەر ڕاس وەلامانا بکات، شەوسو عەزیزی هەفت باڵ نا سەد باڵی بوت کوشمەی.

مەجید وتی:

– سبەی داڵە لاشخۆر داڵەشقران دەست پێدەکەن بەسەرمانا. ئا تو سەور کە با سبەی بۆنی خوێن و تۆپینی ورچیان پێ بگا.

ڕەحمان وتی:

– بیلەیان با بونە میهمان کاک مەجید. شەوسو وەو ئاسمانەوە دوعاگویانە، هەی ماڵ ئاوایی لە مەجید خان کەن. تاریک داهاتبوو، هەرچوار ئەسپیان شان بەشان بەستبوویەوە. زین و بەرگیان هەروا بەپشتەوە هێڵابوویەوە بۆ خۆیان لە نێو ئەشکەوتدا لە دەوری ئاگردا تەکیان بەیەکەوە دابوو. ئاسمان ساف و سۆڵ مژدەی ڕۆژێکی بێ هەور و بارانی دەدا.

سەعە وتی:

– کی ئیشت خرس گوشتی نیەخورێت؟

مەجید وەڵامی دایەوە:

– ناخوریەت و نیویش. ورچ و سەگ فەرقیان چییە؟

– فـەرق نەیرت، نەیرت. وەلی کـی ئیشـت وەمـەملەکـەت تری گـوشـت سەگ نیەخوەن..؟

جـا باشـــە بۆ وەسـتــاوی؟ ئەمـــە ئاگـــر و ئەویشـــە لـەشی ورچ و خنجـەریشت پێیە، هـەستـە برۆ چەند پارووی لێ ببڕە و بیکە کـەباب و ئێمەش تەماشای دەکەین.

– حەیف ئەڕا ئەو حـەمکە گوشتە هـەروا خـەسار وت.. وەنـەزەرم ئەرا ئادەم ورسـی هـەموو شت حەڵاڵە.

– ماریش حەڵاڵە؟

– نیـــەزانم.. ئـەگــەر ترس وەژەهـرەکـــەی نـەوت، ئا مـــاریش حـــەڵاڵە. گوشت کە دیرت؟

ڕەحمان بەدارێک سکڵەکانی ئەمدیو دیو دەکرد لەبەر خۆیەوە وتی:

– ئەگەر عەزیزی باتـە شکار شـەوسـو نیـەتت وەنـەزەرم بانـەڕۆژ تێت. زانن ئەڕا؟ ئەوکە وەڵامی دایەوە:

– نا بیشە.

– بانـەڕۆژ جـوعـمـــەس. کــاروبـار پاسگا نـەیرت. مـــەردم هاتـوچوی پاسگا نیـەکەن، وەخـەیاڵ ڕاحـەت شکار خـۆی کـەت. شـەوسو ئـەکبـەرە دیتـەوە؛ ئـەگـەر فـیڵ مـیڵ و وەناو کـاریان نـەوت فکرکـەم وە ئـاسـانی عەزیزی کلکەینە جحانم.

ڕەحمان وەڵامی ئەوکەی دایەوە:

– فرە فرە ژاندارم وەپاسگا بات دەدوانزە ژاندارم بیشـتر نییە. فکر نیـەکـەم سـەروان ئیـقـەرە خـەروت وە دوانزە ژاندارمـە و باتەرامـان.؟ یا

بایەت کومەکی وە قەسر و کرماشان بارت یانیەتت. یانی توام بیشم ئەگەر بات تەنها تیەتە شکار و بەس فکرنیەکەم وەچوار کەس زورتر وەگەرد خۆیا بارت.

- سەورکەین تا بوینیم چە وت.

- چەخماخەیەک ئاسمانی ڕۆشن کردەوە بەدوایدا نالەی هەورە تەرەشقە کەژ و کێوی لەرزانداوە.

ڕەحمان وتی:

- دەم ئیوارە یە تیکە هەور وەئاسمانە نەو، ئیرنگە هەور و چەخماخەس.

ئەوکە وەڵامی دایەوە:

- هەور وەهاریە دەوام نەیرت. شەرت وەسم شەوسو خورەتاو خورەتاو وت.

ڕەحمان وەڵامی دایەوە:

- لە سەریەک دەستە فیشەک.

- توو چە ئیشی؟

- ئیشم شەوسو ئاسمان هەوری ئەوت.

- خاسە کردم. من ئیشم هەور نیەوت.

هەریەکە لە لایەکەوە ڕاکشابوون. لە نێوان خەو و هوشیاریدا شەویان بردەسەر. هەر بەئێوارەوە تورەکەی ئالکیان کردبووە سەری ئەسپەکانیانەوە. کە لە خەو هەڵسان هەریەکە چووە لای ولاخی خۆیەوە. توورەکەیان لەسەریان داکەند و ڕەشمۆکانیان ڕاکێشا بەرەو سەر کانیاوەکەی نزیکیان.

مەجید باوەجانی بەچای کردنەوە خۆی خەریک کردبوو، سەعە گول بەپێست کەندنی ورچەوە. بەتەواوی توانایەوە نەیدەتوانی سەری ورچ لە لاشەی جوێ کاتەوە تاوتاو دەیوت:

– براسەگ چمانە هیسرە. لەپڕ ڕوو بەمەجید باوەجانی قیڕاندی:

– قەڵەم بڕەکەت فرە دە ئەرام. مەجید قەلەمبڕی بۆ هاویشت. ئەوکە و ڕەحمان لە ئەشکەوت دوور کەوتبوونەوە بۆ چاودێری. خۆیان گەیاندبووە سەری چیا بۆ دوورئەندازی و دووربینی. شتێک سرنجی ڕانەکێشان هاتنەخوارەوە. هەور بەئاسمانەوە دەبینرا. سات بەسات کۆمەڵی دەکرد و دیسانەوە دڕنی دەدا و دەتوایەوە.

ڕەحمان وتی:

– شەرت وەجای خۆیە ها؟

– وەجای خۆیەتی.

سەعە گول دەست و پلی لووس بوو لە خوێن و بەزدا.. بڕێک لە گۆشتی ورچەکەی ڕووت کردبوویەوە.

دەمەونیوەڕۆ گەڕانەوە لای جێگەی نیشان کراو. ڕەحمانی ناردە لای دەستی ڕاستەوە و مەجید و سەعەشی ناردە نێو تاشەبەردی دەستی چەپەوە بۆ خۆیشی لە جێگە نیشان کراودا ڕۆیشتە سەنگەرەوە. زۆری نەکێشا سوارێک لە دوورەوە وەدەرکەوت دەبوا ئەو سوارە ئەکبەر بێت. بەڵام ئەوکە هەزار تەڵەی بەکلک تەقاندبوو، هەزار ختورەی بەدڵدا دەهات. سوار نزیک بوویەوە، سەروگوێلاکی ئەکبەر بەچاکی وەدەرکەوت. برادەران لە سەنگەردا خۆیان مەڵاس دابوو تا نەهاتە نێوانیان خۆیان بۆ ئاشکەرا نەکرد. ئەکبەر بەچوار لادا دەینواڕی تا بەدەنگ قیڕاندی:

– کا ئەولکەریم! کا ئەلکەریم هووو!

ئەوکە لە سەنگەر هەستایە سەرپا و وتی:

– مانوو نەوی بێرە نوا.

ئەکبەر لە ئەسپ دابەزی و برادەرانی دیش سەنگەریان بەجێهێلا و خۆیان گەیاندە لای ئەوکە و ئەکبەر.

ئەکبەر ڕوو بەئەوکە:

– چەناب سەروان ئەگەر شەوسو باران نەوارت حەتمەن تیتە شکار. خود خۆی وە ئەلانەزەر وەتیە شەوسوچیمنە شکار.

ئەلانەزەر سەلام ڕەسان وەت:

– هەر وەوجا بان وا تو جیابویتەوە؛ کاری کەم بارمیانە دەم دەستیان. وەلی بیشە موازبم بان نەمدەنە دەم تەقەوە.

– خاسە چەند ژاندارم وەل خۆیا تێرت؟

– فکرکەم سێ ژاندارم وەخۆی و ئەلانەزەرە و ئەونە پەنج سوار.

– ئەلانەزەر کەلوپەل کوردی هاوە وەری مەگەر نا؟

– با.

– وەت بیشە پیان یەک گوریس بەبەردەمیانا حەرەکەت کەم. سوار ئەسپ بورەیێکە. فکرکەم دوای کوشتن سەروان ئەویش بکەفتە تەکتان.

– ئەی تو توای چەبکەیت؟

– من وەدەورو وەر گاوارە خۆم گوم کەم تا قاڵ خەفت؛ خوون ژاندارم یەک دوو مانگ بیشتر دەوام نەیرت. دوایی چمەو سەر کار و زندەگیم. هەر فرە فرە وە تنگم هاوردن خۆم وەپیتان ڕەسنم. ئەوکە

سەرێکی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و وتی:

– ئەی خودا فەقەت ئەی یەک دوو ڕۆژە باران مەوارن تا شەڕ ئەی نامەردە وەسەر مەردم بیچارە کەم کەینە و بیلە دەستمان وەچمک کراسی کەفت.

ڕەحمان وتی:

– وەتەواو زندەگیم تەنها شەرتیکە حەزکەم خەساری کەم، وەنەزەرم بازندەم دەبیشن ئیشەڵا؟

– ئیشەلا بازندەی شەوسو خۆر سەر کەچەڵ سوزنت.

سەعە گول خوێن و بەز بەدەستیەوە ماسیاو بوو دووبارە کەوتەوە کەوڵ کەندنی ورچ.

ئەوکە ڕوو بەئەکبەر وتی:

– دوێکە جیابویتە و دەنگ تەقە نەشنەفتی؟

– نا مەگەر چە بییە؟

– ئەی ئەو خرسە خو وە مەچیر نەخنکیایە غەیر وە گولە کوشیایە.

ئەکبەر وتی:

– وە پاسگا وا باسی بێ ژاندارمیەل خۆیان حازر کردییە بکەفنە ناو مەردم ئەرا ئەسلحە جەم کردن.

ئەڵانەزەر ئەیوت:

– مەردوم خەوەرچین گوزارشن دەنە سەروان کی ئەسلیحە دیرت. زۆرتر ئەرا تەڵەکەکردن و مەردوم دوشینە. مەخسوسەن سەرکار ئستیوار شەریفی سمیلەیەلی باداوی. خۆی ئامادەکردو ئەڕا پوڵ و پەڵا.

– تو بیشی شەوسو سەرکار شەریفییش هامرای عەزیزی بات؟

– نیەزانم.

ئەوکە سەری بەرزکردەوە بەرەو ئاسمان و وتی:

– یادگارکاری کە ئەو توخم سەگەش بات. یە گام نەزرت وت ئەگەر شەریفیش ئەڕام بنیریتە ئەیرا.

ئەوکە ڕوو بەسەعە چوار سووچە وتی:

– گول بەد قەوارە! وەچەوە خۆت خەریک کردییە تا شەوسو وە ورسیا مرین. بچو ئەو دەست سیاچاڵە شایەت شکاری وەدەست باری؛ وەلی سەعە کار وەدەستمان نەدەی نەکەیتە تەقە تفەنگ حەق دیریت تەنها یە تیر بتەقنی. فەقەت یە شەنگ و بەس.

– گیرم خرس پەلاممدا چی؟

– ئەو دەم قەینەیرت.

– شەوەکی خواستم بیشم با بچمە شکار زات نەکردم.. با ئەی کەوڵکەندنە تەواو کەم چم.

هەتاو چاوشارکیەی لە نێو هەور و هەڵادا دەست پێ کردبوو. ئەوکە و هاوەڵانی هوکارەی سەرما و برسیەتی و تاش بەتاش بوون. هەرکە هەوەسی کەژماڵیان بوایە یاراو کردن و چەتەیی ناوساجی و کتری و پیاڵە و تفاقیان لەگەڵ خۆدا دەهێنا و لە مێژدا خۆیان ئامادەی سێ چوار ڕۆژ کەژماڵ کردبوو. دوعا دوعایان بوو با هەڵ نەکاو باران دانەکا تا ڕاوی سەروان عەزیزی دوانەکەوێت. بەوردەکارییەوە هەنگاویان نابوو. هیچ کەسێک وەدی نەکردبوون هیچ کارێکی نەشیاویان لێ نەوەشابوویەوە. ڕۆژ چووبوونە مەکۆوە شەو بەڕێگاوە. لە هەموو شت بەگومان و لە ڕووی تاقیکردنەوە و وردەکارییەوە دەچوولانەوە. ئەوەندە باوەڕیان بەخۆ هەبوو ئامادەی هەموو

ڕووداوێک. ئەوکە فەرمانی دابوو بکەونە چیلکەی کۆتەرەداری وشکەوەبوو تا ئاگرەکەی بێ دووکەڵ بێ، لە نێو ئەشکەوتدا پەنگ نەخواتەوە. هەتاو بەرەو خۆرئاوا دەچوو جگە لە لای خۆرنشین نەبێت هەور پاڵی بەیەکەوە دابوو چەقی ئاسمان هەوری پێیەوە نەدەبینرا سەعە لە دوورەوە وەدەرکەوت، ئەوکە دووربینی بۆ هەڵخست و وتی:

– وە ئەلی ئیمشەو تیر کەواو خوێن. دەست خۆش سەعە! چتی شکار کردییە چییە؟ نیەزانم. سەعە نزیکتر بوویەوە ئەوکە دووبارە دووربینی هەڵخست و وتی:

– وەنەزەرم وەراز شکار کردییە.

مەجید باوەجانی وتی:

– سەد خۆزگە نەیکردبا.

ئەوکە:

– بیلەمان باوە. تو وەراز نیەخۆی ئیمە خۆینەی. ئەگەر یە گلە تامی کەیت دەست وەرداری نێوی.

– نە ئاغا! تا بەئەمرۆ نەمخواردووە ئێستایش نایخۆم.

سەعە هاتە پێشەوە. شەلاڵی عەرەق بوو پەڵخە بەرازێکی بەشانەوە بوو سکی هەڵدڕیبوو گەدە و ڕیخۆڵەکەی دەرهێنابوو سووکتر و ئازانە هەنگاوبنا خوێنی سکی هەڵدڕاوی بەراز بەپشتی سەعەدا دەچۆڕا پاشووی سوورکردبوو لە خوێنا.

سەعە ڕوو بەمەجید:

– فرەچاو گردام ئەرا وەرانیک، بزنیک، چووزانم ڕیوییەک، کەرویشکێک؛ حەیف گیرنەیاوردم. بەو مەرد خاسی وە فەقەت ئەمشەو

لەی وەرازە بخۆ. یە گلە عەیب نەیرت.

– لاچو بەو لاوە. پیاو بەکلکەیەک حیز دەبیت.

ئەوکە وەڵامی دایەوە:

– دەس وەردار مەجید. تو ئەرا یە قسە وە مەزاجت نەسازیەت یە ئادەم کوشیت یە لوقمە گوشت حەرام نیەخویت؟ ئیوە سونیگەل چجوری فکر کەن؟

– ڕاست دەکەی پیاوم کوشتووە، کوشتوومە. ئەوە شتێکی ترە و ئەمەش مەزهەوە مەزهەو.

– موبارەکت وت. ئیمشەو وە ورسیەتی شەوگار بگوزرینەوە. ئینجا ڕوو بەسەعە:

– نمەک هاوردیە سەی؟

– هاوردمە.

ڕەحمان وتی:

– وە ئەلی گشت شت ڕووە ڕاست فەقەت یە شت کەم دیرین.

ئەوکە وتی:

– چیی؟

– یە بوتری عەرەق.

ئەوکە بەتووڕەبوونەوە وەڵامی دایەوە:

– تویش وەک سەی مەجید مامەت کار دەیتە دەست خوتەو ئاخر کار عەرەق خۆر حساوی دەرچیت.. وەسەی براکە تا وەل منا ویت عەرەق وەبان دەمت بچت کوشمەت. وە جیاتی ئەی قسانە بچو ئەو پەڵخە کەول کەن، سەعە فرە شەکەتە.

ڕەحـمـان دەست بەکـار بـوو. لە مـێـژا بەشی شـەو کـۆتەرەداری وشـەکـەوەبووی فـراوانیـان لە ئەشکـەوتدا کـۆمـەڵ کـردبوو. ئـاگـریان کـردەوە.. لە دەوری چوارمـشـقی و چنچکە لێی دانیـشتن. پشکۆی گەش، سووری سوور دەنوا. کە پارووە گۆشتیـان دەخستە سـەر بۆنی بەز و چیـزڵکی گۆشت لە ئەشکەوتدا پەنگی دەخـواردەوە. سـەعـە پلێک گۆشتی بەسنجووقێکەوە ڕوو بەمەجید گرت و وتی:

– وەسـەی براکـە فـرە بامـەزەس. یەگـاز لەلی بگـرە، تەواو گـوناحی گرمە گەردن.

– وتم ناخۆم یانی ناخۆم. سەر مەنە سەرم.

– ناخویت وە دەرەک دەعواو مەرافە نیەتوات بەو خاسە بکە.

لە دەرەوە لورەی گـورگ دەهـات. بۆنی چیـزڵکی گـۆشت و دووکـەڵ چووبوو بەپۆزەیانا.

سەعە تیکەیە گۆشت لە دەمیدا بوو بەدەم هەجوونیەوە وتی:

– بلووریَن تا توانن. سـارەشـەو یە لاک پوست کـەنیـاو هـاوە وەردەستـان شـایەت لاشـەی سـەروان عـەزیزیش خـەینە بـانی. بایەت شوکورگوزار کاک مەجید ون. مەجید باوەجانی ئاوڕێکی ئالۆزانەی لە سەعە دایەوە و ڕوو بەئەوکە وتی:

– چاودێری ئەولی شەو بەمنە، دوای من کێیە تا هەڵیسێنم.

دوای تۆ سەعەیە و دوای سەعە ڕەحمانە دوای ڕەحمانیش منم.

ئەکبەر وتی:

– ئەی من؟

– تۆ میهمانی تەخت بگرە بخەفە.

مەجید لە ئەشکەوت ڕۆیشتە دەرەوە.

ولاخـەکـان دەیان پیـشکان؛ لوورەی گـورگ هێنـابوونیـە خـروشـان. تەوای ئەسـتێرەکان بەجەرگی ئاسمـانەوە جـریوەیان دەهات. مـەجیـد لەبەر خۆیەوە وتـی:

– وا بڕوات سـبـەی هـەتاوی هـەتاوە و ڕەحـمـانیش مـەرجی دۆڕاندووە.. ڕەنگە واش نەبێت ئاسمـانی بەهار بێ ئامانە و شتیتۆکە. خـوا بکا هـەور نەبێت تـا دووبارە بۆ ئەم کـارە نەیەینەوە. ئەسـتێرەیەک داکـشـاو ئاسـمـانی ڕۆشن کـردەوە دەنگی پەلەورێکی لانـەواز بەئاسمانەوە بیسرا مەجید لەبەرخۆیەوە وتـی:

– تۆیش وەک من لانـەواز و بێ جێگە و شـوێن و سـەر لێـشـێـواوی؟ وەهـەرچـی مـەزهـەو هـەیـە مـەرگم لا شـرینتـرە تـا ئەم ژیانـە پێـمـەوە نەمـاوە.. مـاندووی مـاندووم. ئەمـجـارە لەبەر ئەوکـە هاتم، گـەڕامـەوە دەرۆمـە ئەودیـواو واز لەم بەزمـە دێنم و بـەلای ئاغـایەک لە ئـاغـاکـانی عێـراقـدا دەگیـرسێـمـەوە. مـەجیـد لە ترسی سـەرمـا بەدەم تێفکرینەوە دەهاتـو دەچوو. کـاتـی ئـێـشـک گـێـرانـی تەواوکـرد، هاتـەوە نێـو ئەشکەوتـەوە و ژندیە سـەعـەوە. سـەعـە ئەوەندە گـۆشـتی خـوڵەکـەواوی بەرازی خـواردبوو پرخـەی چووبووە سـەر پرخـەی ورچ. سـەعـە سکی هەڵئـاوسـابوو، پلایە لای ڕاسـتیـدا. مـەجیـد دووبارە پێـوەژەند سـەعـە نیشتە قوونەوە..

مەجید وتـی:

– هوشـیـار بە! چاوت بەولاخـەکـانەوە بێت، لوورەی گـورگ ئاڵۆز و پەریشانی کردوون.

بەو شـێـوەیەی ئەوکـە دابەشی کردبوو شـەویان بردەسـەر. تاریک و ڕوون خـۆشـەویسـتـانـە تێکەلاوبـوون. خـۆشـیـیـەک لەناخی ئەوکـەدا

قتماغەی بەست کە دی تەواوی ئەستێرەکانی ئاسمان جریوەیان دێ و سایقەی سامالّە و بەرنامەی سەیر و سەفا و کار و شکاری جەناب سەروان عەزیزی بەردەوام دەبێ و تا چێشت تەنگاو دەگەنە خزمەتی و بەدیداری شاد دەبنەوە. بەسەر ئەو بنکرە خۆشحالّییە ختورەی فێلّ و بەرنامەی دارِژاوی پرِ لە نامەردی ژاندارمری و ساواکیشیی لەبیری خۆیدا دەگوزەراند و دەیپەروەراند. لەگەلّ خۆیدا دەیوت:

– کێ دەلّێت سەرتاسەری داستانەکەی ئەلّانەزەر بۆ خۆی داو و تەلّە نەبێت؟ هاتوو وا بوو چی؟

خۆ لە ژێر زەوییەوە وەدەرنایەن. سەیر دەکەین بزانین چۆنە، توانیمان دەستی خۆمان دەوەشێنین، نەشمان توانی بۆی دەردەچین. دەولّەتی ئێران زۆربەی کارەکانی پرِ بووە لە نامەردی و لە من ملهورِتری بەفێلّ و نامەردی زۆر لەناوبردووە.. ئەم جۆرە کارانە زۆرتر لەیەکدانەوە و هوشیاری زۆرتر دەوێ تا ئازایی. تا دەبوو ئەستێرەکان بەئاسمانەوە دەتوانەوە سەعە هەلّسابوو بەدوای کۆتەرەداردا دەگەرِا تا ئاگرەکەی پێ گرِدارتر بکا و چایی لێنێت.

ئەوکە نەیهێلّا و وتی:

– چای مەکە. بایەت خۆمان ئامادەکەین..

وردە وردە رِەحمان و مەجیدیش هەستان. رِەحمان لەشی خۆی رِاکێشا و باویشکێکی دا و سەیرێکی ئاسمانی کرد و وتی:

– جەناب سەروان بفەرما، شکاریەل مونتەزرن.

ئەوکە هاوەلّەکانی کۆکردەوە و رِایگەیاند:

– ئەگەر فێلّ و درۆ وەناو کارنەوت و رِاستی رِاستی سەروان بایتە شکار، یانی وەپای خۆی هاتیەسە ناو مردن. ئێوە هەرچی ئیشم مووە

موو بکەنەی.. مەگەر خالق وەئیلا ئەگەر هەفت باڵیان بووت شکنمەی. دەستی درێژ کرد بۆ دوو لای دۆڵەکە و وتی:

– ئەو دوو ڕکانە سەنگییە دوینن هی دەست چەپ و هی دەست ڕاست. ها چمانە وەیەکەو هەڵپڕکێ کەن. دوانمان چیمنە لایی ڕاست و دوانمان لای چەپ.. ئەگەر تەنها پەنج شیش سوار ون وە دەست ڕیژ ئەوەل کار یەک دوانیان سازین؛ وەلی موازب ئەلانەزەر ون گومانم هاوە نوایان.. ئەگەر شکارچی نەون و ئەڕا جەنگ هاتوون وەبیست کەس کەمتر ناون. ئەودەم تەقە نیەکەن و خۆمان ڕەسنینە ولاخیەلمان بۆی دەرئەچین. ئەگەر تا شەش حەوت کەسیش بان دەست وەکار ئەوین وەلی ئەول بایەت من تەقە بکەم؛ هەرکە تەقە کردم ئەودەم ئیوە دەست وەکار ون. ئینجا وتی:

– کامتان توان وەل مناون؟

مەجید وتی:

– من لەگەڵتا دێم.

– خاسە من و توو چیمنە دەست ڕاست، ڕەحمان و سەعەش ئەڕا ئەو دەست. ئەوکە ڕووی کردە لای ئەکبەر و وتی:

– تو بچو موازب ولاخیەل با نەکا وەناو تەقە تفەنگ بترسن و دەرچن.

ڕەحمان و سەعە کەوتنە دەستی ڕاست و ئەوکە و مەجیدیش بەرەو دەستی چەپ شۆڕبوونەوە. هەردوولا بەرانبەر یەک سەنگەریان گرت و لوولەی تفەنگیان شۆڕ کردەوە نێو دۆڵا و چاویان بڕییە سەرەتای دۆڵ و چاوەڕوان.

لاپاڵی چیاکان سەوزی دەکردەوە شینایییەکی چڕ و پڕ دامێنی

چیـای داپۆشـیـبـوو. چەقی دۆڵ ئـاشگێـڕێک ئاو سـەروخـوار هـاژەی دەکرد. تووڵە ڕێگایەک مـارپێچ بەلێـواری ئاودا داکشـابوو. لە دوورەوە تارمـــایی چەند ســوارێک وەدی دەکــرا ژمـــارەیان لە پێنج زۆرتـر بوو ئەوکە دووربینی هەڵخست و وتی:

– تا ئێـرە فـیڵ مـیڵ وەناو کـار نیـیـە. کـاورای نـوا سـوار ئـەسپ بورەیەکـە بایـەت ئەڵانەزەر وت.. مـەجـیـد دەسـتـی درێژکـرد و وتـی ئەو دووربینەم بدەرێ با بییان بینم

ئەوکە دووربـینی لە ملی وەدەرهێنا دای بەدەسـتی مـەجـیدەوە بەدەم نوارِینەوە وتـی:

– وەم چەشنە سەروان دووهـەمینیانە. وا نا؟

– وەنەزەرم.

– تۆ وەدەم و چاو سەروان دەناسیت؟

– فرە خاس.

ئەوکە دەسـتی درێژکردەوە بۆ دووربـین و وتـی:

– بدەرەی پیم. با وە ڕەزای شـرینی شـادومـەو. خـود خـۆیەتی بەدەم سەیر کردنی سەروانەوە دەیوت:

– بەوە نوا. دەی. بڕەســە دەم تفـەنگم. پا بخـە دەی باوە نوا نامـەرد حساوی.

مەجید:

– بێ ئەملا و لا دووهـەمیانە..؟

– وتم ئا، خـود خۆیەتی. تەقـە نەکـەیت ها. با ئەول من دەست وەکار وم. ها ئەوسە وە پای خۆی هاتیەسە دەم مەرگ.

لەوبەریشـەوە ڕەحمـان و سـەعە هەناسـەیان لەخـۆ بڕیبوو: ئەگـەرچی

بێ دووربین بوون، بەڵام بەچەپۆکانی ئەسپی دووهەمدا زانییان سەروان دووهەمیانە. بەلای ڕەحمان و سەعەوە جگە لە ئەڵانەزەر کە سواری ئەسپێکی بۆرەیە ئەوانی دی کوژراویان ناوە. هەرکە نزیکتر بوونەوە ڕەحمان سەروگوێلاک و قەد و قامەتی عەزیزی وەبیرهاتەوە. خۆیەتی، ئا خۆیەتی. پا بخە براسەگ! جەعبەیەک فیشەکی لە ڕەزنەکەی دەرکرد و خستییە خانی تفەنگەکەی و دوا فیشەکی جەعبەی ماچ کرد و بردییە بەر کار و هەناسەی لە خۆی بڕی و ڕۆیشتە قەرەوڵەوە. چاوەڕوانی تەقەی ئەوکە.. سوارەکان نزیک بووبوونەوە. هاتبوونە بوردی تفەنگی برنەو. ئەوکە کلاشینکۆفی پێبوو. ئەلانەزەر هەشت نۆ دە هەنگاوێک لە پێشیانەوە دەهات، عەزیزی بەدوایدا و سەرکار ئیستیوار شەریفی بەدوای عەزیزییەوە ملی دەنا. لە دوای هەموویانەوە ژاندارمێک لە تیرەی کەلهوڕی دەوروبەری شائەباد لەبەر تفەنگچییەتی لە ڕاودا پەیوەستە هاوڕای سەروان دەبوو. سوارەکان بەتەواوی هاتنە ژێر دەمی تفەنگەوە.. ئەوکە ویستی ڕێگەی گەڕانەوەیان لێ ببڕێت.. شریخەی یەکەمین تەقە لە دۆڵ و چیادا چەندین جار دەنگی دایەوە بەدوایدا دەستڕێژ دەستی پێ کرد.. ئەوکە لە یەکەمین تەقەدا سەروانی پێکابوو. یەشتا لە ئەسپەکەی نەکەوتبووە خوارەوە، دووسێ گوللەی تری بەر کەوتبوو. ژاندارمی دوا دواین توانیی جڵەوی ئەسپەکەی وەرچەرخێنێت و لە ئەسپەکەشی دابەزی و خۆی تلاندە پشتی گابەردێکەوە. لە یەکەم دەستڕێژدا سەرکار ئستیوار شەریفیش پێکرابوو.. یەشتا هەر لە تەقەدا بەردەوام بوو.. ڕوو بەئەڵانەزەر قیڕاندی:

– نامەردی بێ شەرەف! سەرئەنجام کاری خۆتت کرد و ڕوو بەئەلانەزەر چەند فیشەکی تەقاند. ئەڵانەزەریش ڕوو بەئەو و لە چەپ و

ڕاسـتـەوە ڕوو بەئەوان. ژاندارمی شـائەبادی بەچەپ و ڕاسـتـدا لە تەقـەدا بەردەوام بوو. زۆرتر لە ئەوکە و مـەجـیـدەوە نزیکتـر بـوو. لەپڕ ڕەحمان وتی:

– ئای! وە ئەلی دا لە لیم.

سـەعـە هاتە لایەوە.. ڕەزنەکەی لە ملی کردەوە پشـتـی ڕووت کـرد و ڕوانی گوللە پشتی ڕووکەشانە پێکاوە. لەبەر خۆیەوە وتی:

– تەنها دەنگی کلاشینکۆفەکەی ئەوکە دەیێت. مەجید بێدەنگ بوو. شەریفیش لە تەقە کەوتبوو.

سەعە وتی:

– وەیادگـار! ئەی داڵک خـیـزە ئەگـەر کـاری نەسـازینم، گـشـتـمـان کوشت.

چەند هەنگاو لە ڕەحـمـان دوور کـەوتەوە توانی لە لاوە کـابرای ژاندارم بەدی کا. چەتاڵی بۆ دانا و ڕۆیشـتـە قـەرەوڵەوە. لە پڕ دووبارە کابرا لە قەرەوڵا ون بوو.. ئەوکە کلاشینکۆفی خستە لاوە و دەستی بۆ بڕنەوەکەی مەجیدی کوژراو برد و تەقـەی دەست پێ کرد. سـەعـە کە دووبارە دەنگی بڕنەوی بیست لە دڵا وتی: ئەلحەمیلا مەجید سەلامەتە. ئەوکە تەکەڵ تەکەڵ کابرای ژاندارمی دایە دەم بڕنە و کابرای ژاندارم نەیتوانی لە هەمان جێگەدا خۆی ڕاگرێ. وزاقی دابوو بن بەردێکی دی لە هەمان کاتدا سەعە لەوبەرەوە دەست بەکاربوو. ژاندارم بەتەپاوتل گل بوویە خـوارەوە. تەقـە بڕایەوە. بێ دەنگیـیـەکی سـامناک خـامـۆشـیـیـەکی خـوێناوی! ئەلانەزەر لە بن بەردێکەوە هـاواری لێ هەڵسا:

– من ئەلانەزەرم. بامە دەر یا نا؟

ئەوکە وەڵامی دایەوە:

- بارە دەشت مەترس..

ڕەحمان دەینالاند. سەعە وەک گلۆلەیەک بەن گل بوویەوە خوارەوە بۆ ناو دۆڵ.

ئەوکە قیڕاندی:

- بچو بزان گیان دیرن یا نا. نەترس موازبتم.

سەعە فیشەکی لەبەر کاردا بوو.. خۆی گەیاندە سەر تەرمی سەروان عەزیزی و بەدوایدا تەرمەکانی دی.. سەعە بەدەنگی بەرز وتی:

- گشتیان کوشیانە.

ئەکبەر زانی تەقە بڕاوەتەوە خۆی گەیاندە لای ئەوکە و باوشی پیاکرد و یەک دووجار دەست و ڕووی ماچ کرد و بەدەم ماچکردنەوە دەیوت:

- ئەوکە شامار قەزات لە لیم کەفت، یادگار پشت و پەنات وت، شەرەفمان سەندیتەو، ئا وەخوا شەرەفمان سەندیتەو. کە ئەلانەزەری دی لە خوارەوە دێ، دووبارە کەوتەوە دەست ماچکردنی ئەوکە و هەردووکیان چوونە خوارەوە. ئەوکە لە سەعەی پرسی:

- خۆ ڕەحمانیش نەکوشیایە؟

سەعە وەڵامی دایەوە:

- مەگەر مەجید کوشیایە؟

- ئا، کاورای دوا دوایی کوشتەی. وە یادگار ئەگەر تو نەکوشتاسەی گشتمان وەفەتەراتا ئەورد. عەجەب توولەماری بی. ئەی ڕەحمان کوا؟

– ڕەحمان زەخمی بییە، وەلی زەخمەکەی کاری نییە، فەقەت گوشت و دەمار گرتیە. گوللە بەر پشتی کەفتیە سەڵامەتە.

ئەلانەزەر هاتە پێشەوە مێزەرەکەی داملاندویە سەر ملیدا و وتی:

– وە سەی براکە! شەریفی وەو زەخمیشە ئەگەر نەکوشتما شەقە لە لیم هەلساندووی.

ئەوکە ڕوو بەسەعە و ئەڵانەزەر وتی:

– بچنە دوای ئەو ژاندارمە وا وە تەقەکان ئەوەڵدا ئەسپەکەی سلوکیوە و چووە دواوە.

سەعە وتی:

– منیش هاومە فکر ئەو ئەسپە، ترسم بچتەو پاسگا و بڕژینە سەرمان.

– ئەسپ ژاندارم ترس نەیرت، نە عادەت وە پەسگاکەت نە وە سوارەکەی.. ئەمڕۆ یەکێک سواریتی، شەوسو یەکی تر. مەگەر ئەسپ لای خۆمانە. مەرەخەسی کەی یەک ڕاست خۆی ڕەسنتەی ئاخوڕەکەی بچنە نوایا وەلی فرە دوور مەچن.

سەعە و ئەڵانەزەر بەدۆڵا گل بوونەوە ئەوکەش بەرەو لای ڕەحمان بەڕێ کەوت. ناڵە و نرکەی ڕەحمانی نەدەبیست، لە دوورەوە ڕەحمان ڕەحمانی دەست پێکرد. ڕەحمان وەڵامی دایەوە.

ئەوکە گەیشتە سەر ڕەحمان و وتی:

– دەنگ تفەنگت ئەڕا وەختی نەئەهاتە گوێم نگران بیم. وەلی وەی ئاخر ئاخرە پەنج شەش شەنگی تەقاندی، شوکر خوا کردم. وەسەی براکە! ئەو براسەگە وا توو زەخمی کرد، وەلە توو مەجید کوشت

مەجید دەم و دەم تەسلیم بی. گولە وەر سەری کەفت و جان ئافەرین کرد.

– ئەی داد بیداد! کوڕ فەرخاسی بی. وەدەسمان چوی. فەرە ئاغا بی. حەیف!

– ئەلحەق سەفا لە لیمان شیوان.

– ئەو براسەگە کوشیایە؟

– کی؟

– عەزیزی؟

– ئەول گوللەی من و سی گوللەتریش هاوە پیەوەو. توو چونی؟ توانی بجوڵیەیت؟

– توانم، وەلی فرە دەرد دیرم.

– قەی نەیرت. بایەت دەس وەکارین و هەرچی زویتر وەی ناوە دوورکەفیمەو. چاو دەوڵەت کوور کردیمە. شەوسو ئەونە سەگ هار کەفنە گیان مەردم بیچارە.

– فرە فرە چەند ڕوژیکە، کش و فشیان دامرنەو. ئەڵانەزەر و سەعەش لە دوورەوە دەرکەوتن. سەعە سواری ئەسپی ژاندارمی کوژراو و ئەڵانەزەریش پیادە تەکانی دەدا.

ڕەحمان وتی:

– سەد خۆزگە ئەو لامەسەوەم وە کوشیایی ئەدی! حەیف پیادە نیەتوانم بچمە خوار.

– بیلە با سەعە و ئەڵانەزەر برەسن وە ئەسپ بەمەتە خوار. ئەوکە دووبارە گەڕایەوە لای تەرمەکان. بەئەکبەری وت:

– بچــو ئەو دووسێ ئەســپــانە گلێـرکــەرەو تا ئەوان ڕەسـن. شــەڕە تفـەنـگ لە ســەعـاتێک کـەمـتـری خـایـانـدبوو. چەندین دالّـی لاشــخـۆر بەئاسمـانەوە بازنە ئاسا دەبینرا؛ بۆنی لەشی ورچیان بیستبوو بۆنی خـوێنی مـاسـیـاوی تازەشــیـان چووبوو بەلووتا. ئەکـبـەر ڕەشـمـوی ئەسپەکانی ڕادەکێشا سەعە و ئەلآنەزەریش گەیشتبوونە بەرەوە.

سەعە بەدەم دابەزینەوە وتی:

– جـەنـازەی کـاورا کـەفـتـیـەسـە نـاو ئاوەکە، ئەسـپـەکـەش وەولاترەو ئەلەوەڕیا.

– مەگەر لەخاو وە دەمی نەوی؟

– مەگەر ناوینی؟

ئەلآنەزەر وتی:

– نـاوی مــەنســووری بی. منـالّ دەورووەر هـەمــەدانـە. هـەر وەخـت سـەروان هەوەس شـکار بکردا مـەنسـووری وەل خـۆیا ئەیـهـاورد ئەڕای چێـشت و چـای و خـزمـەتگوزاری. فـرە وە ئەسـپ سـواری ئەترسـیـا، دەسـتی وە زینـەکـەیەو ئەگـرت و وەجـیـاتی لەقـاو ڕەشـمـوی وەخـاسـتـر ئەزانی. وەلـی ئەو کـاورا وا وەی ئـاخـرە کـوشــیـا. وەناو ژاندارمــیــەل مەنشور بی. چاومار دەرئەهاورد، تفەنگچی فەرە وەدیقەت بوو.

سەعـە کەوتە پشکنین جـەنازەکان. سەعـاتێک و تۆزێک پوول و پارە و دوو دەمانچە و قەتارەکانی لێ کردنەوە. ئەوکە قیڕاندی:

– عـەجـەلەکـەن. بابچـیـمن. بایـەد فـرە زوو وەی نـاوە دوورکـەفـیـنەوە. بەسەعەی وت:

– ئەو ئەسـپـە بووە ڕەحـمـان سـوارکـە و بـاریەخـوار توات گفت و گـو

وەل سەروانا بکا. سەعە ئەسپی گەیاندە لای ڕەحمان و بەدژوار ڕەحمانی سوار کرد و گەڕاندییە لای تەرمەکانەوە.

عەزیزی لەسەر گازەری پشت کەوتبوو، برێک مێش بەدەم و لووتییەوە نووسابوو. ڕەحمان ڕوخساری پڕ بوو لە ژان. هەروا بەڕاسەری لەشی عەزیزییەوە سوارە ڕاوەستابوو.

– ها جەناب سەروان چونی؟ چاخ سەلامەتی؟ توو تەنها سێ ستارە داشتی ئاسمان پڕ پڕ ستارەس ئەرا یە گلە سەر وەرەو ئاسمان بەزر نەکردیتەو ئەی گشت ستارەی ئاسمانە بوینی؟ بچوو.. بچوو.. توام بزانم خودا چجوری چتە حزور خوا؟ ئاخر مەگەر من و باوکم چیمان کرد و وا سەروسمێڵی تاشیت و ئاورو ئەڕامان نەهیشتی.. بچوو. جەهەنم چاوەڕیتە. بچوو. نامەرد ڕوژگار.

ئەوکە وتی:

– جەناب سەروان چو. ئەگەر ئازا نەجمیم، ئیمەش وەلیا چیمن. با جەنازەی مەجید سوارکەین وەی ناوە دوور کەفینەو. سەعە ئەسپێکی هاورد. زینیان لە ئەسپ کردەوە، تەنها کەفەل پۆشەکەی هێڵایەوە تەرمی مەجیدیان ڕوو بەدەم دایە سەر پشتی ئەسپدا، بەکەژوویەکی ڕەنگی لەژێر سکی ئەسپەوە شەتەکیان دا و لە دواشەوە بەقوشقنەکەوە بەستیانەوە.

ڕەحمان بەسەر ئەسپەوە دەینواڕییە لەشی ڕاخراوی سەروان و مەجیدی شەتەک دراو ڕوو بەمەجید وتی:

– برا کا مجید! بایەت فرە بوەخشیت. حەق بی من وە جیای تو بکوشیاما وەلی حەیف و هەزار حەیف! ئەوکە دووبارە قیڕاندی:

– بجوولێن، بچیمن. ئەگەر پا بخەین تا ئێوارە گەیمە جای بێ

خەتەر. ڕەحمان! بچیمن ئێرنگە بکوشنەم دەرقەدنیم.

– بچیم؟

– یا ئەلی!

# چەند ساڵێک دواتر

٣٢

چاوی بڕیبــوویە ناوچاوانی، هەناســەیان تێکەڵ بووبوو. بەنینۆکی پەنجــەی شــایەتمانی تاڵ تاڵ پرچی لا دەدا بەو لاوە. خــۆی پێــوە چەسپاندبوو؛ گلێنەکانی پڕ بوو لە تەسلیم و تەوازوع بەڕێز و حورمەت و ستایشەوە دەینوارییە ڕوخسار و قووڵایی سۆمایدا.. پێی بکرابا نینۆکە مانیکۆر کراوە تیژەکانی لە قووڵایی ناخی گیر دەکرد و خەیمەگای لێ دادەبەست و دەیکردە هەوارگەیەکی جاویدانی. بۆ چرکەیەک غافڵ نەدەبوو لە ناز و ئەدای ژنانەی تێکەڵ بەعەشق و عاشقی. بەپارێزەوە دەجووڵایەوە، ئەگریجە و زوڵفی خەرمان مانەندی کەوتبووە سەر سنگی ڕووتی فەلامەرزدا. بۆنی کریستین دویری لێدەهات. فەلامەرز دوو دەستی لە دۆشەکی سیسەمەکە گیر کرد و دوا بەدوا خۆی کێشایە سەرەوە و پشتی لە کەمەی سیسەمەکە گیر کرد و نوارییە نوارینە خومارەکانی لیلیدا و وتی:

– چییە دەڵێی خەوت دێت؟

– خەو؟ کام خەو؟ تۆم لە بندەستدا ڕاکشابێت و خەو؟ مەگەر گەوج و دەبەنگم. باوەڕ دەکەی یا نا کەیفی خۆتە، من بەجارێک لە خۆشەویستی تۆدا توامەتەوە. دوێنێ عولیاحەزرەت شاهبانو کە دیمی لە پڕ پرسی چییە لیلی ماوەیەکە ئاشوفتە دەتبینم. عاشق نەبووی؟ بوویی؟

– وەڵامت چی بوو؟

- وتم خراو.

- شابانو قاقا پێکەنی و وتی:

- لیلی و عاشق بوون و ئەویش یەکجار خراو. پێم سەیرە یاری ڕۆژگارە، بەو هەموو ئەداو ئەتوار و تاقیکردنەوە و عاشق بوون؟ خۆ وەڵا ڕووداوێکی گەورەیە. لە بیرتە دەتوت پیاو وەک پەڕۆی بێنوێژیی وایە سوودی لێ وەرگرە و تووڕی دە لاوە. لە بیرتە؟

- باشم لە بیرە؛ بەڵام با ئەوەت عەرزکەم یاخوا ئەوی دوژمنە دووچاری دیکتاتۆرییەتی عشق نەبێت. کە ئەوەم وت. شابانو دووبارە قاقا چوو بەپشتدا و وتی:

- کە ئاوا خراو؟ بیستبووم.. نەمدەزانی بەم پەرێشانییە ڕۆژگار دەگوەزرێنیت. هەمان موهەندسی پرۆژەی کۆشکەکەی وەلیعەهدە..؟ وا نا؟

- با.

- یاروی کوردە؟

- بەڵێ هەمان کوردەکەیە. لە عشقی ئەودا ماشینەکەم پڕە لە نەواری کوردی.

- جا ئەوەندە بۆی پەرێشانی ئەوە دێنێت؟

- وەڵڵاهی بیرم لەوەی نەکردوەتەوە و نازانم شایستەی ئەم سووتانی منەیە یا نەء؟

- ڕۆژێک بیهێنە با بیبینم.

تا ئەو دەمە لیلی لاڕوومەتی نابووە سەر سنگی ڕووتی فەلامەرزەوە. فەلامەرز بەئەسپای سەری بەلادا چەرخاند و وتی:

- یانی دەمبەی بۆ لای شابانو؟

لیلی چەرچەفەکەی پێچایە سنگ و بەرۆکی ڕووتییەوە. ئەویش شان بەشانی فەلامەرز پشتی لە کەمەی سیسەمەکە گیر کرد و وتی:

- مەگەر نەتبیست وتم چی؟

- با بیستم. بۆ خۆی فەرمووی بڕۆین بۆ خزمەتی؟

لیلی دەم و لێوی نا بەبنا گوێی فەلامەرزەوە و یەک دووجار ماچی کرد و چرپاندی بەگوێیدا و وتی:

- تۆ کە لیلیت هەبێت، عەلاحەزرەتیش دەبینی. فەلامەرز یەک دووجار سەری لەرزانەوە و دەستی لیلی لە ناو لەپیدا گوم کرد و وشاردی و وتی:

- دەزانم.

- سەختی لێ مەنوە. بەڕای من شابانو دەربارەی کۆشکەکەی وەلیعەهدت لێ دەپرسێت و لە هەمان کاتدا دەیەوێ بزانێت چەن مەردە هەلاجی و ئەوە دیەنی چاکترین دۆستی ئێستا و منداڵییش وا پەریشانتە. ئاخر من و شابانو یەک دوو قۆناغی خوێندنمان بەسەر تەختەیەکەوە گوزەراندووە و لە پاریسیشدا دووسێ ساڵێک پێکەوە بووین. ئەڵبەتە پێش ئەوەی بێ بە شاژن و مەلەکەی ئێران، یانی دەمەوێت ئەوەی بڵێم ئاگاداری ڕابوردوو و ڕاز و نیاز و چۆنیەتی تێفکرینی یەکترین.

- کەواتە لە هەرەتی گەنجایەتیتانا لە پاریسدا پێکەوە بوون.

لیلی چەرخایە لای فەلامەرز و گازێکی لە بناگوێی گرت و وتی:

- نامەرد مەگەر من پیرم، وا وا دەڵێی؟

– نا، مەبەستم لەوەی نەبوو. هەڕەت نێوان هەڤدە و بیستە. کام ئافرەتی گەنج و تازەپێگەیشتوو دەگاتە خانی و مانی تۆ بۆنی ژنایەتیت پیاو تا سنووری خوماری و بێهۆشی دەبا.

لیلی هەڵپلایە سەر سنگی فەلامەرز و بەدوو پەنجەی لووتی گرت و وتی:

– حەرامزادەی نامەرد! قەینا چەند ساڵێک لە تۆ گەورەترم؛ بەڵام یەشتا من هەر منم.

فەلامەرز لەژێر بندەستیەوە بەهەردوو دەست، دوولای پەراسووی گرت و لە سەر پشت خستی و دەق بەدەق ڕاکشایە سەریا. خڕینی دوو مەمکی لیلی کەوتە نێوان سنگیانەوە، کەمەکێک دەمیانی لەیەک دوور خستبوویەوە لیلی تۆزەکێک سەری بەرزکردەوە دوو لێویان نیشتە سەر یەک؛ یەکجار و دووجاری دوور و درێژ. فەلامەرز دووبارە پلایە ئەو لاوەو هەروا دەینواڕییە بنمیچی ژوورەکە. لەژێر لێوەوە وتی:

منێکی دوور لە ژن و ئافرەت. خەریکی وردە وردە کەمەنکێشم دەکەیت و دەمکەیتە سەرسوپوردەی خۆت.

لیلی لەپڕ چوارمشقی بەسەر سیسەمەکەیەوە دانیشت و وتی:

– درۆزن دوژمنی خوایە، یەکێک وا وەستاکارانە چاڵی لاگەردنی ئافرەت ماچ بکا وەستاکارانە بجووڵێتەوە، بێ ئاگایە لە ژن و ئافرەت..؟

– وا بزانم لە مێژدا وتوومە لە یاسەمین بەولاوە پەیوەندیم لەگەڵ هیچ ئافرەتێکدا نەبووە و نیشە. مەگەر نابینی تازەکارم؟

– باشە ئەو ماچانە لە یاسی گیانتەوە فێر بوویت؟

– ئێمە قەرارمان لەسەر ئەمەیان نەبووە. یاسی لە پەپوولە بێ تاوانترە. تۆم چۆن خۆش دەوێ، ئەویشم وا خۆش دەوێ. ئەگەر لەبیرت مابێت.. ئێمە وامان بڕیەتەوە. وا نا؟

– باشم لە بیرە. شتێکە من جارجارێک تیژ دەڕۆم و وەک هەر ئافرەتێک لام خۆشە هەر بۆ من بیت و بەس. وادەزانم تەواوی ئافرەتانی جیهان هەروەک من تێدەفکریەن. فەلامەرز تۆزێ ماتی کرد و کەوتە خەیاڵەوە. لە دڵا وتی:

– ئەمەیان یاسەمین ناگرێتەوە، منی بەئاسانی خستە باوەشی تۆوە.

لیلی وتی:

– شتێکت وت؟

وەڵامی دایەوە:

– بۆچی هیچم وت؟

– وابزانم.. بەڵام خەڵک زۆر دەڵێن.

– چی دەڵێن؛ خەڵکی حەسوود با بڵێن.

– هەتاوەکو دوێنێ مێردەکەشم هەواڵی تۆی لێ دەپرسیم و بەتەواوی کەین و بەینی نێوانمانی دەزانی.

– چیت وەڵام دایەوە؟

– ڕێک و ڕاست پێم وتووە بەدرێژی باسی تۆشم بۆ کردووە کە بەدەستی خۆم نییە، خۆشم دەوێ. مەگەر خۆشەویستی تاوانە؟

– تۆ بڵێی گرفتاریم بۆ دروست نەکا..؟

– حەدی چییە؟ وام فێر نەکردووە؛ پەل و پۆی دەشکێنم. من بەرانبەر تۆ بێدەسەڵاتم، بەڵام ئامادەی ئەوە هەم شەڕی دێوە

سپییشت لەسەر بکەم. بیر لەوەی مەکەرەوە ئەوە ناهێنێ خۆی بۆ سەخڵەت بکەی، دەڵێم...

– دەی..

– سبەی شەو لە پارتییەک میوانم. چۆنە پێکەوە برۆین؟

– وا ئاشکرای کەین؟

– دەمەوێ پاپووچەکانم بخەمە دەمی خەڵک. خەڵکی بەدزییەوە هەزار کەین و بەین و دزی و دەخەڵی دەکەن، من ساف و سۆڵ و ڕاست و پوختە دەیخەمە بەرچاو و باکیشم لە کەس نییە.

– لات خۆشە دێم.

– لەوێ دەبێ گەلێک هوشیار بیت. ئەو جۆرە میوانییانە پڕە لە ئافرەتی دەڵەی هەوەس باز.

– یانی جێگەی متمانەت نیم؟

– نا جێگەی باوەڕمی؛ بەڵام ئاگاداری ئەفسوون و ناز و کریشمەی ئەو ژنانەم کە چەندە سەلیتە و پڕ لە تەشقەڵەن.

– نیگەرانی من مەبە. حەوت خوانی ڕوسەمیش بێت دەیبڕم.

لیلی ڕووت و قووت لە سیسەمەکە هاتە خوارەوە و بەرانبەر ئاوێنەی مێزی تەوالێتەکە ڕاوەستا و دوو دەستی کردەوە و لەشی ڕاکێشا و وتی:

– دوای لە پێخەف وەدەرهاتن قاوە خۆشە. دەمەوێ ئاوێک بەخۆما بکەم تا من خۆم دەشۆرم. ئەگەر لوتف کەیت قاوەیەک دروست بکەی دەچەسپێ ها؟

– یانی وابێت من جارێک نابێ خۆم بشۆرم؟

– حەزت لێیە، بۆ ڕاوەستاوی؟

– نا گاڵتەم کرد، درەنگمە. فەلامەرز سەیری سەعاتەکەی کرد.

– یانی بەجێم دێڵیت و خۆت دەگەیەنیتە یاسەمین؟

– تۆزێک ویژدان. سێ چوار ڕۆژە نەمدیوە. ئەوە چوار سەعاتە پێکەوەین.

– سبەی شەویش پێکەوە دەبین.

– سبەی بێمەوە ئەیرا یا جێگایەکی دی؟

– هەر ئەیرا و هەشتی شەو؟

– زوو نییە بۆ شەونشینی؟

– لام خۆشە لە مێژا یەک دوو سەعاتێک پێکەوە بین. دەرگای سەرشۆرگەکە ئاواڵە بوو، خوڕەی ئاوی دووشە خوڕەکە دەهاتە گوێ. فەلامەرز خۆی کۆکردبوویەوە خۆی گەیاندە لیلی و تەنکە ماچێکی لە دەمی تەڕی لیلی فڕاند و نەختێک تامی دەمی دایەوە.

لیلی وتی:

– شرین بوو؟

– نا، هەم ترش و هەم شرین. دەستی ڕاوەشاند و وتی: بەئومێدی دیدار. لە دەرگای ئەپارتمان ڕۆیشتە دەرەوە. لە ڕاڕەوەکەدا پەنجەی نا بەدوگمەی ئەسانسۆردا. ساختمانی "P.S.A" بیست و یەک نهۆم بوو.

فەلامەرز لە ساختمان هاتە دەرەوە، غەمێکی شاراوە لە ناخیدا بنی نابوویەوە.. بەخۆی وت: چیتە هەتیو؟ شتێکی تازە ڕووی نەداوە؛ ئاش هەمان ئاشە... ئەم بەزم و بەرنامەیە بۆ خۆت تێخستووە،

بۆیشی کــۆشــاوی؛ ســـواربوون عـــەیبـــێکە و دابـەزین دوو. تاریک داهاتبوو.. یەکڕاست خۆی گەیاندە پانسیۆنەکەی یاسەمین. دەستی بەزەنگی لای دەرگـادا نا. پێش خـزمـەتی پانسـیـۆن هاتە دەرەوە. فەلامەرزی دەناسی، فەرمووی لێ کرد و وتی:

– ئێستا خانم ئاگادار دەکەم. پانسیۆن بریتی بوو لە دوو نهۆم لەلای دەرگای چوونە ژوورەوەدا کونتوارێکی تەختەیی وەک پرسکەی لێدرابوو. بیست کلیلێکی پێوە هەڵواسرابوو، تەلەفۆنیش بەسەر پێش خوانی کونتوارەکەوە دانرابوو. کابرا یاسەمینی ئاگادار کردەوە کە میوانی هاتووە. زۆری نەخایاند یاسەمین لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و لە پانسیۆن ڕۆیشتنە دەرەوە. هەر کە سواری ماشینەکەی فەلامەرز بوو وتی:

– من ئیتر ژیانی نێو پانسیۆنم پێناکرێ؛ پڕی بووە لە سەرسەری و بێ حەیا.

– سەرئەنجام هاتیتە سەر قسەی من.

– قسەی تۆ، قسەکانی تۆ؟

– با بڵـــێین قـــســـــەی من. لە بیـــرتە دەمـــوت وەرە بگوێزەرەوە ئەپارتمانەکەی لای من نەدەچوویتە ژێر.

– ئێستاش ناچمە ژێر..

– هەر ناڕۆی، هەر ناڕۆی؟ وا نازانیت زوڵمە لە خۆت و لە منیشی دەکەی؟

یاسەمین ئاوڕێکی لە فەلامەرز دایەوە و لەسەرخۆ وتی:

– حەرامزادە!

- یانی بڕیارت دا بڕۆیتە ژێر.

- ژێری گـواسـتنەوە، ئا. لەو پانسـیـۆنەدا گـوزەرانم پێناکـرێ و بەسەخڵەت لێم دەگوزەرێت. کوڕی خاوەنەکەی بەڕێوەبردنی گرتۆتە ئەستۆ، تەواوی کاروباری سەرەولێژ کردووە. ئاسایشی تیا نەماوە.

- یانـی دەبێ دەست بەکـار بین.. تا ئـەپارتمانێکی خنجـیلانـەت بۆ پەیدا دەکەین. دەڵێی بەدەلاڵەکان ڕاگەیەنم؟

- ئا، با تەلیفۆنیشی تیا بێت.

دووبارە فـەلامـەرز کـەوتەوە نێـو تێـفکرینەوە. یاسـەمین وردبینانە ئاوڕێکی لێ دایەوە و وتی:

- چی بووە؟ خۆ شتێکی تازە ڕووی نەداوە؟

- نا، مەگەر چۆن؟

- ماندوو کپ و بێ تاقەت دەتبینم؟

- ماندوو کە هەم..

- نا.. کپ و غەمزەدەگیشی لەگەڵدایە.

- ئەی دادی بێداد!

- جگە لەوانـەش بۆخـۆم لە وەزع و گـوزەرانـی خـۆم نـاڕازی و بێ حـسـاو خـۆمم دێتـە بەرچاو. وا برۆم و ژیـانم وا بـەردەوام بێت کـەسـایەتیم لـە دەست دەدەم و دەبم بەیەکێک لە درۆزنە گـەورەکـانی ئێـران. تۆ وردبەرەوە. بزانە لە چی دەردەسـەرێک دام لـە یەک ڕۆژ دا وەک توورەکەی پڕ سـەروخوار دەکرێم لەوێ دەبێ لە شاهەنشا کەمتر نەڵێم. لـەیرا حـەمـە ڕەزاشـا، لـەوێ شـابانوو، لـەیرا فـەرەح، لـەوێ لیلی گیان، لەیرا یاسـەمین گیان. ئەمە هـەر بەدەم ئاسـانە.. هـەر ساتێکی بۆ

من ساڵێکە. تەواوی کاروبار و ئەو هەڵسان و دانیشتنەم پڕی بووە لە دووفلیقانەیی؛ وەرە کچێکی باش بە با پێکەوە بۆی دەرچین ئەم وڵاتە بکەینە خەو و بەجێی بهێڵین. ئەوی ئێستا دەتوانین بیکەین، سبەی ناتوانین بیشمانەوێت بیکەین؛ پێمان ناکرێ. یاسەمین وزاقی داو ڕوومەتی فەلامەرزی ماچ کرد و لەسەر یەکە وتی:

– تامۆڵ، تامۆڵ.. تامۆڵ بگرە. کاری گەورە بەئاسان وەدەست نایە. هاواری ئازار و ژانی گەورە و زۆرە ململانێ ئێمە و خەڵکی دەریایەکە لە مەحروومییەت و لەخۆبووردن. کام منداڵ بێ ژان لە دایک بووە؟ پارچەیەک لە من دادڕە.. کاتێک دەبینم لە باوەشی لیلی دای توێ توێ نەشتەرکاری دەکرێم، هەموو ڕۆژێکم مردنێکە. بۆ خۆی ئەوەندە پێی سەخڵەتم، ئەوەندە ئازار و زووخاوی پێدەچێژم. بۆنی تۆ لەو جێگە و شوێنەدا لە باوەشی لیلیدا بۆ برادەران و دوا ڕۆژی میللەتەکەمان سوودبەخشە و بەلای منەوە بووە بەبەشێک لە ململان و سوودی تێکڕایی. هەست و عشق و ئارەزووم کردووەتە قوربانی لە پێناوی مەبەست و ئارمانە تێکڕایەکانا. جا ئێمە چۆن برادەران و میللەتەکەمان نائومێد کەین؟

فەلامەرز بەدەم ئوتۆمبێل لێخوڕینەوە سەرودەستی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و وتی:

– خوایە تۆ شایەت بە. ئەم خۆشەویستی منە، ئەم دەزگیرانی منە، ئەم لیلی خانمە بەزۆر و تەواوی توانایەوە من دەهاوێژێتە باوەشی ئافرەتێکەوە ناوی "لیلی"یە. خوایە تۆ شایەت بە، من ناڕەزایەتی و کۆششی خۆمم کردووە.. بەپێچەوانەوە یاسەمین هانی داوم و سوورە لەسەر بەردەوامی ئاوا پەیوەندییەک.

یاســـەمـین دای لە پڕمـــەی گــریـان؛ زارزار هـاتە نـاڵە و شــیــوەن و باوکـەڕۆ. گریانێکی وا بەرەنیسکی بەدوای یەکدا مـۆڵەتی هیچ لێدوان و قسـەیەکی پێ نەدەدا. فـەلامـەرز بەنـاچاری مـاشـینەکـەی لە کـەناری شـەقـامـدا ڕاگرت و بەژێرکردنەوەی یاسـەمـینەوە خـەریک بوو. بەچاو سڕینەوە، بەدەست مـاچکـردن و سـەر و ڕوومـەت مـاچکردن و قـوربان و سـاقـەیەوە، بەعـەزیزم، دووچاوم، گـیـانم، عـومـرم دڵەکـەم دڵەکـەمـەوە تا ڕادەیەک یاسـەمـینی هێناوە سـەرحاڵ. دەیوت؛ تۆخـوا ئەگەر بگریت. تۆ نازانـی کــە دەگـری چیم بەســـەر دێنی، گــڕم تێ بەردەدەی، ڕوحـم لە بنچـەک دەردێنی.. بـەهـەرچی بیـر و باوەڕ و ئایین هـەیـە گـەیشـتـوومـەتە ســەر سنووری خــۆکــوشـتن. بـەدەم بەرەنیـسکەوە یاســەمین دەســتی فەلامەرزی گرت و خستیە سەر سنگیەوە، ئنجا پچڕ پچڕ وتی:

– خــۆ هـەسـت بەلێــدان و زرم و هـوڕی دڵـم دەکــەی؟ بەخــوا بەخــوا لەگەڵ هـەر لێدانێکدا دە جاران دەڵێت فـەلامەرز بۆچی دەرد و پەژارە و غــەمـەکـانی من بـەکـەم دەزانـی؟ تـاک و تەنـهـا لەم شـارەدا بـەدیار تۆوە دانیــشــتـــووم.. دوو ڕۆژ جـــارێک چاوم پێت کـــەوێ. ئەم هـەمـــوو لە خــۆبـووردنە لە ڕۆژێکدا ئـەم هـەمــوو جــارە مــردنـە. پاڵپــشــتــەکـەم خـــۆشـــەویســـتی تـۆیە تۆی هـانی بەردەوامــیم دەدەی و بەئومـــێــدی ســبــەینێـوە بەرگـەی ژان و مــان دەگـرم و ســوورتر دەبم بەرانـبـەر بۆ نەهـاتەکانی ژیان. بەوردیش هـەڵم سـەنگاندووە، ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان بێـمــە ســـەر کــوانوی کــوژایەوە و خـــامـــۆش، هـەرچی پفـی لێکەم لە خۆڵەمێش زیاتر هیـچی تر وەدەست نەهێنم بۆ مـن هـەمان فـەلامـەرزە. دڵێکم هەیە بەئەندازەی مــشــتــێک، پڕی پڕە لـە تۆ جگـە لە عــشـــقی وڵاتەکەم و تۆ نەبێت، جێگەی هیچی تری تیا نابێتەوە. لەوەی دڵنیا بە

تا زیندووم لە تاروبود و وجودمای. جارە و بار عشقت زاڵ دەبێتە سەر بیر و باوەڕ و تەواجودی ئینسانیمدا و دێمە سەمای تەسلیم و خەونە ڕەنگاوڕەنگەکان و دەبمە ئافرەتێکی وا لە ژنایەتی زیاتر بیر لە شتی تر نەکەمەوە. باشە زوو دێمە هۆشا و تەرازوو بەدەست دێنمەوە. هەردووکیان بۆ تاوێک بێدەنگ بوون. یاسەمین ژیر بووبوویەوە فەلامەرز دەستی خستە سەر شلکەی ڕانی و وتی:

– باوەڕ بکە ئەوەی دەیڵێم هەمووی تەقالایە بۆ پاراستنی خۆشەویستی نێوانمانە، ناچارم بیڵێم.

– دڵنیام لەوەی. بەسە، با لەم غەم سەرایە بڕۆینە دەرەوە و ڕاستەقینەی خۆمان لەبیر بەینەوە. هەتاوگیری ماشینەکەی داکێشایە خوارەوە و ڕوخساری خۆی دی لە ئاوێنەی پشتیدا و لەبەر خۆیەوە وتی:

– سەیر، سەیر خۆمە بووم بەڕمووزن. بۆ کوێم دەبەی؟

– بۆ کوێت دەبەم..؟ دەتهاوێژمە قووڵیی دڵمەوە..

– لەبیرم نەبوو.. ئەری ڕۆژنامەکانی ئەم ئێوارەت خوێندۆتەوە؟

– تۆ نەتوت با لە سیاسەتەوە دوور بین؟

– با.

– مەگەر چی بووە؟

– کوڕەکەی حوجەتی کاشانییان لە شەقامەکانی تارانا کوشتووە گوایە لەگەڵ گاردی ساواکدا کەوتووەتە تەقەوە.

– کام حوجەت؟

– هەمان سەرپەرشتی دام و دەزگای وەرزش؟

– بە وتەی ڕۆژنامەکان هەمانە، گوایە لە ڕێکخراوێکی تازە بابەتدا چوزانم یا کۆمەڵێکی تایبەتی دژ بەدەوڵەتدا دەست بەکار بووە.

– گوم نابێت. ئەمڕۆ یا سبەی بەدرێژی دەیبیسین. خێری پێوەیە، وا گەمەکە گەیشتووەتە نێوان خێڵی هەزار خێزانیش.

– نەتوت ئەمشەو بۆ کوێم دەبەی؟

– دەتگەینمە حەوت نهۆمی ئاسمان و. لەوێڕا دەدەم لە شەقەی باڵ و تەواوی کەونت پێدەگێڕم و شکاتی دەردی دڵم دەگەینمە لای تەواوی عوشاقانی کۆن و تازەی سەرتاسەری مێژووی مرۆڤ. دەستی درێژ کرد و سەر و گەردەنی چەسپاندە لاشانیەوە و وتی:

– وەرە با بۆنی سەر و زوڵف و هەناسەت بڕواتە قووڵایی ناخما. ئەی وێرد و ئەفسوونی حەیاتم دەڵێی کێم. دەڵێی غەمزەدە و ماتم. لەوانە گەڕێ، ئەوە نییە لە پەرستگای عشقی تۆدا قامەتی نوێژم بەستووە. ئەوە نییە لە هەوارگەی عشقی تۆدا بنەوبارگەم لێ خستووە ئەوە نییە بێ دەربەستانە لە ئەمڕۆ و سبەینێش دەستم شوشتووە؟

یاسەمین بەدەم دەست ماچکردنی فەلامەرزەوە وتی:

تا بەئێستا نەمدەزانی دەتوانی بووی بەشاعیریش؛ شاعیر هەر ئەمانە دەڵێت و پێی دەڵێن شاعیر. بەقوربانت بم ئەی تازە شاعیری دەرباری عیشق! وا دەبینی نزا و ناڵەمان ناگاتە ئاسمان. ئێمە دەبێ ئەوەندە بەتوانابین کارەسات نەتوانێ هەڵمان لووشێ و پەردەی ڕەشی دامان پۆشی.

– برسیت نییە؟

– فرە خراو.

– ئەی بەسەرچاو! دەڵێم تۆ سبەی دەگەڕێیتەوە بۆ ئەسفەهان

منیش ناچارم لەگەڵتا بێم تا فرۆکەخانە بۆچی سەرتاسەری شەو پێکەوە نەبین و سبەی ڕاستەوخۆ بتگەینمە فرۆکەخانە؟

- یانی دەڵێی ئەمشەو لە ئەپارتمانەکەتدا پێکەوە بین؟

- بۆ نا .. خراوم وتووە..؟

یاسەمین تۆزێک کەوتە بیرەوە و. ئنجا وتی: چۆنت لاخۆشە وا دەکەین.

فەلامەرز دەستی درێژکرد و لە نۆیەی زڵفیەوە نەرم نەرم نەرمەی گوێی یاسەمینی گرت و وتی:

- دەزانی لەم ڕوستورانەی وا بۆی دەڕۆین من و تۆ بە ژن و مێرد دەزانن؟

- چۆنت زانی؟

- جارێک بەتەنها هاتم بەڕێوەبەرەکەی وتی ئەی خانمت بۆ تەشریفی نەهێناوە؟

- بەڵێنم دەدەیتێ لەگەڵ لیلیدا نەڕۆیتە ئەوێ. هەرنەبێ پێم بڵێ با من نەیەم. تا لە دڵا گاڵتەم پێنەکەن.

- مانای ئەوە نییە هەر ژن و پیاوێک لە ڕستورانا، چوزانم کافەتریادا ئەگەر پێکەوە بینران، یانی ئەوە تەواو پێکەوە عاشق و مەعشووقن.

- قسەی گەوجانە مەکە. ئەو جۆرە دانیشتنانە وەک گای مارو دیارن حەی عەلاسەلات.

- لام وا نییە لیلی گوزەری یەم جۆرە شوێنانە کەوێ، مەگەر من بیهێنم، منیش شتی وا ناکەم.

- بەهەرحاڵ.. وا بزانم..

- ئەوامری خانمی خانمەکان جێبەجێیە و موتاعە. ڕاستی ئەوە بۆ نەتهێلا لەگەڵتا بهاتما بۆ شارەکەتان، خۆ لە ئوتێلا دادەبەزیم؟

- زۆرم لێ بیرکردەوە، نەدەکرا و ناجۆرم دەهاتە چاو. تۆ لە ئەسفەهاندا بیت و منیش لە بندەستدا بم و بەدزییەوە چاوم پێت کەوتبا و ئاشکرا و سەرفرازانە نەتمدیبایە غەمم پێ دەخوارد. ئەسفەهان وەک تاران نییە. هەرچۆنێک بێت لە چاوی تارانا شارسانە و شتی تیا گوم نابێت.

- شامە خواردمان، ئاوجۆیە خواردمانەوە؛ هەڵسین؟ ئەگەرچی شەو درەنگ بوو شەقامەکان یەشتا لە خەڵکدا جمەی دەهات. تەنها سێ ڕۆژی مابوو بۆ جەژنی نەورۆز. بانگەوازی سەوداگەران و ئاڵ و وێڵ کەران و گاڵەی بسێن و بفرۆشەکان، شەوی شاری هێنابووە خرۆشان. ناڵە و نزا و ملّچ و هوڕی یاسەمین و فەلامەرز تا بەرەبەیان درێژەی کێشا. تویشووی زەواری پانزە ڕۆژ لەیەک دوور بوون و تاتیلیان پێچابوویەوە. یەشتا عەرەقیان وشکەوە نەبووبوو، مەنگ و مەدهۆش ڕووت و قووت تێکەڵاو بوو بوون.

لە چەند لاوە سەدای بانگ ئاسمانی بێدەنگی تارانی دیسانەوە ژلێژان و « ئەشهەدوئەنە عەلیەن وەلیوڵلا » فەلامەرز بەدەم خەوەوە دەستی کوتا یاسەمینی بەرنەکەوت.. تەمەڵانە چاوی کردەوە. یاسەمینی پۆشتە بەسەر کورسییەکەوە لە ژوور سەری خۆیدا وەدی کرد. ئارام ئارام تێی دەنواڕی، بەسەرسامییەوە خۆی گرمۆڵە کرد و پشتی لە پشتی سیسەمەکە گیر کرد و پەشۆکاوانە وتی:

– جۆری نوارینەکەت دەمتۆقێنێت، شتێک بووە؟

– نا تەنها دەمەوێ تێر تێر سەیرت کەم و توێشووی تەنهایی لەگەڵ خۆما بەرم.

فەلامەرز دەستی برد بۆ کاتژمێری لای کەمەی سیسەمەکە.

یاسەمین وتی:

– دەزانم سەعات چەندە. دامنابوو تا سەعات حەوت هەروا تێتنوارم، حەیف لە خەو هەڵسایت و ئەو بەرنامەیەت لێ شێواندم. دەزانی لە کاتی نووستندا چەندە بێ تاوان و خاوێنی، هەر دەڵێی پەپوولەی.

– ئەی لە هۆشیاریدا؟

– لە خەوا خاوێنتری.

– ئازیزم جارێک بۆ فڕۆکەخانە و فڕینی فڕۆکە سێ سەعاتی ماوە.. وەرەوە نێو جێگا با...

– وام لا سازگارترە.

فەلامەرز لە جێگە وەدەرهات و چوارمشقی لە زەویدا دانیشت و سەری خستە سەر دوو ڕانی. یاسەمین پەنجەکانی لە نێو پرچیدا نووقم کرد و وتی:

– جارەوبار ترس و تۆقیان و ختورەیەک دێتە دڵما و ئارامم لێ دەبڕێ، دەترسم دەستی ڕێکەوت و ڕۆژگار لە یەکمان بکا.

– مەگەر مەرگ.

– مەرگ و شتی تریش؛ ئاخر ئێمە خۆمان هاویشتووەتە نێو دەمی نەهەنگەوە.

– نا، ئێمە هاوینە سەر شاخی ساواکەوە. کەی تووڕمان دەدا و بۆڕمان دەدا. نازانم. ئەوە ئاکامی ژیلا و میهرانە وا دیمان.

– دەی خوا لە حەمە ڕەزاشا گەورەترە.

– بەرچاییت بۆ ئامادە بکەم؟

– نا من ئامادەی دەکەم. تۆ ئاشنایەکی وات لەگەڵ تڕوتفاقی ئاشپەزخانەکەی مندا نییە.

– ئاشپەزخانەی چی؟ مەگەر ئاشپازخانەی سوڵتان مەحموودی غەزنەوییە هەمووی چوار مەتری چوارسووچەیە.

– مادامەکی لەگەڵمایت، ئەم ئەپارتمانەم لا کۆشکە کۆشک. ناتەوێ حەمامێکی لێکەیت؟

– تازە کاتی ئەوەی پێوە نەماوە هەڵی دەگرم بۆ ئەسفەهان.

– دایکت دەزانێ ئەمڕۆ دەگەڕێیتەوە؟

– نا.

– باشە تەلەفۆنیان بۆ بکە.

– لام خۆشە لەپڕ بڕۆمە ماڵا.

یەشتا بۆ فڕینی فڕۆکە و فڕۆکەخانە زۆری مابوو. یاسەمین پەنجەی نا بەپیتکەی ڕیکۆردەکەدا مەرزیە گۆرانی دەوت:

بوی جوی مولیان ئایەت هەنووز

شار لە خەو هەڵسابوو. هۆڕن و گوڕەی ماشین و گاڵە دەبیسرا. هەڵمێکی نرم شاری داپۆشیبوو. لە ڕێگەی فڕۆکەخانەدا شەقامی شاڕەزا ماشینی تیا تۆپەڵ بووبوو یاسەمین سەیری کاتژمێری سەر بازووی کرد.

– مەترسە دەگەین. هەر لەم چواررِیانە رزگار بین. ئەوە شەهیادە و. ئەویشە میهراباد.

دوو ماشین لەیەکیان دابوو، لێخورِەکانیش لەیەکیان دەدا ئەفسەری هاتوچۆ دەکۆشا رِێگا ئاواڵەکا. فەلامەرز مارپێچ لەتێکەڵ بوونەکە رزگار بوو، تیژ و توند بەرەو فرِۆکەخانە. یاسەمین دەستی بەدەستگیرەی لای سەری خۆیەوە گرتبوو وتی:

ـ وا برِۆیت دەبیتە شەهیدی بێ ناو و نیشان. لەسەرخۆت، ئەوپەرِی ئەوەیە نەگەین.

– نەخەیر، وا گەیشتین. من لەبەر دەرگادا دات دەنێم تا ماشینەکەم لە جێگەیەکدا رِادەگر. تۆ برِۆ بۆ لای سەرپەرشتی تکتەکەت.

یاسەمین دابەزی و خۆی گەیاندە لای چاودێری تکت و ژانتاوە. یەشتا دە دەقیقەی مابوو بۆ فرِین. یاسەمین خەریکی گفتوگۆ بوو لەگەڵ چاودێرا. فەلامەرز دەستی لەسەر شانی نا و وتی:

– نەموت دەگەین؟

لە دەنگەوەرەدا بانگەوازی فرِینی ئەسفەهانی دەکرد.

– با برِۆم درەنگە.

– با دەمت ماچ بکەم؟

– لە ناو ئەم خەڵکەدا، شوورەییە و دەبینە پەن هەڵیگرە بۆ گەرِانەوە.

– بەدوعا ئازیز عەلی هاورِێت بێ.

– بەدوعا ئازیزم.

تا یاسەمین لە پێچەکەدا لە چاو گوم نەبوو، فەلامەرز هەر

ڕاوەستابوو، تێی دەنواڕی. ئاهەنگێکی ڕۆژئاوایی لە تەلاردا نەرم نەرم دەهاتە گوێ. فەلامەرز لە تالاری فرۆکەخانە وەدەرهات و یەکڕاست بەرەو دەربار وەڕێکەوت. کاری بیناسازی پرۆژەی کۆشک گەرم پێش دەچوو. پەی و بنەڕەتی داڕێژرابوو. بەڵێندەرەکە ترس و تەماحیان بۆ تێکەڵ کردبوو. فەلامەرز لەگەڵ بەڵێندەردا بەتەلیفۆن دەدوا موهەندیس کامەران هاتە ژوورا. فەلامەرز جێگەی بۆ چۆڵ کردبوو بەدەست وتی:

– فەرموو ئەیرا.

– نا، قسەکانت تەواوکە.

تەلیفۆنی تەواوکرد و. تەلیفۆن دووبارە زرنگایەوە. ئەمجارەیان لیلی خانم بوو ژوانی شەوی دەخستەوە یادی.

موهەندیس کامەران پای لەسەر پا دانابوو. پەنجەکانی دوو دەستی بەزۆران دەدا بەبزەیەکەوە وتی:

– داستانی ڕۆمیۆ و ژولێت گەیشتە کوێ..؟

- بەهەرکوێ گەیشتووبێت جەنابت یەکێکی لە کارگێڕەکانی... تراژییدیەکە بۆ خۆی.

– گەیشتە ئەوێ؟

– تێش پەڕیوە.

– ڕەنگە نەزانی، لە کۆمەڵگای مەخمەڵی تارانا باس هەر باسی تۆ و لیلی خانمە. پیرۆزە ئینشائەڵڵا!

– وەک دەزانی لە سەرەتاوە دوودڵ و ترسابووم. ئێستا بەپێچەوانەوە سوورم لەسەری و لەسەر ماڵم دەڕۆم.

– لە بیرتە هانم دەدای وا دەبینی هیچ زەرەر و زیانێکی تیا وەدی ناکرێت.

– خـودا هەڵناگـرێت، لیلی خـانم یەکپـارچە شــەکـەرە و پێم وایە عومرێکە یەکتر دەناسین و پێکەوەین.

– خــودا بکا پێکەوە پیــر بن. دەنگ و باسی پەیمانکارەکــە لە چیدایە..؟

– دوێنێ پێشنیازی کرد تا ماشینێکم بەدیاری بۆ بهێنێ، ڕاستت بوێت لێی ئاڵۆز بووم.

– توڕەبوونی پێناوێ، ئەم جــۆرە کــــاروبارانە.. ئەو جـــــۆرە پێشنیازانەشی تیادایە.

– هەزار ســاڵە وتراوە پیـاو بەکلکەیەک حـیـز دەبێ، ئەوە بەرتیلە؛ منیش بەرتیل خۆرنیم.

– تووڕەبوونیشی پێ ناوێ، نەتوت کار چۆن دەڕوا؟

– ڕاسـتت بوێت کـابرای بەڵێندەر بەدڵ و داوە لە کـاردایە. وابزانم بەتەمای نیشانێکی همایۆنییە لە دواییدا پێی بدرێ.

– ئەی خانم لە چۆنیەتی کارەکان ڕازییە؟

– دوێنـێ لەیرا بوو بردمــە ســەر کــار و چاک و خــراوم بۆ ڕۆشن کردەوە.

– خراوەکەی. بە من بڵێ.

– لە ڕاستیدا دەربارەی ڕازاندنەوەی ساختمانەکە دوا پێشنیازم کـرد کـە زۆر شت هەیە لەیرا وەدەست نایە. چاکـتـر وایە لە دەرەوە بیهێنن..

– هیچت پێ پێویست نییە؟

– نەخێر.

- کارێک هەیە من بتوانم بۆت بکەم؟

- هەبوایە دەموت. هەموو شت باش دەڕوا.

- ئافەرین! من دەڕۆم.

موهەندیس کامەران لە ژوور ڕۆیشتە دەرەوە، فەلامەرزیش تا لای ماشینەکەی کەوتە تەکی. ئەو ڕۆیشت و فەلامەرزیش گەڕایەوە. هەرکە دانیشت تەلیفۆنەکەی زرنگایەوە؛ لیلی بوو. پێی ڕاگەیاند پارتی شەو بەجلوبەرگی شەوەیە. فەلامەرز لە سەرەتاوە لە مەبەستی لیلی باش تێنەگەیشت بۆیە وتی:

- ئەگەر مەبەست لە جلوبەرگی "فراک"ە، ڕەنگە نەتوانم لەبەری بکەم. یانی دەمەوێت بڵێم پێم خۆش نییە ئاوا جلوبەرگێک لەبەرکەم.

- مەبەستم لە جلوبەرگی چاکەت و پانتۆڵی ئاسایی ڕەنگ ڕەشە و بەس.

- ئەمەیان بێت یەک دوودەستی پڵاوخۆریم هەیە.

- OK بە ئومێدی دیدار.

فەلامەرز تۆزێ تێڕاما و تێگەیشت شەوێ، شەوێکە لە شەوان، بۆیە "لیلی" وا خۆی پێوە خەریک کردووە. بۆ خۆیشی لە مێژا وتی میوانییەکە پڕە لە ژنانی هەوەسبازی دەوڵەمەندی هەرزە سفەت. لەوەش دەڕوا ململانێکی شاراوەش لە نێوانا هەیە و دەیەوێ هەم خۆی بنوێنێ و هەم منیش بناسێنێت جا مادام وایە من ئەمشەو وەک هێستری جامباز بەبینەر دەناسرێم. سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و. نەختێکی دی تێفکرا و لەگەڵ خۆیدا وتی: هەستە کوڕی باش خۆت بگەیەنە "بوتیکی پڵنگ سورەتی"، دەستێکی تازەی سەرتاپا جلی شەوی بکڕە با لەناو ئەو دەخەڵ بازانەدا بە"ئومول" و بێ فەرهەنگ

نەدرێی لە قـەڵەم. ئەوانە بیـر و فکر و تەرازووییان زۆرتر لە چـاویانـدایە هەسـتـە ڕاپەڕە خـۆت بگەیـەنە شـەقـامی "بلواری ئەلیـزابـت" تا دایان نەخستووە..

فـەلامـەرز بەپەلە خـۆی گەیاندە مـاشـینەکـەی و بەشـەقامی پەهلـەویدا بەرەو خوار بوویەوە. لە گۆڕەپانی وەلیعـەهدا تابلۆی سینەمای پۆلیدۆر ئاکتەرێکی ئەمەریکایی دەمانچـە بەدەسـتی هالیـودی نیشان دەدا کە چۆن هنـدییـە سـوورەکـان قـەڵاچۆ دەبڕێتـەوە. خـۆی گـەیانـدە "پلـنگ سـورەتی" و ئەوی نیـازی بوو سـەندی و گـەڕایەوە مـاڵی باوکی. دایکی نیگـەران هاتە بەرچـاو. لە دایکی نزیـک بوویەوە و سـەری مـاچ کـرد و وتی:

– خۆ شتێکی ناخۆش ڕووی نەداوە، ڕووی داوە؟

دایکی وەڵامی نەدایەوە. زۆری نەخـایاند ئالەمتاجی خوشکی بەسکی پڕەوە لە نهـۆمی دووهـەمـەوە لـەسـەر خۆ بـەپلەکانەکـەدا هاتە خـوارەوە. بەنوارینێکدا تێگەیشت تاجی و ئەسفەندیار دووبارە کێشەیان بووە.

تاجی لە تەنیـشت دایکیـیـەوە دانیـشت. فـەلامـەرز چوو بـەلایەوە ڕوومـەتی ماچ کرد. ئالەمـتاج دای لە پڕمـەی گریان. فەلامـەرز دووسێ جار لەسەریەک وتی:

– تاجی! تاجی گیان! چییە وا پەرێشانی.

ئاسـمـان هەرووژاوە..؟ خـۆ نەهـەرووژاوە. ئەوپەڕی ئەوەیە دیسـانەوە لەگەڵ ئەسفەندیاردا مەرافەتان بووبێت، ئەمە گریانی ناوێ.

دایکی یەک دووجـار دەسـتی بەسـەر یەکدا دا و تووڕەیی لە چاوانی دەباری. ڕوو بەفەلامەرز:

– چاوت لێـیە ئـەم سـەرسـەری لاکۆڵانییـە چی دەکـاتە ئەم کچـەم؟

هەتیو! بەڵێنت دا قومار نەکەی، کردت. وتمان قەینا لێی گەڕێ، دوایی تەرکی دەکا. هەموو شەوێک مەست و مەدهۆش دەگەڕێتەوە ماڵ، وتمان پیاوە قەیناکە لەناو دۆستان و کۆمەڵی خۆیدایە. بڵێ هەتیوی بێ سەروپا ئەم جندەبازییەت لەچییە؟ ناوی چی لێدەنەی؟ بۆچی خۆت بەفەتح عەلی شای قاجار دەزانی؟

فەلامەرز ئارام ئارام دەستی بەسەر زولفی تاجی خوشکیدا دەهێنا ڕوو بەدایکی:

– گەورەی مەکەوە. ئەم شەڕە دەنووکی ئالەمتاج و ئەسفەندیارە تازە نییە و ژن و مێرد ئەم جۆرە شەڕانە هەر دەکەوێتە نێوانیانەوە. ئاشت دەبنەوە، دیسان بەشەڕ دێنەوە.. ئەگەر ژیرانە هەنگاو بنرێت...

دایکی بەتووڕەبوونەوە:

– ئەمەیە ڕەفتاری کوڕی بنەماڵە و ئەمیرزادە؟ تف لەو کەسەی گۆشی کردووە. سەد خۆزگە کچەکەم بدابا بەبێ دایک و باوکێک و ئینسان باتا.

فەلامەرز ئەو نائومێدیی دایکەی قۆزییەوە و وتی:

واش دەتەوێ منیش وەک ئالەمتاج دووچاری دەرد و داوای بیروڕای ئەمیر و ئەمیرزادە بکەی؟

دایکی ئەوەندەی تر ئالۆز، بوو ئەمجارە بەدەنگی بەرز و تووڕەبوونەوە قیڕاندی:

– خراو دەکەم لە بیری منداڵەکانمام. گوناحە وەک باپیرانم تێفکریەم، بمەوێت لەناو هاوقەتارانما تووشی لاقرتێ نەیەن، تاوانە؟

– دایە گیان.. تووڕەبوونی پێ ناوێ، شتێکی وام نەوتووە خۆ دەستی بووکم نەگرتووە و بیهێنمە ماڵەوە.

– بۆچی دووره؟ دەور و زەمـانێکه.. سـەگ خـاوەنی خۆی ناناسێت. ئەمڕۆ نەیکەی، سبەی دەیکەی.

ئالەم ژیر بووبوویەوە. نەختێک خۆی کێشـایە لاوە. چاوی زلّەی فرمێسکی دەهات. فەلامەرز بانگی کرد: کێ لەوێیە لیوانێک ئاو بهێنێت بۆ ئەم خانمە گرینۆکە تا بیخواتەوە.

– نا من گرینۆک نیم، ئەسفەندیار بەرد دێنێتە گریان وای لێ هاتووە سۆزانی و پەتیارە تەلیفۆنی بۆ دەکەن بۆ ماڵەوە. شەرمی من و ئەم سکەپڕەم نایگرێ. وا بڕوات ناتوانم ژیانی لەگەڵا ببمە سەر. شەو نییە بەرەبەیان نەگەڕێتەوە. بەجۆرێکی وا خۆی لەسەرپا ڕاناگرێ، نە شەوێک و نە دوو نە دە. ئەم زووخاو ڕژتنەم پێناکرێ.. زۆر زۆر ئەوەیە ئەم منداڵی منە بێ باوک گەورە بێت، بابێت. ئاوا باوکێک بۆ ساتێک ناکەوێتە بیری منداڵیەوە.

– خوشکی باشم بەگوێی برای خۆت بکە با جارێ نەگاتە ئەوە و قسەی خەڵکیت نەیەتە سەر. ماوە و مەودایەک بدە بەخۆت و بەزیندەگی و بەئەویش ئەوە دێنێ. بەئاسانی تەسلیمی بۆنەهات نەبیت، چەند سەباحێک تامولی هەرزە هەوەسی مێردەکەت بکەیت باشترە لەوەی وەک زاورە تاڵ فڕێی دەیتە لاوە. ئەو جۆرە مرۆڤانە دێنەوە سەر هۆش و عەقڵ و ئاخری هەر دەگەڕێنەوە ژێر لێفەی ژنەکانیان. ئەگەر ژنەکە هوشیارانە هەنگاو بنا و سەبوورانە لە ململانێدا بجووڵێتەوە.

– ئاوا لێفەیەکی بۆن هاتوو بۆ جارێکی دی بەسەر خۆما نادەم. ئیتر پێوە نەماوە و خۆم ناخەڵەتێنم. فەلامەرز دووبارە لە تاجی خوشکی نزیک بوویەوە و دەستی گرت و لە کاتێکدا یاری

بەئەنگوشتەرەکەی دەستی دەکرد وتی:

– لەبەر منداڵەکـــەتیش بووە دەبێ شـــەڕی خـــۆتی بۆ بکەی، سەرکەوتی، سەرکەوتی. ئەگەر گەیشتیتە ئەم باوەڕە هەوڵەکانت ئاسنی سارد کوتانە، ئەو حەلە هەرچی بکەیت پەشیمانی بەدواوە نییـــە.. دەزانم هەوڵەکـــەت دژوارە و پڕە لە ژان؛ بەڵام دەیهـــێنێ، نایهێنێ..؟

– با دەهێنێت.. لەوە دەڕوا منیش لە سەور و تامولڵ زیاتر ڕێگەیەکی ترم بۆ نەمابێتەوە.. هەر نەبێت جارێک..؟

– بەڵێن؟

– بەڵێن.

– من وا دەڕۆم، نەکەی جارێک ماڵەکەت بەجێ بهێڵی. نایهێڵیت.؟

– نەء.

فەلامەرز دووبارە ئالەمی خوشکی ماچ کرد و لە ماڵ وەدەرچوو یەشـــتـــا ســـەعـــاتێکی مـــابوو بۆ ژوانی لەگـــەڵ لیلیـــدا. ئاڵۆزی و ئاشـــوفـتـــەگـــیـــیـــەکی شـــاراوەی دەروونی هەست پێکرد نەیدەزانی سەرچاوەی لە چیدایە و بۆچییە ترس لە ئەمشەوە؟ شەرمە؟ حەزە؟ هەوەسە؟ دوودڵی و بێباوەڕی بەخۆبوونە؟ یا ترس لە پلار و قسە و توانجی ناسیاوانی "لیلی"یە؟ ئەوەشی دەزانی حەزێکی دەروونی لە ناخیدا سەری هەڵداوە کە لەو شەونشینییەدا بەشدار بێ و بکەوێتە بەرچاو. ئنجا بەخۆی وت: دەزانی خراو دەڵە بوویت؟ حەرامزادە! ئەمەیان هەوەسی خۆتە. ڕەنگە بەخۆت بسەلمێنی و بڵێی هاتە کارێکت دەست پێکرد یا مەیکە کە دەیکەی باشی بکە. تاوێک ڕاوەســتـا و تێڕاما و لەبەر خۆیەوە وتی: کاک فەلامەرز خۆمانین ئەوەسا لە

خەڵوەتیشدا لەش و لاری "لیلی"ت لەبەر چاو ون نابێت؛ کوڕە ئەمە یاری بەئاگرکردنە.. ئەی ئەو هەموو پاکی و خاوێنی و لەخۆبووردنەی یاسەمینە چی لێ دەکەی؟ ئەو هەموو عشقە پاک و بێ ئارایشەی چی پێ دەکەی؟ دوایی دامێن گیرت دەبێ.. فەلامەرز گەیشتبووە لای ساختمانەکانی «ASP» ماشینی ڕاگرت و بەئەسانسۆرا سەرکەوت. کلیلی پێ بوو، وای بەچاک زانی زەنگ لێـــدا تا بزانێت پێش ئەو هاتووە. دەرگا کرایەوە لیلی بەکراسێکی خەوی ناسکی ڕەشی قەترانی لە ناوەڕاستی دەرگادا پڕ بەدەرگا ڕاوەستابوو شنەی بای ڕاڕەوەکە کراسە ناسکەکەی شەکاندەوە تۆزەکێک پاووپوزی وەدەرخست. ڕۆبێکی لە هەمان پارچەی بێ بەستن و بەرەڵا بەسەر کراسیدا لەبەر کردبوو. یەخەکەی کلکە ڕێوییەکی سپی قوتبی داپۆشیبوو لەگەڵ زوڵف و ئەگریجەیدا تێکەڵاو وەک شەو و ڕۆژ دەنوان. یەشتا دەرگاکە بەتەواوی نەگیرابوو باوشی بۆ فەلامەرز کردەوە. جۆرێک دەمی هەڵمژی هەردووکیانی تەنگەنەفەس کرد. نە جارێک و نە دووان لەگەڵ ماچکردنا پچڕ پچڕ دەیوت:

– زیندەگیمت تێکەڵاو کردووە. چەپ و ڕاستی خۆم لەیەک جوێ ناکەمەوە؛ دەڵێی کچۆڵەیەکی تازە پێگەیشتووم. نەختێک دوورکەوتەوە و پەنجەی خستە سەر دەمی فەلامەرز و وتی:

– دەترسم جادووت لێ کردبم.

دووبارە سەری چەسپاندە سەر سنگییەوە و وتی:

– لێگەڕێ با تێر بۆنت کەم. وەک پشیلەیەکی دەستەمۆی نازپەروەر سەری بەسەر سنگییەوە خپ کرد و بۆ ماوەیەک بەئارام یەکتریان ڕاژەنان و وردە وردە بەرەو ژووری خەو داکشان.

شـــاری تـاران لەژێر قـــورســـایی شـــەودا دەینـالاند. دانە دانە ئەسـتـێـرەكـان عـەجـوولانە لـەژێر پەڵەی هـەوری ئـاسـمـانا لەمـلاولا دەردەكـەوتن. فەلامـەرز ڕۆبێكی دوشـامـبری گـوڵ گـوڵی لەبەردا بوو، لە پەنجەرەی باڵەخانـەوە بێدەنگ دەینواڕییە چراخانی شـاردا. فڕۆكەیەك بەئاسـمـانەوە گلۆپە سوورەكانی چاوە قلیـچكەی دەكرد و سـەور سـەور لە فڕۆكەخانەوە نزیك و نزیكتر دەبوویەوە. لیلی لە نێو پێخەفدا یەشتا خـومار و مـەنگی تێـهەڵچـوون بوو، تەواوی لەشـی شل و شـێواو بەسـەر دۆشـەكـەكەوە پەخش و بڵاو بووبوویەوە، بەدژوار چاوی هـەڵدەهێنایەوە. فەلامـەرز گەڕایەوە ژووری خـەو و ڕۆژنامـەی كـەیهانی گرتە دەسـتەوە و لە بندەسـتی لیلیدا نیوە ڕاكشـان بەخـوێندنـەوە خـەریك بوو لەیلی بێ ئەوەی لا بەلایەوە كا دای لە ڕۆژنـامـە و لە دەسـتی فـەلامـەرزی خـسـتـە خوارەوە و وتـی:

– بەچـیـیـەوە خـۆت خـەریك كـردووە؟ هـەمـووی دەربارەی كـوشـتـنی كـچـەكـەی پـرۆفـیـسـۆر "عـەدل"ە. بڕێك ئـانـورمـاڵـی سـەر لـێشـێـواوی پڕوپووچ، گـەوجـانە بەكـوشت دەدەن. ئەوانەی ڕۆژنـامـە نووسـیـویەتی هەمووی درۆیە، بتەوێ ڕووداوی ڕاستەقینەت بۆ دەگێڕمەوە؟

فـەلامەرز شـانی دادا و پەنجەكانی لە نێو زوڵفی لیلیدا نووقم كرد و كەم تەرخەمانە وتـی:

– حاڵی ئەوەت هـەیە بیگێڕیتەوە؟

– داستانەكەی درێژە دەترسم بێزارت كا؟

فەلامەرز خۆی كێشایە ژێر متیلەكەی سەر "لیلی"وە و درێژ ڕاكشا و وتـی:

– چیمـان نەكراوە، تا مـیوانی و شـەونشـینی سێ سەعـاتمان مـاوە.

خەویشمان لێکەوێ هەر پیاڕادەگەین.

لیلی وتی:

- پرۆفیسۆر "عەدل" دەناسی؟

- نا، ناویم بیستووە.

- ئەم عەدلە یەکێکە لە پزیشکە ناسراوەکانی ئەم وڵاتە، وڵاتی "گوڵ و بولبل". جارەوباریش دەنگ دەکرێت تا لەگەڵ شادا پێکەوە یاری قومار بکەن، بۆ خۆیشی سەناتۆرە.. لەوە دەڕوا تا ئەو مابێت بەسەناتۆری بمێنێتەوە.. سەرۆکی حیزبی مەردومە ئەڵبەتە دوای لاچوونی ئاغای عەلەم سەرۆکایەتییان بەو سپارد "کەتی" کوژراو، کچە گەورەی پرۆفیسۆر بوو. ئەم کەتییە لەگەڵ «علی» کوڕی والاحەزرەت علی ڕەزا پەهلەویدا کەین و بەینێکی گەرمیان پێکەوە هەبوو.. لیلی هەڵپلایە سەر سنگی فەلامەرزدا و ڕانیشی بەسەر دوو ڕانی فەلامەرزدا ڕایەڵ کرد و دووبارە هاتەوە قسە:

- هەردووکیان یانی "عەلی و کەتی" وردە وردە بیروڕای تۆخی ئایین دەکەوێتە خولیایانەوە. والاحەزرەت عەلی ڕەزا چەند ساڵێک لەمەبەر لە ڕووداوی فڕۆکەدا گیانی لە دەست دا. بەلای «عەلی» کوڕیەوە مردنی باوکی دەستکردی دەستگاکانی دەوڵەت و شاهەنشا بووە. ئیتر ڕۆژ بەڕۆژ لە دەربار و کاروباری دەربار دوورکەوتەوە. سەرەتا پەنای بردە هیرۆئین کێشان، سەرئەنجام ئایین. کەتییش بە چی هۆیەکەوە نازانم لەگەڵ "بەهمەن"ی تیمسار حوجەتدا، ئاشنا و دەبنە ژن و مێرد. ئەگەر ماندوو بوویت با بیبڕمەوە.

- بەپێچەوانەوە سەرگوزەشتەیەکی سرنج ڕاکێشەر دێتە بەرچاوم.

- لەبیرم نەبوو باسی ئەوە بکەم کە چەند ساڵ لەمەوبەر "کەتی" لە

ڕووداوێکی تاشەوانیدا کلّۆکی دەشکێ و نیشتەجێی سەر عەرەبانەی دەستی دەبێ، ژن و مێردی کەتی و بەهەمەن تێکەڵ بەبیروڕای توند و تیژی شۆڕشگێڕانەی ئایینی و کۆمەڵێکی تیژڕەوی چەند کەسە پێک دێن. بۆ ئەنجامدانی بیروڕاکانیان لە نزیکەی شارۆچکەی "خورەم دەرە"ی سەر بەئوستانی زەنجان، مەزرەعایەک پێک دێن و تیادا خۆ خەریک و عەلی کوڕی والاحەزرەت عەلی ڕەزاشیان پێ پەیوەست دەبێ. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر چوار پێنج کرێکاری لای خۆیان کۆ دەکەنەوە تا هاوکارییان لەگەڵا بکەن و دەست بەجووڵانەوەیەکی چەکدارانە بکەن. کرێکارەکان نارۆنە ژێر و بەهەمەن هەر لەوێدا دووانییان دەکوژێ و لەگەڵ کەتی دەدەنە کەژ و چیای پشتی مەزرەعاکەیان بەناوی مەغول ئاباد. بەهەمەن بەوە ڕازی نابێت بۆ کوشتنی کەسێک خۆی دەگەیەنێتە تاران. ئەو کەسە کێ بووە. تا بەئێستا نەزانراوە. ساواک شوێن پای هەڵگرتبوو لە نێو یەکێک لە شەقامەکانی تارانا ڕووبەڕوو دەبن و دەبێتە تەقە و سەرئەنجام بەهەمەن لەوێرا دەکوژرێت.

– ئەی کەتی؟

– ژاندارمری دەوری ئەشکەوتی مەغول ئاباد دەدا و "کەتی" لەگەڵیانا بەشەڕ دێت و ئەویش لەوێرا دەکوژرێت.

– ئەی عەلی کوڕی والاحەزرەت چی بەسەر دێت؟

– کاتێک ساواک و ژاندارمری دەڕۆنە نێو مەزرەعەی بەهمەنەوە، دەنوارن عەلی سەرگەرمی شۆردنی تەرمی کرێکارەکانە. دەستگیری دەکەن و بەفەرمانی شاهانشا لە بەندیخانە توند دەکرێت. لەمەی من گێڕامەوە ڕۆژنامە هەرچی نووسیبێت درۆی فەرمووە.

تەلیـفـۆنی ژوور سـەری لیلی زرنگایەوە، لیلی دەسـتـەی هـەڵگرت و وتی:

– هـەلاو. ئەوە چۆنت زانی لێرام..؟ دیارە وتبووی بۆنم بەبن باڵمـەوە کردووە.

– نا بۆنت بەناوگـەڵتـەوە کـردووە بـۆیە زانیت.. باشــە شــەو یەکـتـر دەبینین.

–........

– دەوروبەری یانزە دەگەمە ئەوێ، بەدوعا.

– ئەوە کێ بوو؟

ژنێکی هـاوڕێمـە بـەناوی "شـەیدا" دەیپـرسـی چ سـەعـاتێک دەگـەینە میوانییەکە.

– ڕاستی جلوبەرگی شەوت هێناوە یا دەگەڕێیتەوە بۆ لەبەرکردنی؟

– لە نێو مـاشـینـەکـەمدایە، ئێسـتا دەڕۆم دەیهێنم. لیلی سـەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و وتی:

– خۆمە درەنگە.. ڕووت و قووت لە جێگە وەدەر هات و خۆی گەیاندە سەرشۆرگە...

فەلامەرز وتی:

– تۆ لە پێشدا خۆت دەشۆری یا من؟

– چی تیادایە پێکەوە خۆمان دەشۆرین.

– لێگەڕێ با جلـەکـانم بهـێنمـە سـەرەوە. لیلی لە سـەرشـۆرگـەدا گۆرانی دەوت:

کی کیـە.. کیە دەر مـیـزەنە
مـن دلـەم مـــــــیـلـەرزە..

کیسەکانی دەستی فەلامەرز وێنەی پڵنگێکی لەڕ و لاوازی ملباریکی پەمەیی ڕەنگی بەسەرەوە نەخشابوو. کە هاتە نێو ئەسانسۆرەکە پیاوێکی بەساڵاچوو دەستی لە کەمەری کچێکی گەنجی قۆزوقیت گیر کردبوو. کچە چاوێکی لە فەلامەرز هەڵتەکاند و لە نهۆمی سێهەم دابەزین. فەلامەرز دەرگای ئەپارتمانی کردەوە، هەڵم و هەڵا لە دەرگای ئاواڵەی سەرشۆرگە دەهاتە دەرێ. لیلی سەر و ڕوخساری بەکەفەوە بوو. فەلامەرز سەلیبەوار لەناو دەرگادا ڕاوەستابوو سەیری لەش و ئەندامی لیلی دەکرد و لە پڕ وتی:

– بێمە ژوورەوە.

لیلی ئایەکی ترساوی لەدەم هاتە دەرەوە و وتی:

– ترساندمت. مەیلی خۆتە.

– دەزانی درەنگە؟ وا سەعات دەی شەوە.

فەلامەرز جلەکانی لە نێو کیسەکان وەدەرهێنا و بەسەر مۆبلیاکەدا ڕایخست. لیلی لە سەرشۆرگە هاتە دەرەوە خاولییەکی بە سەر و پرچییەوە پێچابوو یەکێکیدیش بەکەمەریدا. بەفەلامەرزی وت:

– نەهاتی، بۆخۆت زەرەرت کرد. ڕۆیشتە ژووری نووستنەکەوە مێزی تەوالێتەکەی کرێم و بۆنی جۆراوجۆری زۆری لەسەر چنرابوو. فەلامەرز بەپێچەوانەی ئەفشینی برای، ئەوەندە لە سەرشۆرگەدا نەدەمایەوە. خۆی وشک کردەوە پلکایە خۆلەبەر کردنا. لیلی هاژە و گڤە گڤی "سشوار"ی ژووری پڕکردبوو.

فەلامەرز خۆی پۆشتە کردبوویەوە پای لەسەر پا دانابوو. کەوشە "ڤیرنیە" بریقەدارەکانی، ئاوی چاوی دەسەند، یەکەمین جار بوو جلی شەوی لەبەردەکرد. ئەوسا هەرکات ئەمیری باوکی و میوانەکانی بەو

جـلانەوە دەدی لە دڵا گـاڵتـەی پـێ دەکـردن و دەیوت: ئەمـانە سـەیرن. بەوجۆرە جلوبەرگانەوە دەڵێی "پلسیرک"ن یەخەی بریقەدار و پەپوولەی ژێر چەناگـە و دەسـتـەسـڕی بەرباخـەڵ و دەیانەوێ چـی بەدەوروبەریان بسـەلمێنن؟ ویقـار و کـەسـایەتی و گـەورەیـی یا خـۆپیـشـاندان و خـۆ وەدەرخـستن؟ هەسـتـا و ڕۆیشـتـە لای ئـاوێنەکەوە. سـەرێکـی لـێ شـانە کـرد و دەسـتـەسـڕی بەربـاخـەڵی چووزەکـەی زۆرتـر وەدەرخـسـت و پەپوولەی ژێر چەناگـەشـی تەرازوو کـرد. لەناو ئاوێنەکـەدا دیمـەنی ئەوسا و خۆی و ئێستای شان بەشانی یەکتر دی ڕاوەستابوون.

توێژێکی غـەم و ئەفـسـوردەگی سـەر ڕوخـسـاری مـات و مـەلوول دەینـوارییـە هـەردووکـیـانا و لەبـەرخـۆیەوە وتی: ها کـاک فـەلامـەرز! ئەمـەشـیـان دەخـەیتـە سـەر ناچاری؟ لە بیرتـە بەجلوبەرگی باوکت و هـاوەڵانی لاقــرتـێ و جــەفــەنگت دەکـــرد. ئەرێ نـاڵێـی کـێ تـۆی ناچـارکـردووە ئەم جـلانـە لەبەرکـەیت؟ سـێ چوار ڕۆژە فکر و زکـرت بەلای ئەمشەوە بووە تا چی لەبەر کەیت و چۆن خۆت بنوێنی. لە ئاوێنە دوور کـەوتەوە، لەولاوە لێی دانیـشـت. دووبارە کـەوتەوە بیـرەوە. بڕۆ هەرچـی دەکـەی بڕۆ بیکە؛ ئازادی. مـەگـەر ناتەوێ لە کـاروباری پێـسـپـێـراوی برادەرانا سـەرکـەوی؛ ئەمـەش یەکـێکە لە مـەرجـەکـانی سەرکەوتن. یەکێک لە مەرجەکانی سەرکەوتن ئەوەیە مرۆڤ بزانێت و بتـوانێت لێـزانـانە دەوروبـەری هەڵسـەنگێنێت و بەزمـانێک بدوێ دەوروبەری لێـی تێگەن. خـۆ ناکـرێ بەکـابشن و پانتـۆڵی "LEE"یەوە بڕۆمە ئاوا میوانییەکەوە. لیلی لە ژوور هاتە دەرەوە. پاڵتاوێکی پێستی "مـینگ"ی ئێسـتـراخـانی بەدەسـتـەوە بوو، ئارام ئارام داکشـا و هات. فەلامەرز هەستایە سەرپا و وتی:

- دەڵێی نوقڵی.

لیلی پاڵتاوی دا بەسەر کەمەی مۆبلیلکەدا و خۆی خستە باوشی فەلامەرزەوە و وتی:

- ماچم مەکە با بۆیەی لێوەکەم تێک نەچێت.

- جا تۆ چ نیازێکت بەبۆیاخ و ئارایش هەیە. ئەو دوو لێوە سوورە گۆشتنانەت ئەمشەو مەحشەرێک دەناتەوە.. ئەوسا گڕی لەمن بەرداوە.. مەگەر هەر خۆت خامۆشم کەیتەوە.

- لە گۆڕی بابی میوانی و خاوەن میوانیش ئەوە گورز و ئەمەشە مەیدان، وەرە با بڕۆینەوە ژووری خەوەکەوە. لیلی دەستی برد یەک دوو دوگمەی کراسەکەی کردەوە، دووبارە وتی:

- ها چیت وت؟

فەلامەرز دوگمەکانی بۆ داخستەوە و وتی:

- با هەڵیگرین بۆ گەڕانەوەمان. فەلامەرز پاڵتاوەکەی لیلی هێنا و بۆی ڕایگرت تا لەبەری کا. لیلی گەڕایەوە ژووری خەوەکە و دەستکێشەکانی هێنا و لە ئەپارتمان وەدەرهاتن، ڕوو بەسەڵتەنەت ئاباد وەڕێکەوتن.. بۆنی عەتری "تیدلابیدۆس" لەناو ماشیندا پەنگی خواردەوە. کە چرای ماشینی ڕووبەڕوو دەیدا لێیان، گەردن بەندی ئەڵماسی لیلی دەبریسکایەوە. دەستکێشە بەزیلکون چنراوەکە چەخماخەی دەدا. بەفەلامەرزی وت:

- ئەمشەو بۆ خۆت ورد بەرەوە و تەماشاکە. وەک پێم ڕاگەیاندووی ئاگات لە چاوهەڵتەکان و ناز و ئەدا و کریشمەی ژنانی هەرزە هەوەسی دەڵەی ڕوودار بێت.

– باشە مەگەر پێکەوە نین؟

– با پێکەوە هەین.. بۆخۆت دەزانی شەوگار درێژە و مەی و لیوان لە ناودایە و لەش و کەللەش پێکەوە گەرم دەبن.

– نالێی ئێمە دەعوەتی کێین و خانەخۆیکەمان چ کارەیە. با گێژ و وێژ نەرۆمە ژوورەوە.

– دەڕۆین بۆ مالّی ئاغای موحەبەتیان دەولّەمەندێکی ئەم ولاتەیە.

– هەمان کارخانەداری ناسراو..؟

– هەمان. بەلاّم کاری سەرەکی، دەلاّلی چەک و تەقەمەنییە؛ نەک بۆ ئێران بەلّکو لەگەلّ ولاّتانی دیشدا. لە سالّێکدا دووسێ مانگی زستان لە تارانا دەگوزەرێنێت و هەموو هەفتەیەک میوانییەکی گەورە دەدا و ناسراوانی ئەمشەو گلێر دەکاتەوە و بەرنامەی سەیر و سەمەرە دەبینی ئەمشەو. زۆر نەڕۆیشتوەتە سالاّ، وەک لە ژنگەلی تارانم بیستووە، لەو ڕووانەوە لەکار کەوتووە، ژنەکەی ناوی نەستەرەنە و لەهەر ولاّتێکدا وەک دەستمالّ کاغەزی دۆست دەگۆڕێت.

گەیشتبوونە کووچە و کۆلاّنەکانی سەلّتەنەت ئاباد. لیلی وتی وەرچەرخییە لای دەستی چەپدا.. یەک دوو جارێک دەعوەتی کردووم، پێم وایە بەهەلّەدا نەهاتووین. نا.. نا بڕۆ هەروا ڕاست، ئا.. خۆیەتی.. ئەو دیوارە بەرزە دەبینی ماشینی زۆری لا وەستاوە؟ هەمانە؛ بەلاّم تۆ لە دەرەوە ڕایمەگرە و بڕۆ ژوورەوە.

فەلامەرز دایە بەسەر بۆشایی هەردوو ڕانیدا و وتی:

– ئەوامرت موتاعە، خانمی، خانمگەل.

– ئەی حەرامزادەی وەلّەدزنا! ئەم فێلّ و کەلّەکانە لە کێوە فێر بوویت..؟ ئەمەش ناخەیتە مل من؟

– نایخەمە مل تۆ. باوەڕ بکە گەلێک خام و بێ تەجروبەم. ئەمشەو یەکەمین جارە جلوبەرگی وا لەبەر دەکەم و لە ئاوا میوانییەکدا بەشدار دەبم. ناڵێم نەمدیوە، دیومە. باوکم جارەوبار میوانی وای دەدا.

گەیشتنە بەر دەرگا. دەرگا ئاواڵەبوو. کابرایەک وەک داهۆڵ لە ناوەڕاستیدا ڕاوەستابوو.

لیلی وتی چرای بۆ لێبدە با لاچێتە لاوە.

فەلامەرز کورتە هۆرنێکی لێدا. کابرا بەرەو پەنجەرەی لای فەلامەرز هات. فەلامەرز ڕانیوەستا و ڕۆیشتە هەوشێوە. دووسەد مەترێک ڕۆیشتە پێشەوە و لە نزیک ساختمانەکەدا ڕایگرت؛ دابەزین. بازووی فەلامەرزی گرت و دەستکێشی دەستی ڕاستی دەرهێنا. ئاغای موحەبەتیان لەگەڵ خانمیدا لەبەر دەرگادا جووت ڕاوەستابوون، کە لیلیان دی هاتنە پیرییەوە. بەدەم بەپیرییەوە ڕۆیشتنەوە دەیوت:

– بەه! بەه! ماشائەڵڵا! ماشائەڵڵا! ئەمشەو مانگ لە کوێنەوە هەڵ هاتووە؟ کۆمایەوە دەستی لیلی ماچ کرد. ئنجا دەستی بۆ فەلامەرز درێژکرد و لیلی وتی:

– ئاغای ئەمیر ئینتیزامی.

ژنەی موحەبەتیان و لیلی دووسێ جارێک درۆیانە یەکتریان ماچ کرد و چوار کەسە چوونە ژوورەوە. لەوە دەڕۆیشت چاوەڕوانی هاتنی "لیلی"یان دەکرد، چەند کەسێکی ناسراو و ژن و پیاو هاتنە پیری "لیلی"ەوە و بەچاوی هەڵسەنگاندن و تەرازووەوە دەیانڕوانییە فەلامەرزدا. ئەویش لە دڵا دەیوت: جانەوەرانی بۆگەن! چۆن دێمە بەرچاوتان؟ لە نێو باڵکۆنی تالارەکەدا چەند مۆسیقاژەنێکی ناسراو ڕیز لەسەر کورسی دانیشتبوون.

ساختمانەکە بەشێوەی سەردەمی قاجارییەکان ڕازابوویەوە. تالارێکی گەورەی پێنج گۆشەیی چوار گولتەی مەڕمەڕینی بەرز و بوڵند لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا فەخریان بەبینەری دەفرۆشت. سەروبنی گولتەکان بەڕەنگی زێڕین نەخشابوو، چەندین بازنگی ئاڵتوونین لە قامەتی گولتەکانا، هەر لە بازووی ئافرەتێکی نازدار دەچوو بازنگی لە مەچەکدا بێت. لە دووسێ لاوە مۆبیلیای ڕەنگاوڕەنگ ڕیز و ڕێک دانرابوو. زۆرتری خەڵکەکە ڕاوەستابوون. چەندین مەیگێڕ فرز و چالاک سینی بەدەست خواردنەوەی جۆراوجۆریان دەهێنا و دەبرد برێک لە خزمەت گوزاران خواردەمەنی سووکی چوکوڵ لەناو دەگێڕا تاو تاو دەمیان بەوە خۆش تام دەدایەوە. مەزەگێڕان وەک مێشەهەنگێکی بەپەلە لە هاتوچۆدا بوون. بەزم کەم کەم دەستی پێکردبوو فەلامەرز هەستی بەوە دەکرد لە چەندین لاوە لەژێر چاودێری خانم گەلدایە و دەربارەی ئەو دەدوێن.

ئاغای موحەبەتیان لە لیلی نزیک بوویەوە و سەری تەعزیمی بۆ دانواند و ڕوو بەفەلامەرز:

– بەیارمەتی ئاغای ئەمیر ئینتیزامی، دەمەوێت یەکەمین خولی سەما لەگەڵ لیلی خانمدا دەست پێ بکەین. فەلامەرزیش نەرمە سەردانوێنانێکی بۆ کرد و لە چەقی هۆڵدا دووکەسە موحەبەتیان و لیلی تانگۆیان دەست پێکرد. فەلامەرز پێک بەدەست تەنها ڕاوەستابوو ژنەی ئاغای موحەبەتیان هاتە لایەوە:

– چۆنە ئێمەش حەقی خۆمان بکەینەوە.؟ نابینی وا لیلی خانمت لێزەوت کراوە. چاوەڕوانی وەڵامی فەلامەرز نەبوو پەلەکێشی چەقی هۆڵی کرد و بەدژوار توانی پێکەکەی بەسەر لێواری گوڵتەکەوە دانا.

ژنەی موحەبەتیان پای نابووە چل قەد و قامەتی لە موحەبەتیان بەرزتر دەهاتە چاو. دووسێ چرچی نەرم و ناسک کەوتبووە ژێر چاوانییەوە، زۆرتر هی شەوبێداری و خۆش گوزەرانی بوو تا تەمەن و ساڵ لێزانانە ئارایش و بۆیاخی بەکار بردبوو، نەک هەر ئەو بەڵکو تەواوی ژنانی نێو هۆڵەکە لە پەلەوری کەنەسمە دەچوون، ئەوەندە بۆیاخی ڕەنگاوڕەنگیان لە ڕوخسار و ڕوو ماڵی بوو. لێوی سوور و پەمەیی و باینجانی. کلی چاوی ڕەنگاوڕەنگ، نینۆکی درێژی ڕەنگاوڕەنگ ڕەش و خەناوی و سوور و پیرۆزەیی بریسکەدار، برژانگی چەسپاوی درێژی دەستکردی ڕەنگاوڕەنگ، ڕەنگی شین و سەوز و ڕەشی نێوان ئەبرۆ و چاو، زوڵفی زەردی ئاڵتوونینی و ڕەش و سوور و "مێش"ی خۆ جلوبەرگ وەک توونی هەزار ڕەنگیان لەبەرکردبوو، ئیسفەنجی سەر مەمکی چەق و کچکەلانە گۆی مەمکی وا دەردەخست پیاو حەزی دەکرد بیوشیرێت، پاوپۆزی ڕووتی گۆشتنی "حەپە" کراو. بڕێک گۆرەوی ناسکی بریسکەدار لە پا، بڕێک پای ڕووتی بەرەڵا، شان و مل ئاچوخ و کراوە.. پشت تا سێ بەنگە بەرەڵا، بەشێک کراسی پەنجەرەدار، بڕێک بندەست تاشراو.. مەمکی خرپنی مەوزوون و مەمکی کاڵەک ئاسای گۆشتنیشی بێ خێو خاوەن لەبەرچاو تۆپز بووبوونەوە.. بڕێکی تریان لە شەرمی ناحەزی سک و کەمەریانا یا لەبەر سک پڕی کەمەریان شاردبوویەوە. بڕێکی دی گوڵێکی زێڕین یا ئەڵماسیان بەسەر ناوکیانەوە یا بەرموسڵدانیانەوە چەسپاندبوو، تا ئاماژە بۆ ناوگەڵی بێت. ژنانێکی تریش لەبەر غەبغەبە و لە باری گۆشتی شان و باهو و کەمەر و باسەنیان. خۆیان داپۆشیبوو. زۆرتر بەو جلە ڕەشانەوە لە پەرچەمی عەباسیان دەچوون. بۆنی بۆن و لەشی ئافرەت، بینەرانی هاوردبووە سەر هەوەس. ژنانیش هەریەکە بەجۆرێک دەیانویست ببنە

دیدگــای پیــاوان. خــەڵکەکــە تێکەڵ و پێکەڵ بووبوون، هــەریەکــە لە جووڵانەوە و گفتـار و ڕەفتار و کرداریا ئازاد بوو. جارەوبار قـاقایەکی مەستانە وشە و واژایەکی فەرەنساوی یا ئینگلیزی دەبیسـترا. خۆ ناز و ئەدا و کریشمـەی ژنانەی پێکەوتوو پێنەکەوتوو شەپۆلی دەدا و چپە و گاله دەبینرا و دەبیسرا هەرابوو.. هەرا.

سێ چوار لە خانمەکان جۆری سەمای "لیلی" فەلامەرزیان خستبووە ژێر زەرەبینەوە:

– بنـوارە چۆن ســەری چەســپــاندووەتە سنگیــەوە. دیارە تەواوی هەست و هەوای بەلای ئەو کـوڕەوەیە. خـۆمـانـین ئەمـجـارە ڕاوێکی شایستە و پەسەندی کردووە و تۆڕەکەی شاماسی گرتووە.

– تۆ بڵێی زۆر دەوام بهێنن؟

– وابزانم ئـەمـجـارە لەگــەڵ ڕابوردوودا جـوێ بێت. جـاران لـە ئاوا میـوانییـەکدا لەگەڵ مێردەکەیدا دەهات. لام وایە ئـەمجارەیان خراو وەگیر هاتووبیت.

– لیلی و وەگـیـرهاتن؟ ڕاوەسـتـە بزانە چۆن وەک مـار هێلکە قـووت دا.. تۆێکڵەکەی هەڵدیەنێتەوە. ئەوە لیلییە.. لیلی.

– نا وانییە. من لیلی لە تۆ چاکتر دەناسم، باوەڕ بکە وا کەوتووەتە داوەوە خـوا هـەقی کـۆن و تازەی لێ کـردووەتەوە.. بەرانبـەر ئەو کوڕە، دەسـتـەپاچەیەکی وایە چـەپ و ڕاسـتی خـۆی لەیـەک ناکاتـەوە. بنوارە کـوڕەدا چەنـدە باوەڕ بەخـۆیـە و "لیلی"یش بەچاو و دەست و لەشـێـوە تێکەڵاوی بووە. هـاوردنی ئەم کوڕە بۆ ئاوا میـوانییـەک یانی بزمـار لە ناڵدان. دەڵێن خـودی شابانویش ئاگاداری ئەم عشـقە تازەیەتـی. کوڕە لە دەربـاردایە و ئارشـتیکتی کۆشکی وەلیعەهدە.

– خـۆت سـووک مـەکـە، کـوڕە دووره لە جـڵف بوون. بەویقـار بەناوبانگە...

– ویقار میقار بەقەرانێک ناکرم، مەگەر پیاو نییە؟

– با پیاوە. لەوەش دەڕوا زۆر لە پێویست پیاوتر بێت ئاوا کەسێک دەست نادا بۆ هەواوهەوەسی تۆ، بەدەردی منیش ناخوا.

هایدە گۆرانی دەوت، دەیچریکاند.

"غم با من زاده شده". خەڵکەکەی بەدەنگ بێدەنگ کردبوو.. هایدە ڕایگەیاند دەی ئێستاش کاتی نان خواردن هاتووەتە پێشەوە بفەرموونە سەر سفرە.

سەرجەم شەست حەفتا کەسێک دەبوون. نانیش خورا. بڕێک مەستی پێوە دیاربوو، بڕێک پەیتا پەیتا دەکۆشا بگاتە سنووری مەستی و بڕێکی تریش ڕەشمو پچڕاو لە نێو ئەلکول و ئەلواتیدا پلی دەدا. لیلی بازووی فەلامەرزی توند گرتبوو، بەپلکانەکەدا بەرەو ساردواوی بەزمی ئێرانی دەچووە خوارەوە. شەیدایان بەرەو ڕووهات هەنگاونانی تۆزەکێک تێک چووبوو، سەرو زوڵفی پەرێشان. کە سەری بەرزکردەوە و لیلی و فەلامەرزی ڕووبەڕووی خۆی وەدی کرد یەک قاقای دوور و درێژی مەستانەی کرد و دووسێ جار دای بەسەر سینەی فەلامەرزدا و تێکەڵ بەپێکەنین وتی:

– بێگومان ئەمەیە مەجنوونەکەت.. خۆمانین شاماسی بووە بەتوورەکەتەوە؟

لیلی ئەملاولای ماچ کرد و وتی:

– بۆ کوێ دەڕۆی؟ دەڵێی تەنهای؟

– من و تەنهایی؟ باوەڕ بکە لە گۆڕیشدا یەکێکم لە گەڵە.

– لە گەڵە یا ناوگەڵە؟

– وەک دەزانی سەرئەنجامەکەی ناوگەڵە. خۆ دەبینی ئەمشەو قەرەبووەیە و هەرکەس بۆ خۆیەتی. ئەمشەو تەواوی سەڵتە کۆشک نشینەکانی لێیە.

– دەیان بینم.

– لێم گەڕێ با خۆم بگەیەنمە دەستشۆری دێمەوە بۆ لات.

تەواوی ژێر دەستەگێرەی پلکانەکە لالەی ڕەنگاوڕەنگی سەردەمی ناسرودین شای قاجاری لێ ڕیزدانرابوو. مۆمی عەترئامێزی تیادەگرا. دیوارەکانی سەردخانە بەکەچ بڕی جۆراوجۆری دەستکردی هونەرمەندانی ئەسفەهان ڕازابوویەوە. لەسەر زەوی دۆشەک و گۆشەی قەڵەوقەڵەویان نامەوزوون تیا دانابوو، تابلۆی ڕەنگینی دووسێ سەدەی ڕابوردووی هونەرمەندانی ئێرانی تیا دەبینرا، کمال الملک و بەهزاد و نیگارکێشە ناسراوەکانی سەردەمی سەفەوی و قاجاری. گۆزەی ڕەنگاوڕەنگی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی لە تاقچەکانا دەبینرا. نەوایەکی ئارامی تار دەهاتە گوێ، بۆنی بوخوورێکی سحرئامێز خەڵکەکەی هێندەی ترە گێژوویژ و مەنگتر کردبوو.

هایدە شیوەنی دەگێڕا:

مەستی هم درد من و دیگە دوا نمیکنە
غم با من زادە شدە...

دانیشتوانی سەرزەوی ژن و پیاو بێدەنگ وەک لە کۆزدا بن، سەریان

نابووە یەک. بەزمی دەروێشی هایدە هەزاران زام و ئێشی هێنابووە سۆ.

سەردخانەکە بۆنی پەرستگایەکی سەردەمی زەردەشت و مانی و مەزدەکی دەدا و ئاسمانێکی عیرفانی پێک هاتبوو. هایدە دەیوت.. دەیوت.. چەند کەسێک فرمێسکی دوای سەرخۆشییان سەرالێژ بووبوو. بڕێک فیزیان بەکپییەوە دەکرد و بڕێکی تریان ئاشوفتە و پەرێشان، بڕێکی دی دوودڵ و پەشیمان، چەندین کەسی تریشی دووچاری ژانی ویژدان، بڕێکی دیش بەردەوام سەرسوپوردەی جام و لێوان.

لیلی دەمی بردە لای بناگوێی فەلامەرزەوە و چرپاندی بەگوێیدا:

- چی دەڵێی سەرتاسەری ئەم تاتێلە پێکەوە بین.

- ئا، دەڵێم با پێکەوە بڕۆین بۆ سەفەر؟

- سەفەر؟

- ئا سەفەر.

فەلامەرز ترسا پێشنیازی سەفەری ئەسفەهانی پێ بکات. ماوەیەک تێڕاما و. ئنجا وتی:

- لات خۆشە دەڕۆین.

- باشە گوزەرنامەت هەیە؟

- گوزەرنامە؟ مەگەر نیازی کوێت هەیە؟

- فەرانسە. پاریس.

- نا، نیمە.

- دەباشە دوو ڕەسمی خۆتم بدەیێ با بینێرم پەساپۆرتت بۆ وەدەربهێنن..

بەزم بەردەوام بوو. بەیان وردە وردە دەبووە مـــیـــوان. لەمـــلاولای شـــارەوە دووبارە لە حـــوســـەینیـــیـــەکـــانەوە دەنگی بانگ دەبیـــســـرا و ئاسمانی شاری تارانی دەهەژاند:

حەی عەلاسەلات

حەی عەلافەلاح

حەی عەلا خەیرولعەمەل

# فەرهەنگۆک

لامەسەب: بێ دین، بێ ئاین، دڵڕەق.

کە من دیم خوسرەو خوین وەبەرگەوە: شیعرێکی گەلێک جوانی شاعیری دڵ تەڕی بەناوبانگ "خانای قوبادی"یە.

سەروموقل: سەرو گوێلاک.

زالو: گیانلەبەرێکە خوێن هەڵدەمژێت.

سفەت: ڕەوشت، خوو.

کەوش: قۆنەرە.

قورمساغ: ئەو کەسانەی بێدەنگن بەرانبەر بێ ئەخلاقی ژن و منداڵیان، جێکێش.

نامەرد: ناپیاو.

جێکێش: گەواد.

کەنیز: جاریە، کوێلە.

گەوج: گێل، نەفام.

گوزەرنامە: پەساپۆرت.

لیستە: قایمە.

قەدەغە: یاساغ، مەممنووع.

جنگل بوز: شەڕەنگێز.

عەباس ئاباد: گەڕەکێکی ناو تارانە.

ماڵی ئاسایش: خانووی ئەمن، جێگەیەکە دوور لە چاو، دوور لە شوبهە.

کێولە: دەشتی، وەحشی.

ڕام: دەستەمۆ.

قەران: پارەیەکی بێنرخ و ئەرزشی ئێرانییە.

کەپو: لوت.

تیلماسک: تاڵێکی ناسک.

سوخمەی مەمک: مەمک دان.

تەختەسەنگ: بەردی پان، بەردەنوێژ.

لوشکە: دەنگی دەم و قەبوزەی بەرزە ولاخ.

پڕمە: دەنگی هەناسەدان، بۆ ئاژێل دەوترێت.

تەتەشۆر: ئەو جێگەیەی مردووی بەسەرەوە دەشۆرن.

شاری نوێ: قەحپەخانەی شاری تاران کەوتبووە باشووری شارەوە.

سوزانی: قەحپە، جوندە، پەتیارە.

سوسەنەک: نەخوشییەکی جنسییە بۆ پیاو یا ژن.

کلینکس: دەستماڵ کاغەزی.

بەستەکە: ناپەسەند.

ناجور: ناڕێک.

هەلیتوراند: شێتانە دوورکەوتنەوە، ڕفتاری کەرانە.

حەرامزادە: زۆڵ.

مەقسەلە: دەستگای سەربڕین تایبەت بەولاتی فەرانسە.

نیاوەران: گەڕەکێکە لە دامێنی چیای ئەلبورزا.

ئالایشە: بێ ئەملاولایە.

شاکار: کاری گەورەو مەزن.

سەعەدئاباد: کۆشکی حەمەڕەزا شا.

گارد: دووسێ تیپی تایبەتیی پاراستنی بنەماڵەی شا.

داهوڵ: ئەو هەیکەلەی لە دار و پەڕۆ دروستی دەکەن.

دەروازە: دەرگای گەورە.

کەبکە: داو، تەڵە.

نابەرابەری: نادادی، یەکسان نەبوون.

ئاشوفتە: تورە و تێکەڵاو.

شاکامی: حەسوودی.

متمانە: باوەڕ.

تاپۆ: شەبەح.

ئەتکێت: هەڵسان و دانیشتنی مۆدرێنانە.

ڕاڕەو: دالآنی باریک و درێژ.

کەمەرباریک: ناوقەد باریک.

کلۆک: سمت و کلۆک، نشیمەنگا.

لینج: ساف و لوس و چەور، تەرێکی چەسپەندە.

شیک پوش: جوان جل لەبەکەر.

لوئی چواردەهەم: پاشای ولاتی فەرەنسا برێک مۆبلیاتی نێومالە شێوەکەی بەناوی ئەوەوە ناسراوە.

سۆما: بیلبیلەی چاو.

گلارە: گلێنەی چاو.

ڕوکەش: ڕووپۆش، سەتحی.

کەرەشەمامە: کەری خەت خەت، زیبرا.

بەبر: پلنگە گەورە خەت خەتییەکان، ئەوانەی زۆرتر لە ولاتی هیندوستان دەژین.

پاووپۆز: پاووپل.

پرگال: ئەو ئامێرەی بازنەی پێدەکێشن.

سەفەوییە: دەسەلاتێکی سێسەد سالەی مێژووی ئێرانە.

ساختمان: خانوو، بنایەت.

تۆپزی: هەلئاوساوی.

جەڕاندن: سفت کردن.

خەنە: دەگیرێتەوە بەڕەنگ کردنی دەست و پا و سەروریش و پرچ.

پل پلە : پارچەی تەنک و ناسک لە زیو یا زێڕ دروست دەکرێت.

فەرامین: ئەوامیر.

دید: ڕوانگە.

توێ توێ دەکردم: دەیپچڕاندم.

فەرامەرز یا فەلامەرز: لە کوردەواریدا برێک ناو دەگۆڕن وەک جەمشید دەکەنە جەمشیر، فەرامەرز، فەلامەرز. سهراب بەزۆراو.

ئوستان: لیوا.

ڕکێف: ژێرفەرمان.

کەوشی تال تال: قۆنەرەی موشەبەک.

دڵپەزیر: جوان، بەدڵەوە چوو.

درختچە: درەختێکی گچکە و بچکۆلانە.

قەمچ کراو: ڕێک قرتاو.

گرنج گرنج: دان دان، ناڕێک.

لارسەنگ: بێ تەرازوو.

ناخۆ ئاگا: لا ئیرادی.

مانیکۆر: نینۆکی جوان مەورەدراو.

نەخشە: خەریتە.

کارگا: مەعمەل، ئەو جێگەیەی کاری تیادەکرێت.

یاپشە یاپشە: لەسەرخۆ ڕۆیشتن.

شەفت: تاقم، دەستە.

خوو: ڕفتار، خسڵەت.

شەقولقەمەر: یانی مەحاڵ بوون.

خۆی بۆت ناوەتەوە: خۆی ئامادەکردووە.

عیشوە: ناز.

گوزەشتە: ڕابوردوو.

ناحساوی: ناپیاو.

تەشقەڵە: گۆبەن، گەڕپیاکردن.

دەڵەشێر: دۆڵێکە لە پشتی چیای "بەمۆ"وەیە.

کەنار: لێوار، قەراخ.

هەوانتە: هەروەها، لە خۆڕا، بێبەڵگە.

زادە: لەدایکبوو.

ئەدا: هەڵسوکەوت.

سەروپاگردنەوە: لە نێو کوردەواریدا جۆرێکە لە فاڵ گرتنەوە.

گول: بچکۆلانە.

پشک: بەشە گۆشت، کاتێک ئاژیلێک سەردەبڕن بۆ مەولوو دابەش دەکرێتە سەر بەشی بچووک بچووک نێونراوە پشک.

دەرخوونە: تەختەدارێکی ساف و لوسە لە ژێرەوە سێپایەی گچکەی هەیە بەقاپ و

قاچاخی نێومالّەی ئەوسا دەژمێرا.
کلکەی دێ: لە دامێنی "دێ"وە.
ختووره: مەترسی، خورپەی تێکەڵ بەترس.
بەل بویەوە: ڕاست بویەوە.
چەتە؟: چیتە؟
یاخی: چەتە، ملهوڕ، ڕێگر.
چەتفە: سەروملی هەڵ پێکان.
چەپۆکان: ئەسپ لەسەر کەیف و زەوق بێت دێتە سەما ئەو سەمایە پێی دەڵێن چەپۆکان بەتایبەت سوارەکەی سواربێت.
کەفتیە: کەوتووە.
نەمەنیە: نەماوە.
خاسیگە: چاکە.
باهوشە: زیرەکە، تێگەیشتووە.
زانت: دەزانێ.
تازەکار: تازە دەست پێکردوو.
ڕوژیەل: ڕۆژانێک.
فرە: زۆر.
چەوم: چاوم.
وەئاشکەرا: بەئاشکەرا.
ئەرا: بۆ.
قارک: نێوی کچێکی قارەمانە.
بێ تاب: بێ ئۆقره.
دامەسە پی: داومە پێی.
ئارام گرت: هێمن دەبێتە.
توام: دەمەوێ.
وەیادی بوەم: لە بیری بوەمەوە.
باوەفاس: بەوەفایە.
ئیشن: دەڵێن.

خواست: داوا.

بچت: بڕوا.

حەوت خوان: لە شاهنامەی فیردەوسیدا کاتێک ڕۆستەم دەڕوا بۆ مازەندەران بۆ دێوی "سپی" کوشتن حەوت ڕووداوی دەکەوێتەبەر لە هەر حەوتیدا سەردەکەوێ ئەو وەخت لەگەڵ دێوە سپیدا دەست بەیەخە دەبێت.

وەیەکەمین: لە سەرەتاوە.

جەنگت: بە شەڕ دێت.

چەپوک: شەپەلاخ.

کوشتەی: کوشتی.

فرسەت: هەل.

تێرت: دەیهێنێت.

توات: دەیەوێ.

بیدار: هوشیار، ئاگادار.

سینەبەسینە: ڕووبەڕوو.

خونینە: خوێناوییە.

وەزویا: بە زەویدا.

کوشیایە: کوژراوە.

ناوچەوپەلی: ناوچاوانی.

موحەبەت: خۆشەویستی.

وەبیری چتەو: لە بیری دەڕواتەوە.

فین: باخێکی مێژووییە لە شاری کاشاندا ئەمیر کەبیری تیا کوژرا.

تا بوینم: با بزانم.

فکرنیەکەم: لەو باوەڕەدا نیم.

تا بمینیم: تا زیندووم.

بیشتر: زۆرتر.

نیەوت: نابێت.

نەیرت: نیەتی.

ئەی: ئەمە.

خویش: خزم.
دەچت: دەڕوا .
وەخت: کات.
کەڵەهەرز: ئەو دەمەی کەڵ مامز تێکەڵ دەبن.
شکار: ڕاو.
ئەرا ئەو؟: بۆ ئەو؟
ئیمام زادەیی: سەید، کوڕە سەید.
داڵک: دایک.
داڵک خیزە: دایک حیزە.
بوەسەو: بیبەسەوە.
ئیشم: دەڵێم.
چیمنەرای: ڕۆیشتن بۆی.
وەل: لەگەڵ.
وەپی دایمە: داومە پێی.
بخاتە بانی: بیخاتە سەری.
پیشکانی: بەرزە وڵاخ کە لە هەناسەداندا دەنگی کەپووی هات پیشکەی پێدەڵێن.
لاتەراسکە: کەنارگرتن.
بازوو: قۆڵ، باهو.
بیلەی: لێیگەڕێ.
وەدیکردیە: کردوویەتە دی.
بڕکەیەک: کۆمەڵێک.
تاوێر: جۆرێکە لە بەردی ناڕێک.
وسیایە: وەستاوە.
دویرە: دوورە.
وەئیلا: ئەگینا .
باتەبندەستم: بێتە بندەستم.
لەلی نیەکەم: لێی ناکەم.
ئیشن: دەڵێن.

فرە بەدیومنە: بەدقومە.
موکافات: موجازات.
دیرت: هەیەتی.
نیەرم: نیمە.
ئەرا خۆت: بۆخۆت.
بکەرەی: بیکە.
گوش دەمە: گوێ دەدەمە.
وە ئیمە: بە ئێمە.
زاناتر: ژیرتر، لێهاتووتر.
ئیشم؟: دەڵێم.
بیشە: بڵێ.
توام: دەمەوێ.
بارم: بیهێنم.
ئیشی چە؟: دەڵێی چی؟
ئەلحەق وایە: ئەشهەدو وایە، بەبەختم وایە.
خاس دیریت: چاکت هەیە.
ئەرات: بۆت.
ئادەم: مرۆڤ ، ئینسان.
بیەفەڕ: بێسوود.
چەتوات؟: چی دەوێ؟
تەوحت: حەزت.
چووەسە: ڕۆیشتوەتە.
دوێت: کچ، کیژ.
دیریت: هەتە.
وەقەدەر: بە ئەندازە.
جەوەنە: لە پێستی بزن دەیسازێن و ئاوی تێدەکەن.
چمانە: دەڵێی.
درەخت: دار.

ئاخر پایزە: دوادوایی پاییز، دوای گەڵاڕێزان.

وەپیوە: پێوە.

نەمەنییە: نەماوە.

ئەیانە: ئەمانە.

گشت: هەموو.

وەپیم کەت: پێم دەکا.

فکرنیەکەم: پێم وانییە.

ئەرا؟: بۆ؟

من چەمە: من چیمە.

ئەی: ئەمە.

بەنەی: دەیبەن.

کی بەتەی: کێ دەیبا.

خەیلی وەختە: زەمانێکە، لە مێژدا.

یانی ئیشی؟: یانی دەڵێی.

دەس وەرداروم: دەست هەڵگرم؟

حەتمەن: هەر دەبێ.

توای: دەتەوێ.

ئەیە: ئەمە.

تێرم: دەیهێنم.

ئەرام نەهێشت: بۆمی نەهێلا.

نەیریت: نیتە.

دەنەی پیت: دەیدەن پێت.

قاڵ: هەرا.

زەرافەت: جوانی.

چە بییە؟: چیبووە.

کاوڕەگیژە: بڕێک کاوڕ گورج و گۆڵی کاوڕی تری نییە و شل و شێواوە.

بەنگین: بەیمن.

وەیراوە: لەیراوە.

شنەفتمە: بیستوومە.

جوگە: جۆگەڵە.

لیژ: سەراژێری.

ئامیزش: تێکەڵ بوون.

خێرهاپیەو: خێری پێوەیە.

ئیشەلا: ئینشائیلڵلا.

موارەکە: پیرۆزە.

زانی؟: دەزانیت؟

چە وەپیم وت؟: چی پێم وت؟

تەوحی: حەز.

چووەتە بان: کەوتووەتە سەر.

بنیرتە: بنێرێتە.

نەفامی: گەوجی.

هەوسی کەفتە سەر ئەو: حەزی لەوە کردووە.

جم و جووڵ: جوڵانەوە، حەرەکەت.

یەهو: لەپڕ، لەناکاو.

خوازن: داوای دەکا.

خاسە: باشە، چاکە.

وەو سن و ساڵە: بەم تەمەنە.

وەکورە؟: بۆ کوێ؟.

ئۆقرە: تامووڵ، سەبر.

نیەکەی: نایکەی.

بەرئاورد: هەڵسەنگاندن

یارو: کابرا.

گدا: سواڵکەر.

لوختی: ڕووتی.

با بوینمەت: با بتبینم.

تەبار: وڵات.

نەنگینەکان: پڕ لە شورەیی، ناپەسەند.

سەودایەکە: بیر و ڕایەکە.

گوڵتە: پایە، عەموود.

دامێن: کراس.

خرۆشان: ئاشوفتە، ئاڵۆز.

نمایانە: دەرکەوتووە.

ئارمان: شیعار، دروشم.

سەوداسەر: مامەڵەکەر.

واداربوون: ناچاربوون.

دەستگیرە: وەسیلە.

داشی دامە: یاری پێکراو.

تامولکە: سەورکە.

پێتەخەنە: گاڵتەپێکردن.

دوشامبەر: جۆرێکە لە ڕۆبی لەبەرکردن ئاوریشمە.

سورەیا: دووهەمین ژنی محەمەد ڕەزا شای ئێران.

شەهریاری: کابرایەکی کۆنە کۆمەنیستی دوولایەنەی پیاوی ساواک.

کۆمەنیست: شیوعی.

ئاغای ئیسماعیلی: ناوی ڕاستەقینەی شەهریاری.

گورگی باران دیدە: بەو کەسانەی دەوترێت گەرما و سەرمای ژیانیان دیبێت

چاوساق: لێزان، کارامە.

ڕوونووس: فۆتۆکۆپی.

شەیدا و شیفتە: عاشقی پەرێشان حاڵ.

مەندەلی: شارێکی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی عێراقدایە.

هەڵقون: سەرسەری.

ئەمیر چوپان: سەرەک وەزیر و دەست ڕۆیشتووی زەمانی مەغوول لە ئێراندا.

لوڕستان: هەوارگە و جێگەی برا لوڕەکانمان.

سیستان: ئوستانێکە لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا.

ڕاگوزەر: ڕێبوار.

موفت: بەلاش، ئاسان.
بێسەروپا: هەرچی و پەرچی.
ڕەسم و ڕەواڵ: ئاداب و نەرێتی.
ئرستۆگراتی: چینی دەست ڕۆیشتوو و دەوڵەمەند.
مەرەخەس: بەرەڵا.
کوڕە کەچەڵە بازی بەسەرەوە نیشتووە: کوڕە کەچەڵێکی ئاوارە ڕێی دەکەوێتە شارێک دەنوارێت خەڵکی شار لە دەشتی شاردا کۆبوونەتەوە بۆ هەڵبژاردنی شا.. هەڵبژاردنەکەش بەو شێوە بووە بازێکیان بەرەڵا کردووە.. باز بەسەر هەر کەسێکەوە نیشت دەکرێتە شاه.. باز نیشتە سەر کوڕە کەشەڵی ئاوارەی کەس نەناسەوە.
شایستە: پەسەند.
شکڵ و شەمایل: هەیبەت و قەلافەت.
لوولی مەدە: سووڕە مەدە.
ژاوەژاو: چەنەچەن.
دەستەپاچە: داماو، سەرلێشێواو، بێ توانا و وزە.
زورخانە: ئەو جێگەیەی وەرزشکاران وەرزشی تیا دەکەن.
چاڵەمەیدان: گۆڕەپانێکە لە کرماشاندا جێگەی لات و ملهوور و چەقۆکێش و شەڕئەنگێزانە.
پانسیۆن: یەک ژوور یا دوو ژوور بەکرێگرتن لەگەڵ خواردن و خزمەتدا.
دوتایشمان: هەردووکمان.
ئارمان: دروشم.
ڕستوران: چێشتخانە.
چاتانوگا: ڕستۆرانێکی بەناوبانگی حەفتاکانی شاری تاران بوو.
شاعەباسی سەفەوی: پاشایەکی گەورە و دەسەڵات و خوێنڕێژی زنجیرەی دەسەڵاتی سەفەویەکان بوو.
سنک: پەت لە مل خستن.
ڕەس: بەنێکی درێژ دەخرێتە ملی تانجی لە ڕاوە تانجیدا بەکاردەبرێت.
پلان: بەرنامە، دابەشکردنی زەوییەک بەسەر چەند ژووردا.

تیپ: شکل، شەمایل.
دەوڵەتداران: دەسەڵاتداران.
دیکراسیۆن: ڕازاندنەوەی ناوی خانوبەرە یا ساختمان.
ڕەنگ ئامێزی: چەند ڕەنگ پێکەوە بەکاربردن.
مۆڕبوونەوە: خێسەکردن.
میرسی: سوپاس.
ئستێک: پارچەگۆشتێکی تایبەتە بەشێوەی تایبەت دەبرژێت.
سەرفرازی: سەرکەوتنی تێکەڵ بەشانازی.
دەرحەق بەمن: بەرانبەر بەمن.
سیمفۆنیا: جۆرێکە لە مۆسیقای ئەوروپایی بەڕیتمێکی تایبەت دەنووسرێت.
بتهۆڤن: هونەرمەندی بەناوبانگی ئەڵەمانی خاوەنی گەلێک سیمفۆنیای بەناوبانگە.
ویزە: ئەندام، سەروگوێلاک.
میرازگرتن: لێدان، تێهەڵدان.
زلەی چاو: چاوی فرمێسکاوی.
جیڤارا: پارتیزانێکی بەناوبانگی ئەمەریکای لاتینە لە ئازادیی ولاتی کوبادا بەشداربوو سەرئەنجام لە پۆلیڤیا کوژرا.
هوروش: پەلامار، شالاو.
ژیرچاڵ: سەرداو، ژێرزەوی.
دڵهورە: دڵەخورپەی تێکەڵ بەترس.
زوگوزەر: تیژو تێپەڕیو.
کۆماندو: گوریلا، پارتیزان، پێشمەرگە.
عولیاموخەدەرە: بە ئافرەتێکی خاوەن جێ و مەقام
کۆنفدراسیۆن: کۆمەڵگایەک بوو لەو ڕێکخراوانەی دژ بەدەوڵەتی شای ئێران پێکهاتبوون زۆرتر لە دەرەوەی ولات.
هستیریا: شێتانە ڕفتارکردن.
ستایش: پەرستن، پیاهەڵدان.
نەشتەرکاری: عەمەلیات.

شـەمـرانات: چەندین گـەڕەک و لاپاڵ و داوێنی چیـای ئەلبـورز سـەرەوەی شـاری تاران.

ئەپارتمان: بەشێک لە ساختمانی گەورەدا.

مەخمەل: پارچەیەکی نەرم و تۆزێک توکدار.

مەولا: گەورە، پایەبەرز.

کەفەڵ: سمتی گۆشتدار و قەڵەو.

ئاغا: گەورە.

ئاستانە: بارەگا، مەنزڵگا.

مەنسووری: ناوی کابرایەک.

مەردانەگی: ئازایەتی، پیاوەتی.

وەنەک: گەڕەکێکی تارانە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی سەرەوەی شاری تارانەوە.

ڤیلا: خانوبەرەیەکی تاک و تەنهای گەورە و پان و پۆڕ.

دەربەست: تایبەت، خسوسی.

میخ کوت: بزمارڕێژ.

یابوو: ئەسپی ناڕەسەن، بارگیر.

دەسان: ئەسپ لە ماین چات کردن.

ملق: لێوان لێو، دەنگی ئاو.

سحرئامێزە: پڕ لە جادو.

قردیلە: ئەو تاڵە ڕەنگاوڕەنگاویانەیە وا بەزوڵفەوە دەپێچرێت.

ڕەفتە: پارچەیەکی ناسکە ئافرەت بەسەریدا دەدا.

بستەیی: سەوزێکی کەم ڕەنگ.

ئاچوخ: کراوە، بەربڵاو.

دامێن: ئەتەک، کراس.

ساتان: تیرەی ڕەنگاوڕەنگە بۆ چنینی گوڵ و کەل و پەل بەکار دەبرێت.

ڤۆدگالایم: جۆرێک خواردنەوەیە لە ڤۆدگا و ترش و سێڤن ئاپ پێک دێت.

ئستریۆ: دەنگ گەورە.

لم دان: پاڵدانەوە.

موروومارکە: ناونیشان، توغرا.

موزون: بەتەرازوو.
مۆد: کەل و پەلی ئەمڕیانە، جلی سەردەمانەی تازەبابەت.
تانگۆ: سەمایەکی ئارامی ڕۆژئاواییە.
سان لورانە: کارخانەیەکی "مۆد"ی سەردەمانەی کەل و پەل و ڕازاندنەوەی جلوبەرگی مرۆڤە.
قژبەند: ئەوەی پرچی پێدەبەسترێت.
گوپکەی باسەن: بەرجستەگی دوای ئافرەت.
بابەکەرەم: سەمایەکی میللی ئێرانییە.
شەبقە: کڵاوی ڕەشی ئەوروپایی.
تەعزیم: ڕێزلێگرتن.
یەرەق: بەرزە وڵاخ خۆبەخۆ ئالەتەکەی ڕەق دەکا.
فامیلیا: خێزانی.
دوست دارەم: خۆشم دەوی.
بەربادم: پەریشانم.
پارتیشن: ئەو شتەیە جیاوازییەکی کاتی دەخاتە نێوان دوو ژوورەوە سا لە تەختە بێت، شووشە یا مس.
سمکۆلان: بە دەورا گەڕان.. پەپوولە کردن.
سۆزانی: پەتیارە، قەحپە، جندە.
نەهەنگ: لە دەریا و زەویدا هیچ گیاندارێک بەزەبەلاحی نەهەنگ نییە ماسییەکی هێندە گەورەیە.
کلک زلەکان: ئەوانەی لە دام و دەستگای دەوڵەتدا دەستیان دەڕوا و زۆرتر هەر لە بیری پەرژەوەندی خۆدان.
سندریلا: کچی نازدار و جوانکیلەی پەپولە ڕەوشت وەک لە داستانێکدا بەو شێوە ناودەبرێت.
غەمزە: ناز و ئەدا، زۆرتر لە چاودا.
پەکەر: ماندوو، هیلاک.
سازشکاری: چاپلوس، شان تەکێن، خۆسازکەر.
دڕسفەت: توندخوو، دڵڕەق.

پەیوەستە: هەمیشە.
پوترسی گەورە: شایەکی بەدەسەڵاتی وڵاتی ڕووسیا بوو.
خەیمەگا: هەوارگە، دەواری زۆر.
سازگار ترە: بۆ ئاو دەوترێت، بۆ ئاو و هەوا دەوترێت، بۆ ئامێزی ئافرەتیش بەکاردەبرێت.
شەفابەخش: چاک کەرەوە.
مەشهەد: شارێکی ئاینییە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە مەزاری ئیمام ڕەزای تیا دایە ئیمامی هەشتەمی شیعەیان.
چەک، صەک: صەک ئەوەی بانکەکان دایان ناوە بۆ مامەڵە کردن و ڕەدوبەدەڵی پول و پارە.
سفتە قەواڵە: کومپیالە، نووسینی مۆرکراو.
نەورەسیدە: تازە بەدونیا هاتوو.. تازە پێگەیشتوو.
موبارەک چ ناوی خستەسەری؟: پیرۆزە چ ناوێکت لێناوە؟
ناو شرینیگە: ناوێکی خۆشە.
زرنگی: زیرەکی.
کەمەکی: نەختەکی، تۆزێک.
دەورووەر: دەوروبەر.
گاوارە: ناوچەیەکە لە نێو داڵەهودا هەوارگەی تیرەی گۆرانە.
شەکەت: ماندوو.
ستارخانی: ڕەزنی فیشەک چەپ و ڕاست لە خۆ بدرێت.
هیمان: یەشتا.
بورد: قیاس، ئەندازە.
گول: کابرایەکی کورتە باڵا، گولە سیخن.
چەتاڵ: دوپای لە دەمی تفەنگ دەدرا لە زەوی گیردەکرێت بۆ نیشان گرتن.
قەڵوەز: لاتاشێک نمدار بێت زۆرتر لە چیا و لاپاڵی نزمدایە.
بگرەی: بیگرە.
توام: دەمەوێ.
بڕەسنم: بیگەیەنم.

تاتەبەرد: بەردی ساف.
گاریە: چیایەکە کەوتوەتە باکووری داڵەهو و ڕۆژهەڵاتی چیای بەمووەوە.
کەتن: پەن.
مەخەڵافێنە: مەم خەڵەتێنە.
شمر: ئەو کەسەی سەری حەزرەتی حوسەینی بڕی.
جەدت: باپیرەت.
جفتیەک: جوتەیەک، بەرزەولاخ دەیوەشێنێت
چەو: چاو.
دیریت: هەتە.
چون: وەک.
ئەڵمان: ئەلمانیا.
قەسر: شارێکە بەسەر سنووری عێراق و ئێرانەوەیە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی شاری خانەقینەوە.
خەیتەی: هەڵی دەخا.
ئەرا: بۆ.
کرماشان: شاری کرماشان شارێکی کوردنشینە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدایە.
چو: وەک.
پیاڵەی چینی: پیاڵەی چین بازنەکەی هیچ لاری و خوارییەکی تیادا نییە، بەئەندازەیە.
کرماشان دوینی: شاری کرماشان دەبینی.
دەرنیەتت: دەر نایە.
فەقەت ڕەحمان: تەنها ڕەحمان.
چتە؟: چیتە؟
ئاوایی: دێ.
ئا کاورا: ئا.. کابرا
وەل خۆیا: لەگەڵ خۆیدا.
بارت: بیهێنێت.
قەرارمەدار: قەوڵ و پەیمان.

با دیرم: ئا هەمە.
حەتم دیرم: دڵنیام.
ورسیمە: برسیمە.
بنیشین: دانیشین.
تامولْکە: سەورکە.
یە تیکە: یەک پارچە.
ئەشکەفت: ئەشکەوت.
ئەشکەوتی مەرەخێڵ: ئەشکەوتێکە نزیک ڕووباری سیروانە.
ناوی شەو: نهێنی شەو.
بیسیە: بوەسنە.
فەرەنجی: ڕووکەشێکی ئەستوورە لە خوری دروست دەکرێت شوان و وەرزێر لەبەری دەکەن.
بارم: بیهێنم.
ئاورزەنگی: ئەو جێگەیە سوار پای تێدەخا زۆرتر لە ئاسن دروست دەکرێت.
پاسگا: جێگەی ژاندارم یا پۆلیس.
کەفتیەسە: کەوتوەتە.
هەڵەت: دژوار، شاخاوی.
ڕەفیقەیلت: هاوڕیەکانت.
ئەشنەفم: ئەی بیسم.
ناسن: دەیناسن.
ڕەست: ئەگا.
باوەنوا: وەرە پێشەوە.
کەورگ: لە ئەشکەوت بچووکتر.
بیشەرام: پێم بڵێ.
ئەی پرسشە: ئەم پرسیارە.
هاوە لای: بە لای.
مەکۆ: جێگەی خۆشاردنەوە، خۆ قایم کردن.
کیشت: درێژا.

خاتە خەتەرەو: دەیخاتە مەترسییەوە.
دڵواپەس: نیگران.
فرە گەنی: زۆر خراو، ناحەز.
هەمانە: ئەو پێسەیە وا ئاسنگەر بەپوەکەی ئاگری پێ دەگەشێنێتەوە.
سکی ئاوسیایە: ورگی هەڵئاوساوە.
بایەت بیشی: دەبێ بیڵێی.
لەلی کەمەو: لێی دەکەمەوە.
پاتاق: دەربەندێکە لە باکووری سەرپێڵی زەهاوەیە.
شکارگا: جێگەی ڕاوکردن.
قورق: جێگەیەکە قەدەغەکرێت.
وەیراوە: لێرەوە.
خاسە توو بچو: چاکە تۆ بڕۆ.
مەیل شکارکەن: حەز لە ڕاو دەکەن.
ڕکە سنگی: ڕیزە بەرد.
وسیاینە: وەستاون.
خەینەوە: دەیخەنە.
ژیر نەزەر: ژێر چاودێری.
زانیمن: دەزانین.
حساوی: چاک، باش.
دەخلیان دەربارن: ڕیشەیان وەدەر بهێنن.
ئەرا مەبادا: بۆ ئیحتیات.
تەرەف خۆرئاوا: دەمەو خۆرئاوا.
وەتەنگ هانیمان: بەتەنگ هێنان، بەدژواری کەوتن.
تاش: بەردی دابڕاو.
هەڵەت: زەوی ناهەموار.
ورسیەتی: برسیەتی.
چە وەپی کەم؟: چی پێبکەم؟
نەکاتەی: نەیکات.

زنوقم چوو: زاتم چوو، پردم پسیا.
دەرقەدنیم: بێ دەربەستم.
گەز: ئەندازەیەکە لە مەترێک کەمترە.
گرفتار بیە: توشی دەردەسەر هاتووە.
تەکەڵ تەکەڵ: لەسەر یەکە.
زەخمی: بریندار.
نیرەسی: پیا ناگەی.
پیسەی کەنم: پێستی دەکەنم، کەوڵی دەردێنم.
بیلەمان: لیمان گەڕێ.
تیەتەو: دێتەوە.
جای خاسیە: جێگەی چاکە.
بانە کومەکم: وەرنە یارمەتیمەوە.
تەک دەینە خوارەو: بەرەو خوار دەڕۆین.
خوراک خرس: خواردەمەنی ورچ.
بیەخەیاڵ: بێدەرەست.
داڵە لاشخۆر: کەپەنەکە داڵ.. داڵی تۆپیو خۆر.
داڵەش قیران: ئەو دالانەی بەئاسمانەوە بازنە ئاسا دەسووڕێنەوە.
دوعاگو: ستایشگەر، دوعاکەر.
نیەخۆیت: ناخۆی.
مەملەکەت: وڵات.
حەمکە: زۆر، هەموو.
بانەڕۆژ: باشەڕۆژ.
جوعمەس: جومعەیە، هەینییە.
وەخەیاڵ ڕاحەت: بە شینەیی.
دیتەو: دێتەوە.
جحانم: جهەنم، دۆزەخ.
بیشتر: زۆرتر.
خەروت: کەرییەت، گەوجییەت.

باتەرامان: بێ بۆمان، پەلامارمان بدا.
کومەکی: یارمەتی.
یانی توام بیشم: یانی دەمەوێ بیڵێم.
وەگەرد: لەگەڵ.
سەورکەین: سەبرکەین، تامولْ کەین.
تیکە: پارچە.
وەهار: بەهار.
دەوام نەیرت: درێژا ناکێشێت.
شەرت وەسم: مەرج دەکەم.
خاسە کردم: چاکەم کرد.
تورەکەی ئالک: ئەو تورەکەیەی ئالکی بەرزەولاخی تێدەکەن.
ڕەشمو: لە گوریس باریکتر و لە بەن ئەستوورتر.
چمانە هیسرە: دەڵێی هێسرە، وەک قاتر وایە.
قەڵەم بڕ: چەقۆی بچووک.
دوورئەنداز: دووربین.
درنی دەدا: بلاوەی پێ دەکرد.
شەرت وەجای خۆیە: مەرج هەر وەک خۆی وایە.
مەلاس: خۆشاردنەوە بۆ پەلامار.
مانوو نەوی: ماندوو نەبیت.
نەوارت: نەبارێت.
خودخۆی: هەر خۆی خۆی بوو.
بارمیانە دەم دەستان: بیخەمە بەردەستتان.
موازبم بان: هوشیارم بن، ئاگادارم بن، چاوتان پێمەوە بێت.
کەلوپەل: جلوبەرگ.
وەت بیشە: وتی بڵێ.
یەک گوریس: بە ئەندازی درێژی گوریسێک.
ئەسپ بورە: ئەسپی بۆرە، خۆڵەکەویی.
توای چە بکەی؟: دەتەوێ چی بکەی؟

دوای چمە: لە پاشان دەڕۆمە.

فرە وەتنگم هاوردن: خراو بەگیریان هێناوم.

خۆم ڕەسنم: خۆ دەگەیەنمە.

باران مەوارن: باران مەبارێنە.

مەردوم بێچارە: خەڵکی هەژار.

چمک کراس: چمکی دامێن.

خەساری کەم: بیدۆڕێنم.

بازندەم: دۆڕاوم.

سوزنت: دەیسوتێنێت.

ماسیاو: خوێن وشکەوە بێت.

نەشنەفتی: نەت بیستووە؟

مەچیر: تیرە، دەزو.

وا باسی بی: وا بڵاو بویەوە.

بکەفنە ناو مەردوم: بکەونە ناو خەڵکی.

جەم کردن: کۆمەڵکردن، کۆکردنەوە.

خەوەرچین: هەواڵهێنەر، خەفیە، جاسوس.

گوزارش: ڕاپۆرت.

تەلەکەکردن: بوخت پیاکردن، تۆمەتی درۆ بۆ شت وەدەست هێنان.

مەردوم دوشین: پارەوپوول بەزۆر لە خەڵک سەندن.

پول و پەلا: پارەومارە، شت و مەک.

هامرا: هاوڕێ.

یە گام نەزرت: گایەکم مەولو بێت.

بەدقەوارە: ناحەز، ناشرین، پەرپووت.

وەچەوە: بە چیەوە.

وە ورسیا مرین: لە برسا دەمرین.

ئەو دەست: ئەوبەر، ئەولا.

سیاچالە: ژێر زەوی، زیندان.

شایەت: ڕەنگە.

فەقەت یە شەنگ: تەنها فیشەکێک.

زات نەکردم: ناوێرم، نەموێرا.

قەی نەیرت: قەیناکە.

چم: دەڕۆم.

هوکارە: فێرە.

تاش بەتاش: هەرد بەهەرد.

تفاق: داپێویستییەکان.

دانەکا: نەبارێت.

چیلکە: کۆکردنەوەی چوکڵ و دار و درەختی وشکەوە بوو.

کەواو: کەباب.

چتێ: شتێک.

وەراز: بەراز.

ئەگەر یە گلە: ئەگەر یەک دانە.

دەست وەرداری نیەوی: وازی لێ نەهێنێت.

پەڵخ: بەچکە بەراز "لە بەچکە گەورەتر و لە بەراز بچووکتر".

گڕدام: سوڕدام.

وەران: بەران.

بەو مەرد خاسی وە: وەرە پیاوی چاک بە.

دەس وەردار: لێگەڕێ.

وە مەزاجت: وە تەوحت، بەتەبیعەت.

نەسازیەت: نەگونجێت.

یە ئادەم کوشیت: یەک کەس دەکوژرێت.

یە لوقمە: یەک تیکە.

ئیوە سنی گەل: ئێوەی سونی مەزهەب.

بگوزەرێنە: تێیپەڕێنە.

نمەک: خوێ.

کەم دیرین: کەممان هەیە.

وەئاخر کار: سەرئەنجام.

عەرەق خۆر حساوی: عەرەق خۆری هەمیشەگی.
سەی براکە: یەکێکە لە بەیامبەرانی ئەهلی حەقە.
وەبان دەمت بچت؟: ئەگەر بیخەیتە سەر زارت.
سنجوق: داری نووک تیژ.
فرە با مەزەس: زۆر بەتامە.
یە گاز: قەپێک.
وە دەرەک: بەجەهەنم.
دەعوا و مەرافە: شەڕوشۆڕ.
یە لاک: لەشێک.
شایەت: بەڵکوو.
شوکور گوزار: سوپاسگوزار.
تەخت: کورسی نووستن.
بگرە بخەفە: لێگەڕێ بنووە.
پلایە: هەل پلایە.
قتماغە: توێژگرتن.
بایەت: دەبێت.
بفەرما: فەرموو.
مەگەر خالق: مەگەر پەروەردگار.
کاریان سازین: لەناویان دەبەن.
ڕەسنینە: دەگەیەنینە.
کامتان توان: کێتان دەتانەوێ.
موازب ولاخیەل وە: ئاگات لە ئەسپەکان بێت.
تا ئێرە: تا وەکو ئەیرا.
بدەرەی پیم: بمدەیە.
ڕەزای شیرینی: ئێسک سووک.
برەسە دەم تفەنگم: بگەیە تیررەسم، بگەیە بوردی تفەنگم.
پا بخە: زووکە.
جەعبەیەک: جبەی فیشەک.

بوردی تفەنگ: تا ئەویە گوللەی پیا ڕابگات بڕی گولله.

کەلهوڕ: تیرەیەکی کوردن لە ئوستانی کرماشاندان شائەبادی ڕۆژئاوا کوردوستانی ڕۆژهەڵات.

شائەباد: قەزایەکە لە ئوستانی کرماشان.

دا لە لێم: لێی داوم، پێکامی.

نەسازم: نەسازیەم.

وزاق دان: ڕاپەڕین، هەڵمەت بردن.

گیان دیرن: گیان تیایەت.

قەزات لە لێم کەفیت: قەزات لێم کەوێ.

فەتارەت: تیاچوون.

شەقە لە لیم دا: پێوەدان.

بچتەو: بڕواتەوە.

ڕەسنتە: دەیگەیەنێتە.

وەلی وەئاخر ئاخرە: بەڵام لەم دوا دواییەدا.

وەلە تو: پێش تۆ.

جان ئافەرین: گیانی دا.

وەدەسمان چوی: لە دەسمان دەرچوو.

فرە ئاغا بی: کوڕی چاک بوو.

سەفا: خۆشی.

دەرد دیرم: ژانم هەیە.

قەی نەیرت: قەیناکە.

دەس وەکار بین: دەستی پێبکەین.

بڕەست: بگات.

جەنازە: مەیت، مردوو.

یارو: کابرا.

مناڵ هەمەدانە: خەڵکی هەمەدانە.

هەوەس: حەز.

خزمەتگوزاری: خۆش خزمەت.

مەنشور: بەناوبانگ، ناودار.

چاو مار دەرئەهاورد: چاوی ماری دەردەهێنا.

فرە وەدیقەت: زۆر بەوردەکارییەوە.

باریە خوارەوە: بیهێنە خوارەوە.

گازەرەی پشت: بڕبڕاکەی پشت.

جاخ سەلامەتی؟: فرە سەرحاڵی؟

ستارە: ئەستێرە.

بچو: بڕۆ.

ئەگەر نەجومیم: ئەگەر نەجووڵێین.

گەفەل پوشەکەی: ئەو پارچەیەی دەدەن بەسەر سمتی ئەسپ دا.

شەتەک: جەڕدان.

فرە بوەخشیت: زۆر بمبوورە.

پابخەین: زووکەین، پەلەکەین.

جاویدان: هەتاهەتا.

ئەگریچە: زوڵف، قژ، پرچ.

ئەداوئەتوار: رەفتار و خوو.

پەڕۆی بێنوێژی: ئەو پەڕۆیە وا ئافرەت لە کاتی خوێنڕێژی مانگانەدا بەکاری دەبا.

يارو: کابرا.

نەوار: شریت.

شایستە: دڵخوا، پەسەند.

چەرچەف: متیل.

سەخت: دژوار.

چەن مەردە؟: چەندت لە توانادایە.. چەندت لە دەست دێ؟

حەلاجی: جوانی و سەلاری.

خان و مانی، ژنایەتی: کێشی ئافرەت، هەستی مێیینە بوون.

حەرامزادە: زۆڵ.

کەمەن کێش: عاشق بوون.

سەرسووبردە: خۆبەخت کردن، فەرمان بەرداری بێ لە یەک و دووکردن.

تازەکار: تازە دەست پێکردوو، وەچ.

گرفتاری: تووشبوون، وەگیرهاتن.

حەدی چییە: ناماقووڵ دەکا.

دیوەسپی: ئەو دێوەیە وا ڕوستەمی زاڵ کوشتی و کەلەسەرەکەشی کردە کڵاوی سەری "شاهنامەی فیردوسی".

پارتی: ئاهەنگی تایبەتی و دۆستانەی شەوان.

پاپوچ: سوول، ئەو کەوشەی دەکرێتە دەم پێوە.

کەین و بەین: ڕووداوی نێوان.

دەلە: سەرسەری.

ئەفسوون: سحر، جادوو.

گریشمە: ناز، ئەدای ژنانە.

دەچەسپیەت: گیرا.

"A.S.P": کۆمپانیای بیناسازییە زۆرتر ئەپارتمان دەسازیەنن بەشێوەی باڵاخانە.

غەمزەدە: غەمگین.

بنچەک: ڕەگەز، ئەسل.

تاروپود: دەمارە مووی ناخ و دەروون.

شلکە: نەرمە.

غەم سەرا: هەوارگەی غەم.

ڕمزون: گیانلەبەرێکی نا ئاسایی.

بنەوبارگەم: کۆچ و بار

گای ماروو: ئەو گایە وا ناوچەوانی سپییە

گوزەری: تێدەپەڕێت.

موتاعە: فەرمانت بەجێیە.

سەرفەرازانە: سەربوڵندانە.

شارسانە: خەڵکی شار.

شام: خواردنی شەو.

سەوداگەران: مامەڵەکەران.

تاتیلی: تەعتیلی، ئەو ڕۆژەی دەست لەکار دەکێرێت.

تێتەنوارم: سەیرت دەکەم.

تەهەنگ: حووت.

بۆڕدان: زاڵبوون بەسەردا.

مەحموودی غەزنەوی: گەورەترین و بەدەسەڵاترین شای زنجیرەی غەزنەوی.. فیردەوسی لە سەردەمی ئەودا دەژیا، شانامەی نووسی و پێشکەشی ئەوی کرد. پەی بەگرنگی شانامە نەبرد و ڕێزی لێ نەگرت، لە دواییدا خەڵاتی بۆ نارد، کاتێک خەڵاتی شا لە دەروازەی شار هاتە ژوورەوە لە دەروازەکەی تر تەرمی "فیردەوسی"یان دەبردە دەرەوە.

مەرزیە: گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی ئێرانییە.

بوی جوی مولیان ئایەت هنوز: یەکێک لە شاکانی ئێران سوپا و سان پێک دێنێت و هێرش دەباتە سەر وڵاتێک شارێک دەورە دەدا و ئابڵۆقەدانی شار دووسێ ساڵێک درێژا دەکێشێت، کەس ناوێرێت هیچ بەشا بڵێت دەچنە لای ڕوودەکی شاعیر و هونەرمەند و گۆرانیبێژ و تارژەن "ڕوودەکی نابینا بووە" ئەو شیعرە جوانە بەگۆرانییەوە بۆ شا دەڵێت و شا لە هەمان مەجلیسدا هەڵدەستێو دەگەڕێتەوە بۆ وڵات و بەسوپا دەڵێت ئێوە بەدواما وەرنەوە.

میهراباد: فڕۆکەخانەی شاری تاران.

عەلی هاوڕات بیەت: حەزرەتی عەلی دەستە بەباڵتەوە بێت.

پەی و بنەڕتی: تەمەڵ.

ڕۆمێوو جولێت: دوودڵداری بەناوبانگی نێو داستانەکانن.

تراژیدی: غەم سەرا، ڕووداوی غەمگین.

کۆمەڵگای مەخمەلی: کۆمەڵی بێغەم و پەیڕەوی ڕابواردن و بەزم و ڕەزم.

بەرتیل: ڕشوەت.

نیشانی همایون: نیشانێک بوو دەربار دەیدا بەوانەی لێیان ڕازی بوو.

جلوبەرگی شەو: جۆرە جلێکی ڕەشە پیاوان لە شەونشینی شەواندا لەبەری دەکەن، ژنانیش جلوبەرگی جۆراوجۆری شەوانیان زۆرە.

شەهیاد: بینایەیەکی میعمارییە لە ڕێگەی میهرابادایە.

فراک: چاکەت و پانتۆڵێکی تایبەتە پیاوان بەبۆنە تایبەتییەکانەوە لەبەری دەکەن.
جلی پڵاوخۆری: ئەو جلوبەرگەیە هەڵدەگیرێ بۆ بۆنەکان ئەو حەلە لەبەر دەکرێت.
هەرزە سفت: سەرسەری، شەللاتی، سووک ڕفتار .
هێستری جامباز: ئەوانەی بەرزە وڵاخ دەفرۆشن، هێسترێک لە ماوەیەکی کەمدا چەندین جار دەست بەدەست دەکرێت.
پەلەنگ سورەتی: پڵنگی پەمەیی کۆگایەکی جلوبەرگ فرۆش بەناوبانگی شەستەکانی ناوتاران بوو هی کابرایەک بوو بەناوی "بیژەن" بەئەندازەیەک لە کاروباریدا لە وڵاتی ئەمەریکادا سەرکەوتووە کارخانەی بۆنی تایبەت بەناوی "بیژەن"ەوە دەردەهێنن هەروەها جلوبەرگ و پێداویستییەکان ئەویش بەنرخێکی یەکجار گرانە.
سینەما پولیدور: سینەمایەک بوو یەسەر گۆڕەپانی وەلیعەهدا.
مەرافە: شەڕ، دەعوا.
مەست و مەدهۆش: بەتەواوی سەرخۆش.
جندەبازی: قەحپەبازی.
فتح عەلی شای قاجار: دووهەمین شایدەورەی قاجارییە حەوت سەد ئافرەت کەنیزی هەبووە.
هاوقەتار: هاوزەوار.
پەتیارە: جندە، سۆزانی.
بوتیک: ئەو جێگەیە جلی تایبەتی تیا دەفرۆشن.
بلواری ئەلیزابیت: شەقامێکی ڕازاوەی شاری تارانە بەناوی شاژنی ئینگلستانەوە نێونراوە.
مەودا: مەسافە، فرسەت.
هەرزەوهەوەسی: ڕەفتاری ناپەسەند، کرداری ناشرین.
زاورە تاڵ: لە ئاژیل سەربڕیندا توڕدانی زاوەرەتال یەکێکە لە یەکەمین کارەکان.
خەلوەت: تەنها بوون لەگەڵ خۆدا.
خۆی خپ کرد: خۆی شاردەوە، خۆی مات گرت.
چاوقلیچکەی دەکرد: چاوی هەڵ دەتەکاند.
پرۆفیسۆر عەدل: یەکێک بووە لە دوکتۆرە بانگەکان داشی یاری قوماری شا بوو.

ئانورماڵ: نائاسایی.
وڵاتی گوڵ و بلبل: ناوی ئەدەبیی ئێرانە هەوارگەی حافز و سەعدی.
سەناتور: ڕیش چەرمووی دەوڵەت.
حیزبی مەردوم: حزبێک بوو لە سەردەمی شادا بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر عەدل.
عەلەم: یەکێک بوو لە چاوساقانی شا چەندین ساڵ وەزیری دەربار بوو.
کەتی: کچی پرۆفیسۆر عەدل.
ئومول: ئەو کەسەی نەزانێت چۆن جل لەبەر دەکا و چۆن دەجوڵێتەوە.
عەلی ڕەزا: تەنها برای شا بوو لە دایک و لە باوکییەوە لە ڕووداوی فڕۆکەدا کوژرا دەڵێن خودی شا کوشتوویەتی.
ڕایەل: ئاماژەکردن.
بەهمەن حوجەت: حوجەت کاشانی سەرپەرشتی دەستگای وەرزشی ئێران بوو تۆزەکێک "دزیش" بوو بەهەمەنی کوڕی پەیڕەوی بیروڕای ئیسلامی بوو دەستی دا بەچەک و کوژرا.
خوڕەم دەرە: دێیەکە بەلای شاری ئەبهەرەوە.
چیای مەغوول ئاباد: چیایەکە کەوتووەتە باشووری خورەم دەڕەوە، چیایەکی بەردەلانی ساردی ڕوتڵە.
سەلیبەوار: وەک خاچ.
شسوار: ئەو دەستگایەیە وا سەری پێ وشک دەکەنەوە.
ڤیرنیە: قۆنەرەی بریقەدار.
پلیسریک: باڵندەیەکی ڕەشی بچکۆلانەی کلک دوو فلیقانەیە لە لادێدا لە ماڵەکاندا هێلانە دەکا.
ئەفسوردەگی: غەمزەدەگی کپی.
جەفەنگ: گاڵتە.
"LEE": پارچە پانتۆڵە زۆرتر ئەمەریکایی بەکاری دەبا.
پێستی مینگ: کەوڵێکی تووکدارە ژنان دەیکەنە پاڵتاو.
مەحشەرێک: هەرا و بەزمی گەورە.
سەلتەنەت ئاباد: گەڕەکێکی کۆنی نێو شاری تارانە.
تیدلابیدوس: کارخانەیەکی بەناوبانگی کەل و پەل دروست کردنە.

وەلەدزنا: زۆڵ، حەرامزادە.

داهوڵ: شەخسە پەڕۆیینە.

فرز: چالاک.

شەوبێداری: شەوزندەداری، شەونخوونی.

خۆشگوزەرانی: ڕابواردن.

کەنەسمە: پەلەوەرێکی ڕەنگاوڕەنگە.

میش: قژ سپیکردن.

ئیسفەنج: مادەیەکی نەرمۆڵە.

سێبەنگە: ئەو گریەی دوولاق و بڕبڕاگەی پشتی پێکەوەن.

غەبغەبە: گۆشتی شۆڕەوەبووی ژێر چناکە.

شایستە: پەسەند.

ئارشتیەکت: ئەندازیاری میعماری.

غم با من زادە شـــدە: من هاولفی غــەمم.. پێکەوە لە دایک بووین، بەیەک سک، دوانەین.

ئەلواتی: ڕابواردن.

بەزمی ئێرانی: دانیشتن لەسەر زەوی لەگەڵ مۆسیقای کلاسیکی ئێراندا، زۆتر شەوان ئەنجام دەدرێت.

قریوەیە: بەزمە.. دەنگەدەنگی هاواری هەڵپەڕکێ.

کـەمـال الملک: ئوسـتـاد و نـەقـاشـی بەناوبانگی ئێـرانی مـیناتـۆرسـاز، خـاوەن قوتابخانەی تایبەت بەخۆ.

بەهزاد: بەهزادی یەکەم و بەهزادی دووهەم هەردووکیان لە شێوەکاریدا زۆرتر میناتۆر کاربوون.

تاقچە: تاقی بچووک.

مستی هم درد: ئیتر وا سەرخۆشیش بەفریاما ناکەوێ.

من و دوا نمیکنە: من و غەم دوانەین پێکەوە لە دایک بووین.

گۆزە: کوپە.

بەزمی دەرویشی: بەشێکە لە بەزمی ئێرانی.

زەرەدەشت: پەیمبەری ئارییاییەکانە.

مانی: پەیامبەرێک بوو دوای زەردەشت هاتە مەیدانەوە.

مەزدەک: پەیامبەرێکی شۆڕشگێڕ بوو دوای مانی دەستی بەجوولانەوە کرد و بیروڕایەکی سۆسیۆلیزمی هەبوو.

عیرفانی: بەزمێکی ئاسمانیی خودایيە.

لیوان: گلاس، پەرداغ.

ئاخوند: مەلای شیعە.

بازوو: قۆڵ، باهو.